# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ســاڵی سێیــەم (١٣٧٩)- (٤)ی ئەیلــوولی ٢٠٢٣

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە

# لە هەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی بوونی هەبێت چارەنووسی ئەو وڵاتە کاولبوونە

"لە سەرکردەی باڵای یەکگرتوی ئیسلامیم بیستووە کە مەسەلەی نەتەوایەتی و دیموکراسی بۆ بەڕێکردنی کاتە

"حزبە ئیسلامییەکان بە ئاستێک جنێوفرۆشن، هەزاران جنێوی ناشیرینت بۆ دەنووسن، بە ئاشکراش تەکفیرت دەکەن

"کۆمەڵێک کەسایەتی بوون بە قوربانی ئەو تیرۆرە فیکرییەی لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە دەبرێت






# پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ڕایان کرۆکەر

## ٨٠

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ڕایان کرۆکەر[١] پێداگری و داکۆکییەکی زۆری کرد بۆ ئەوەی سەردانی واشینگتۆن بکەم و لە کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقدا بەشداری بکەم. منیش لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند: «سەیر و دیراسەی دەکەم».

لە واشینگتۆن پێداگرییەکی زۆر هەبوو بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوە شەشقۆڵییەکەی (پارتی، یەکێتی، ئەنجومەن، ویفاق، ئەحمەد چەلەبی و شەریف عەلی) لە واشینگتۆن بکەم. هەروەها ولف ویتز و زاڵمای خەلیلزادیش[٢] لە پەیوەندیی تەلەفۆنییەکانیاندا داوایان کرد کە بەشداری بکەم. منیش لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاندن کە «ئەگەر ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە هەڵم بگرن باشە، ئەگینا ئاستەمە بۆ من بەو هەموو وێستگانەدا بێم کە لە پێشەوەن».

ڕێگەی چوون بۆ ئەمەریکا بریتی بوو لەوەی کە فڕۆکەیەکی تایبەت بنێرنە قامشلوو، بەڵام سووریا ڕازی نەبوو، دواتر لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کرا کە هۆشیار بە نوێنەرایەتیمان بەشدار بێت. دیار بوو مام جەلالیش ڕازی ببوو و، بە هەلیکۆپتەرێکی تورکیا گواسترایەوە دیاربەکر و لە ڕێگەی تورکیاوە ڕۆیشت. ئەو کات تورکیا لە ڕقی ئێمە هەوڵیان دا بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە مام جەلال بدەن.

---

(١) سیاسەتمەداری کۆماریخوازی ئەمەریکی کە لە ٢٠٠١ هەتا ٢٠٠٣ یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاشان بووە نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان و لە ٢٠٠٧یش بوو بەباڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق لە جێی زاڵمای خالیلزاد.

(٢) سیاسەتمەداری ئەمەریکی بەڕەچەلک ئەفغانی، لە ئەفغانستان و بوئێن و عێراق ئەرکی باڵیۆزی ئەمەریکای لەسەر شان بووە، هەروەها لە کاتی ڕووخانی ڕژێم نوێنەری ئەمەریکا بوو بۆ کاروباری ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی.





((پێگەی حاڵبوون (التدبُر) لە قورئانی پیرۆزدا- التدبُر ومكانته فی القرآن الكريم)) كتێبێكی تازە چاپكراوە لە نووسینی (د.سیروان ئەحمەد قادر)، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە بە بەرگی قەبارە گەورە و بە (٢٦٤) لاپەڕە چاپی كردووە. ئەم كتێبە ئاماژە بەوە دەكات كە تێگەیشتن و وردبوونەوە و لێكدانەوەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز ڕێخۆشكەرە بۆ بەدەستهێنانی ژیانێكی پڕ لە كامەرانی و ئاسوودەیی لە دنیا و قیامەت، چونكە بەو شرۆڤە و تێڕامانەی قورئانی پیرۆز نەخشە ڕێگەی ژیانی دونیامانی پێ بەڕێوە دەبەین، لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەكسانی لە هەموو كایەكانی ژیاندا، لە بەرانبەر دووركەوتنەوە لە تێگەیشتن و بەرجەستە كردنی قورئانی پیرۆزدا دەرئەنجامی خراپی لێ دەكەوێتەوە.

نووسەر لەم كتێبەدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە حاڵیبوون و تێگەیشتن و تێڕامان و پەیڕەویكردنی قورئانی پیرۆز بۆ شوێنكەوتووانی شەریعەتی ئیسلام، دەبێت لە ڕیزبەند و پلەی یەكەمی كاروبار و بەرنامەی ژیانیان بێت بۆ ئەوەی نەكەونە هەڵەی كوشندەوە. لەو سۆنگەیەوە، نووسەر هەوڵی داوە خوێنەر بە چۆنێتیی حاڵیبوون و تێگەیشتن و تێڕامان لە قورئانی پیرۆز ئاشنا بكات، هەروەها تیشك بخاتە سەر ئەو بابەتانەی خوای گەورە بۆی وێنا كردووین لەو كتێبە پیرۆزەدا، لەمەڕ گەیشتن بەو ئامانجە دیاریكراوەی كە لە پێناویدا ناردوویەتییە خوارەوە كە بریتییە لە پەیڕەو كردنی ئایەتەكانی لە ژیانی دونیاماندا لە پێناو بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگار و بەهرەمەندبوون لە شەفاعەتی قورئان و تكای پێغەمبەری سەروەر محەمەد(د.خ).


دانەیەك لەم كتێبەی دكتۆر سیروان ئەحمەد قادر ئەمین گەیشتە گۆڤاری گوڵان، وێڕای دەستخۆشی لە نووسەر هیواداریین بەرهەمی زیاتری بە دوادا بێت و هەر سەركەوتوو بێت.

عەبدولڕەحمان سدیق



## کاریگەرییە مەترسیدارەکانی زۆربوونی دانیشتوان لەسەر دەرامەتە ژینگەیی و سرووشتییەکان

پ. د.کامەران ساڵحی



## پاڵنەرەکانی توندوتیژیی سیاسی و کردەوە تیرۆریستییەکان



## لاوان لە نێوان خەمساردی و خۆپێگەیاندندا




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

دییە تەحسین :

**دەبێ قوربانی بدەین بۆ ئەو شتانەی کە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین**





شۆخ نەسرین فەتاح:

**ڕۆژێک منداڵەکەم بۆ پەشمەک گریا، پارەم پێ نەبوو، بۆی بکڕم، بۆیە بڕیارم دا کار بکەم**

**پایسکلی ژیر**



**بەرکەوتن بە تیشکی خۆر هاندەرە بۆ ئەکزیما**





ئاشنا عومەر :

**کاتێک موزیکم هەڵبژارد تووشی کێشە و گرفتی زۆر بوومەوە**



هەشتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە



ڕۆژی ١٣ی ئابی ٢٠٢٣ لیژنەی بازنەی گفتوگۆ هەشتەمین کۆنگرەی خۆی ئەنجامدا، وەك ئامادەکارییەك بۆ بەڕێوەبردنی هەشتەمین گفتوگۆ لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بازنەی گفتوگۆدا.

لەو کۆبوونەوەیە کە بەڕێزان «عەبدولڕەزاق عەلی، شڤان حەمدی، د.نەزاکەت حسێن، فەرهاد محەمەد» وەك ئەندامانی لیژنە ئامادەبوون، چەندین پرس و ئاریشەی کۆمەڵگە تایبەت بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و پرس و ئاریشە نیشتمانی و نەتەوەییەکان خرانە بەرباس، دوای گفتوگۆ و تاوتوێکردنێکی زۆری پرسەکان، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ گەیشتە ئەو ئاکامەی ئەڵقەی هەشتەمی بازنەی گفتوگۆ تایبەت بکرێت بە پرسی « ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور وناسنامە» ، ئەم هۆکارانە وایکرد کە لەسەر ئەم پرسە بڕیار بدەین:

١. ئایا لەڕووی هزری ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، چەمكێك هەیە بە ناوی چەمكی « ئیسلامی سیاسی» یان ئیسلام یەك ئیسلامە و ناكرێت دابەش بكرێت؟

٢. ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین کە بە دایکی هەموو بزاڤ و حزبە ئیسلامیەکانی « سوننە و شیعە» ش دادەنرێت، لە پێناوی چ ئامانجێك دامەزرا؟ بۆچی ئەم هزرە عەرەبییە هاوردە دەكرێت بۆ وڵاتانی دیكە لەوانە كوردستانیش؟

٣. پرۆسەی بە کافر ناساندنی کۆمەڵگە سەرتاپا، ئایا ئەمە هەڵقوڵاوی فیکری کام مورشیدی ئیخوان موسلمینە؟ حزبە ئیسلامییە سیاسییە کوردستانییەکان لەچ ڕوانگەیەکەوە دەیانەوێت دووبارە ئیسلام بە کۆمەڵگەی کوردی بناسنەوە؟ ئایا هەڵمەتی بانگخوازی حزبە ئیسلامییەکان بۆ ئەم ئامانجە نییە؟

٤. حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، بۆ هەوڵدەدەن نەتەوە و ئایین، نیشتمان و ئایین لە یەکتری جیابکەنەوە؟ بۆ دەیانەوێت پیرۆزییەکانی نەتەوە و خاك بێ بەها بکەن؟

٥. ئایا لەو مەدرەسە ئایینیانەی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان سەرپەرشتیان دەکەن، بەچ پرۆگرامێك گەنجەکانمان پەروەردە دەکەن؟ ئەو کتێبانەی لەو مەدرەسانە دەخوێندرێن نابنە هۆکاری بڵاوکردنەوەی هزری توندڕۆیی و داعشی لە کوردستاندا؟

٦. بۆچی ڕۆشنبیرێك یان ئەکادیمستێك یان تەنانەت زانایەکی ئایینی ئیسلامیش، ئەگەرشتێك بنووسێت یان لێدوانێك بدات و بە دڵی حزبە ئیسلامییەکان نەبێت، لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە جنێودان وەڵام دەدرێتەوە و تەکفیری دەکەن؟ ئایا جنێودان و تەکفیر لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامیدا جێگەی دەبێتەوە؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش، کۆبوونەوە بڕیاریدا لە ڕۆژی ٢٨ی ئابی ٢٠٢٣ گفتوگۆی جدی و ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکرێت وژمارەیەك زانا و سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستی هەموو بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان بانگهێشت بکەین و پێکەوە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە بگەڕێین، ئەم بەڕێزانە لە ئەڵقەی هەشتەمی بازنەی گفتوگۆ بەشدار بوون:

١. د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢. د.بەشیر حەداد سیاسەتمەدار و پسپۆر لە شەریعەت و هزری ئیسلامی.
٣. د.فاروق ڕەفیق مامۆستای زانکۆ و پسپۆر لە فەلسەفە.
٤. ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی و پسپۆر لە هزری ئیسلامی سیاسی
٥. د.نازناز محەمەد قادر پسپۆرو تایبەتمەند لە مێژوو و مێژووی نەتەوەییمان.
٦. د.سۆران سێوکانی مامۆستای زانکۆ پسپۆر لە هزری ئیسلامی سیاسی.
٧. د.عەرەفات کەرەم پسپۆر لە بەراوردکاری ئایینەکان و هزری ئیسلامی سیاسی.
٨. د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و پسپۆر لە هزری ئیسلامی سیاسی.
٩٠ عەبدولڕەزاق عەلی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٠. شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١١- د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٢- فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.



ڕاپۆرتی مەیدانی. بازنەی گفتوگۆ

# ئیسلامی سیاسی و بەرهەمهێنانی هزری داعشی



بازنـەی گفتوگـۆ بـۆ هـەر «بازنەیەکـی گفتوگـۆ»، یـان ڕاپرسـییەکی سەرتاسـەری گشـتیر لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجـام دەدات، یـان ڕاپۆرتێکـی مەیدانـی دەکات و ڕاوبۆچوونـی چەندیـن هاووڵاتـی لـە شـارە جیاوازەکانـی کوردسـتان وەردەگرێـت، ئەمـەش لـە پێنـاوی ئەوەیـە پێـش ئـەوەی بەشداربووانی بازنـەی گفتوگـۆ، گفتوگۆکانیـان دەسـت پـێ بکـەن، داتـا و ئامـارەکان، یـان بۆچوونـە جیـاوازەکان پێشکەشـی ئامادەبـووان بکرێـت، پاشـان بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو داتـا و زانیارییانـە، یـان ئـەو بیروبۆچوونـە جیاوازانـە گفتوگۆکـە دەسـت پـێ دەکات، بـۆ ئەڵقـەی ئەمجارە «ئیسـلامی سیاسـی و بەدگومانـی لەسـەر کەلتـوور و ناسـنامە»، ڕاوبۆچوونـی ژمارەیـەك ئەکادیمیسـت و زانایانـی ئایینـی ئیسـلامیان وەرگرتـووە و لێـرەدا پوختـەی لێدوانەکانیـان بـڵاو دەکەینـەوە.



**د.دڵشاد گەڵاڵی**
**ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:**

# ئەو مەدرەسە هاوردەکراوانەی گەنجەکانمان پەروەردە دەکەن هزری داعشی بەرهەم دەهێنن



د.دڵشاد گەڵاڵی

سیمای جوانی کوردستان پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستاندا، پێشتر ئایینی «جوو»ش لە گوندەکانی کوردستان هەبوو، ئەوانیش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ موسڵمانان و پێڕەوانی ئایینەکانی دیکەی کوردستان نەبووە، لە ئێستادا ئێمە وەك موسڵمان لەگەڵ کریستیان و تەواوی ئایینەکانی کوردستان بەشداری بۆنەکانی یەکتری دەکەین، لە دیانا و شەقڵاوە و عەنکاوە، ماڵی موسڵمان و کریستیانەکان تێکەڵاون.


کاتێك تیرۆریستانی داعش دەستیان کرد بە پاکتاوکردن و دەرکردنی پێڕەوانی ئایینەکانی دیکە، بەشێکی زۆریان ڕوویان کردە کوردستان و بەو پەڕی میهرەبانییەوە پێشوازی کران، بە پشتیوانیی خوا و هیممەتی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ڕۆشنبیران توانرا ئەو هەڵمەتەی تیرۆریستانی داعش پووچەڵ بکرێتەوە.

ئێستا لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەندێك گرووپ و تاقم دروست بوون، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی و دەیانەوێت ئەم پێکەوەژیانە بشێوێنن، ئێمە ڕۆژانە دەبینین هەندێك لە بەرپرسان و سیاسییەکان کە وا خۆیان پیشان دەدەن کە دژی هزری توندڕەوین، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگی بەو مەدرەسە ئایینییانە دەدەن کە هزری توندڕەوی بەرهەم دەهێنن، ئەو هزری توندڕەوییەی کە دواتر تیرۆریستانی داعش بەرهەم دێنێت. بۆیە گرنگە سنوورێك دابنێین بۆ بنبڕکردنی ئەو هزرە توندڕۆیانەی هاوردەی کوردستان کراون و بە ژینگەی کوردەواری نامۆن، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو زانا و مەلایانەی کوردستان کە هەم بڕوایان



بە پرسی نەتەوایەتی و کوردایەتی هەیە، هەمیش ئایینپەروەرن، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕێچەکەی مەلا و زانا گەورەکانی کوردستان وەك مەلای گەورەی کۆیە، قانیع، مەولەوی و تەنانەت شێخ ڕەزا و...هتد. ئەم زانایانە بە جۆرێك تێکەڵاوی کۆمەڵگەی خۆیان ببوون کە هەم برەویان بە هزری نیشتمانی دابوو، هەمیش بە ئایینپەروەری، ئێمە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە ئایینی ئیسلام بە نەریت و خەسڵەتی کوردانە تێکەڵاو بکەین، بۆ ئەوەی بێتە ئایینێکی کوردی، هەروەك چۆن فارس و تورك و عەرەب ئەو خەسڵەتەی خۆیان تێکەڵاوی ئایینەکە کردووە، ئێستا کە دەچیتە تورکیا و گوێت لە بانگ دەبێت، دەبینین ئاوازەکەی تورکییە، لە ئێران ئاوازەکەی فارسییە، لای عەرەب ئاوازەکەی عەرەبییە، تەنیا ئێمەی کورد نەبێت لاسایی دەکەینەوە و ئاوازی خۆمان بۆ بانگدان نییە و هەر ئاوازە عەرەبییەکە دووبارە دەکەینەوە.

زۆر گرنگە بۆ پەروەردەی ئایینی بگەڕێینەوە بۆ حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان، سەرنج بدەن و بزانن یەك فەقێ کە دەرچووی حوجرەکانی کوردستانە و هزری توندڕۆیی هەیە و، هەموو ئەوانەی هزری توندڕۆییان هەیە، پەروەردەی ئەو مەدرەسانەن کە هاوردە کراون بۆ کوردستان.



د.کەیوان ئازاد

**د.کەیوان ئازاد**
**مامۆستای زانکۆی سلێمانی:**

# ئیسلامی سیاسی هاوردەی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات، بەڵام لەژێر هەژموونی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی کوردستانن

کورد وەك نەتەوە خاوەنی مێژوویەکی ٥٠٠٠ ساڵییە، لە ماوەی ئەم ساڵانەدا کورد چەندین ئایینی تیپەڕاندووە، هەر لە ئایینی سرووشتپەرستی و پاشان بتپەرستی، لە ئایینە ئاسمانییەکانیش دوای ئایینی جوو و ئایینی کریستانی، ئایینی ئیسلامی بۆ هاتووە، هیچ کام لە ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر خاکی کوردستان نەهاتوونەتە خوارەوە. جوو و کریستیانمان لە فەلەستینەوە بۆ هاتووە، ئیسلامیش لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە کە ئێستا پێی دەڵێن عەرەبستانی سعودیە.

کە ئەم ئایینانە هاتوونەتە کوردستان، کورد ئەم ئایینانەی لەگەڵ کەلتوور و دابونەریتی خۆی گونجاندووە، هەر بۆیە ئێستا هەندێك بنەمای فقهی لە ئیسلامییەتی کوردستان بوونی هەیە، لای تورك و عەرەب و فارس بوونی نییە. بۆیە کورد لەگەڵ ئایینی ئیسلام ڕۆیشتووە و کێشەی لەگەڵ ئایینەکە نەبووە، بەڵام کە پێش ١٠٠ ساڵ لە ئێستا و لە میسرەوە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین وەك «ئیسلامی سیاسی» دادەمەزرێت، بۆ ئەوەی ئیسلام بۆ مەبەستی سیاسی بەکار بهێنێت، لەم ڕووەوە ئەگەر بچینە قووڵایی مێژوو، دەبینین مرۆڤ ئایین بەکار دەهێنێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی خۆی، ئەم بەکارهێنانە خۆی لە خۆیدا دەچێتە چوارچێوەیەکی سیاسی، هەر بۆیە کاتێك ئایین بەکار دەهێنرێت، مرۆڤەکان دەبنە خاوەن ئیرادە و ئەوە ئەقڵە کاری پێ دەکات، بەڵام کاتێك ئایین بەکار نەهێنرا، ئەوا ئایینەکە بەکار دەهێنێ، ئەوا تۆ دەبیتە کۆیلە و ئایینەکە تۆ دەهێنێت و دەبات بۆ ئەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت، هەر بۆیە کە لە ٥٠ ساڵی ڕابردووی سەدەی ڕابردوو دیسان ئەم شێوازی ئیسلامی سیاسییەش دێتە کوردستان، ئەم ئیسلامە سیاسییە هەوڵ دەدات ئەو بەرنامە و دیدگا ئیسلامییە سیاسییەی لە کۆمەڵگەی عەرەبی هەیەتی، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بیچەسپێنێت.


ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئیسلامی سیاسی هاوردەی کوردستان کراوە بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات، بەڵام لە ژێر هەژموونی ئەو هێزانەی لە دەرەوەی کوردستانن کە دەیانەوێت ئێمە بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بهێنن، هەر بۆیە ئەگەر بەم ئاراستەیە بڕۆین، ئێمە هەرگیز ناگەینە ئەوەی قەوارەی سیاسییەی خۆمان کە دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین. هەر بۆیە هیودارم نەتەوەی کورد بە خۆیدا بچێتەوە لەسەر ئاستەکانی «نەتەوەی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی، ئایینی»، لە کۆمەڵگەی خۆیەوە بتوانێت جارێکی ڕیفۆرم بکات و خوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئایین بکات، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێت ئایینەکەی بە بێ ئەجیندای دەرەکی بەکار بهێنێت.

**د. عومەر ڕەنگینەیی**
**مامۆستای زانکۆی سلێمانی:**

## هزری ئیسلامی سیاسی لە زۆر بواردا لەگەڵ خودی ئیسلام یەک ناگرێتەوە

کاتێك باسی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دەکەین، بەدگومانییەك دروست دەبێت، گومان لەوەدا نییە، کە نەتەوەی کورد موسڵمانە، زانا گەورەکانمان و سەرکردەکانمان و شاعیرە ناودارەکانمان و نووسەرە دیارەکانمان هەموو موسڵمان بوون و، پەروەردەی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان بوون، بەڵام ئەم ئیسلامی سیاسییەی ئێستا هاتووەتە کوردستان و گەیشتووەتە ئەوەی حزبی ئیسلامییان هەبێت، لە بنەڕەتدا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر دەستی هاوپەیمانانی ئەو شەڕە لە چوارچێوەی ئیخوان موسلمین لە میسر دروست کراون، ئامانج لەم ڕێکخستنە بۆ دووبارە دروستکردنەوەی بە ناو خەلافەتی ئیسلامی بووە، هەر بۆیە هەموو ڕەگەزەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ ئیخوان موسلمین دەگەڕێتەوە، ئەمە نەك حزبە ئیسلامییەکانی سوننە، بەڵکو حزبە ئیسلامییەکانی شیعەش وەك حزبی دەعوەی ئیسلامی هەمووی بۆ ئیخوان موسلمین دەگەڕێتەوە.

هەر بۆیە ئەم ئیسلام سیاسییە لەگەڵ کەلتووری کوردەواریی ئێمە ناگونجێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئیخوان موسلمین دەیەوێت گێڕانەوەی بەناو خەلافەتی ئیسلامی بە تامی عەرەبی و عرووبە بکات، بۆیە نەتەوەکان جیاوازن و پەوەردگاریش بە ڕاشکاوی گوتوویەتی: «ئێمە ئێوەمان کردووە بە گەل و هۆز بۆ ئەوەی یەکتری بناسن»، لەم چوارچێوەیەدا هزری ئیخوان موسلمین، یان ئەوەی پێی دەگوترێت «ئیسلامی سیاسی»، بەدگومانییەکی بۆ ئێمە دروست کردووە، لەسەر پرسی نەتەوەییمان و لەگەڵ کەلتووری کوردەواریی ئێمە ناگونجێت، ئەو ئیسلامە سیاسییەی هاتووەتە کوردستان جیایە و ئەو ئیسلامەی زانایانی کورد لە کوردستان پیادەیان کردووە، ئیسلامێکی میانڕەوە و لەگەڵ بۆچوونەکانی نەتەوەیی ئێمە دەگونجێت، دەتوانم بڵێم ئێمە ئیسلامێکی کوردیمان هەبوو، ئەو ئیسلامە کوردییە لەگەڵ خەڵك و نەتەوەی ئێمە گونجاوە، هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی هاوردەکردنی هزرێکە بۆ کوردستان کە تەنانەت لە زۆر بواردا لەگەڵ ئیسلام یەك ناگرێتەوە.


د. عومەر ڕەنگینەیی

**محەمەد عامر دێرشەوی**
**ماموستایێ زانکو لە دهۆک:**

## ئیسلامی سیاسی غەدرێکی گەورە لە ئایین دەکات و بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی حزبی بە کاری دەهێنێت

ئایینی ئیسلام بۆ ئازادی و پێکەوە ژیان نەتەوەکان هاتووە، هەر ئەم تێگەیشتنەش لەم ئایینە پیرۆزە هۆکاری ئەوە بووە کە هەموو ئەو ڕێبەر و سەرکردانەی بەرگرییان لە مافی نەتەوەییمان کردووە لەناو ئەو ئایینە پەروەردە کراون، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین زانا و سەرکردەیەکی ئایینی وەك ئەحمەدی خانی هەستی نەتەوەیی لای کورد دروست کردووە، کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت، نەتەوەی کورد کێشەی لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلام نییە و سوودی گەورەی لێ وەرگرتووە، بەڵام ئاریشە لەوێدا دروست دەبێت، ئەم ئایینە بۆ مەرامی سیاسیی حزبایەتیی تەسك بەکار بهێنرێت، نەك بۆ سیاسەتی نەتەوەیی و نیشتمانی، بۆیە لەم لایەنەوە من پێموایە ئێمە زۆر باش ئیسلاممان لە ڕووە سیاسییەکەی بۆ بەرەڤانیی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرژەوەندیی خۆمان بەکار هێناوە، ئێمە چەندین مەلا و زانای ئایینی و نیشتمانپەروەرمان هەیە کە لە پێناوی پرسی نەتەوەیی و کوردستان شەهید بوون، بەڵام ئەوەی حزبە ئیسلامییەکان دەیکەن، ئەوە بۆ مەرامی سیاسی و حزبایەتییە و ئامانجیان ئەوەیە کۆمەڵێك دەنگ کۆ بکەنەوە لە ڕێی بە سیاسیکردنی ئیسلامەوە و بۆ ئەوەی بچنە نێو پەرلەمان، بەڵام بەرانبەر بە چ لایەنێك ئەمە دەکەن؟ بێگومان ئەو لایەنەش هەر ئیسلام و موسڵمانە، ئەمەش غەدرێکە لە ئایینی ئیسلام دەکرێت، کە وەك ئامرازێك لەلایەن حزبێکی سیاسییەوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی و حزبی بەکار دەهێندرێت.


محەمەد عامر



**د.سالار عوسمان**

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت لە سەرچاوەی ئیمانەوە و لە ڕەهەندەکانی نیشتمان و مرۆڤ سەرووەرییەوە ڕاشکاوانە گفتوگۆ لەگەڵ حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بکەین

د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێکە لە ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و ساڵانێکی زۆر لە هەموو بوارەکانی میدیا کاری کردووە و توانیویەتی پانتاییەك دروست بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆی جددی لەسەر کێشە جددییەکانی کۆمەڵگە و نارەزایەتییەکانی خەڵك بکات، کە جێگەی مشتومڕ و گەنەگەشەی ڕۆشنبیران و دەستەبژێری نیشتمانپەورەری ئەم وڵاتەن، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» دوای بەخێرهێنانی بەشداربووانی ئەم بازنەیە، زۆر بە ڕاشکاوی هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کردەوە کە خەمەکانی خەڵك و خەمە گەورەکانی نیشتمان و نەتەوە و پاراستنی ڕەسەنایەتیی کەلتووری کوردەواری، پێویستی بەوەیە کە هەموومان پێکەوە لە پانتاییەکدا گەورەتر لە چوارچێوەی تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی پێکەوە کۆبکاتەوە و بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکانی خەڵك بکەینەوە و، هەوڵ بدەین خەمە گەورەکانی نیشتمان و نەتەوە خەمی هەموو لایەك بێت. لەبەشێکی قسەکانیدا هەڵوەستەی لەسەر دامەزراندنی «بازنەی گفتوگۆ» کردەوە و ئەو پرسیارەی وروژاند، بۆچی بیر لەوە کراوەیە ئەم بازنەی گفتوگۆیە دابمەزرێنین و مانگە کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و کەسایەتی و ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانپەروەر بە جیاوازیی بیر و بۆچوونی سیاسی و بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی ڕاشکاوانە لەسەر یەکیك لە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە و نەتەوەو نیشتمان بکەین. لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئێمە هەموومان بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە لەم نیشتمانە پێکەوە دەژین و ئەم وڵاتە وڵاتی هەموومانە و پێویستمان بەوەیە پێکەوە گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوەی باشتر لە یەکتری تێبگەین و، زەمینەیەك دروست بکەین بۆ ئەوەی جیاوازییەکانمان بکەین بە هێزێکی گەورە و ڕێگە چارەی گونجاو بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزینەوە و، هەرێمی کوردستان لەو هەڕەشە و مەترسییانە بپارێزین کە بەردەوام پیلانی بۆ دادەنرێت.

دوای ئەم پەیڤی بە خێرهێنانە بەمجۆرە دید و بۆچوونەکانی لەسەر ئیسلامی سیاسی بۆ گفتوگۆکە خستە ڕوو.

ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر پرسێك دەكەین ئەویش «پرسی ئیسلامی سیاسی»یە و ئەم پرسەش پەیوەندیدارە بە خوا و مرۆڤەكان و بە نیشتمانەوە، ئەم سێ ڕەهەندە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، هەروەها لەگەڵ ئەو بوارانەی كە بە دوای خۆیدا دەیانهێنێت، كە لێرەدا قسەمان لەسەر كاریگەرییە نەرێنییەكانی ئیسلامی سیاسی لە سەر دوو چەمكی گرنگە كە ئەویش چەمكەكانی «ناسنامە و كەلتوورە».

بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم چەمكە هەستیارە كە « ئیسلامی سیاسییە وەك حزب و گرووپ» بە باشی دەزانم جیا بكرێتەوە لە « ئیسلام وەك ئایین» كە ئەمیان پەیوەندییەكی تایبەتە لە نێوان خوا و تاكی موسڵماناندا، ئیسلام وەك ئایین بۆ موسڵمانان سەرچاوەی میهرەبانیی پەروەردگارە بۆ موسڵمانان، بەڵام «ئیسلامی سیاسی وەك گرووپ و حزب»، بەكارهێنانی ئایینی ئیسلامە بۆ پیرۆزكردنی سیاسەت، هەر بۆیە ئیسلامی سیاسی هێندەی ڕووی لە پارە و كورسییە، هێندە ڕووی لە خواپەرستی نییە، هێندەی ڕووی لە دەسكەوتەكانی دونیایە، هێندە ڕووی لە پاداشت و سزای ڕۆژی دوایی نییە، ئیسلامی سیاسی كاتێك ئایین دەكاتە ئامرازێك بۆ سیاسەتكردن، ڕووە جوانە ڕۆحی و ئیلاهییەكەی لە ئیسلام دەكاتەوە و بەرگێكی بەرژەوەندیی حزبی و دونیایی بەبەردا دەكات، واتە لایەنە ڕەحمەت و میهرەبانییەكەی لێ دەكاتەوە و دەیكاتە فیتنە و دووبەرەكی لە كۆمەڵگەدا.

ئەو گفتوگۆیانەی هەتا ئێستا لە كوردستان لەسەر ئەم پرسە هەستیارەی «ئیسلامی سیاسی» كراون، دوو جۆر بوون، بۆیە گفتوگۆكانمان بەرهەمدار نەبوون و كاریگەرییان نەبوو، بەقەد ئەو وێنانەی دەیبینین، ئەو تیۆرە فیكرییەش كە دەیبینین، ئەمەش لەبەر دوو هۆكار ڕێگەی نەداوە گفتوگۆكان بەرهەمدار بن.

یەكەمیان: ئەو گفتوگۆیانەی پێشتر لەسەر ئیسلامی سیاسی كراون، لە ڕەهەند و سەرچاوەی بێ باوەڕی بە ئایین «ئیلحاد» كراون، بۆیە ئێمە ئەم دەستپێكی بێباوەڕی بە ئایین دەبێت بگۆڕین و گفتوگۆكانمان لە سەرچاوەی باوەڕ و ئیمانەوە دەست پێ بكەین، دەبێت ڕاشكاوانە گفتوگۆ لەسەر ئیسلامی بكەین لە ڕەهەندی «نیشتمان، مرۆڤ سەروەری و...هتد»، ئەوجا ئەگەر ڕەهەندی گفتوگۆی ئێمە باوەڕ و ئیمان بێت، ئەوا ئیسلامی سیاسی لە ڕەهەندی باوەڕ و ئیمانەوە ئەوەندە بەهێز نییە و ئەو ستوونانەی لەسەری ڕاوەستن، فشۆڵن، چونكە حزب و گرووپی ئیسلامی سیاسی، خەریكی كۆكردنەوەی دەنگ و كورسی و پێداویستییەكانی دونیایین، بۆیە كاتێك لە ڕەهەندی ئیمانەوە گفتوگۆیان لەگەڵ دەكەین و بە دەقی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (د.خ) بەڵگەكانیان بۆ دەخەینە، ئەوان ناچار دەبن پاشەكشە بكەن و لە گفتوگۆكە سەركەوتوو نابن، بێگومان ئەو بەڕێزانەی لەم گفتوگۆیە بەشدارن لەمە تایبەتمەندتر و قووڵتر لەم بوارەدا و دڵیان باشتر ڕووچوونە ناو ئەم پرسە هەستیارە.

**ئیسلام وەک ئایین بۆ موسڵمانان سەرچاوەی میهرەبانیی پەروەردگارە بۆ موسڵمانان، بەڵام «ئیسلامی سیاسی وەک گرووپ و حزب»، بەکارهێنانی ئایینی ئیسلامە بۆ پیرۆزکردنی سیاسەت**

دووەمیان: خاڵێكی دیكە كە لە گفتوگۆكانماندا باش تەركیزمان لەسەر نەكردووە، ئەوە بووە ئێمە زۆر سیاسییانە گفتوگۆمان لەگەڵ كردوون، دەبێت لەم ڕووەوەشەوە ئاراستەی گفتوگۆكانمان بگۆڕین بۆ گفتوگۆی زانستی، لەم گفتوگۆ زانستییە مەبەستم ئەوەیە ئەو تەفسیرەی ئیسلامی سیاسی بۆ ئایینی ئیسلامی دەكات، لە زۆر شوێندا دژی زانستی ئایینە، هەر بۆیە ئیمامی غەزالی حاڵەتی لەو جۆرەی بینیوە بۆ «زیندووكردنەوەی زانستی ئایین – احیاء علوم الدین»، هەروەها زانست و یاسا سرووشتیەكانیش سەرچاوەیەكن بۆ بەهێز كردنی باوەڕ، وەك چۆن گوتراوە « العلم محراب الإیمان»، وەرچەرخانی بۆ ئەم گفتوگۆ زانستییە گرنگە لەبەر یەك دوو هۆكار، یەكەمیان تام و تەرز و بەرژەوەندیی سیاسی لە گفتوگۆكان دەكاتەوە، دووەمیان بە ڕێگەی زانستی ئایین و زانستە مرۆییەكان، زانایانی ئیسلامی ئیجتهادی زۆر ڕاست و دروست بكەن و دەستكارییەكانی ئیسلامی سیاسی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕاست بكەنەوە، بەتایبەتی لە بواری «فەتوا»دا، كە زانایانی ئیسلامی زۆر جەخت لەوە دەكەنەوە كە فەتوادان كاری هەمموو كەسێك نییە.

**ئیسلامی سیاسی هێندەی ڕووی لە پارە و کورسییە، هێندە ڕووی لە خواپەرستی نییە، هێندەی ڕووی لە دەسکەوتەکانی دونیایە، هێندە ڕووی لە پاداشت و سزای ڕۆژی دوایی نییە**

لە دوماهیدا دەمەوێت دوو پرسیار بورووژێنم:

١. بۆچی ترسناكترین حزبی ئایدلۆژیەت لە ئێستادا ئیسلامی سیاسییە لەكوردستاندا و ڕۆشنبیرانی ئێمە بۆچی ئەوەندەی لە ئیسلامی سیاسی دەترسن، لە حزبەكانی دیكە ناترسن؟

٢. دەبێت ئەو پرسیارە لە ئیسلامی سیاسی بكەین، ئایا لە هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە كە دەركەوتوون، پاشتریش كە لە دوای دامەزراندنی پەرلەمانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بەشداریی پرۆسەی سیاسییان كردووە، چییان پێشكەشی ئەم میللەتە كردووە؟

گرنگە زۆر بە هێمنی و بە شێوەیەكی زانستییانە ئەو پرسیارانە بكەین و چاوەڕێی وەڵامی لۆژیكییان لێ بكەین.

**ئیسلامی سیاسی کاتێک ئایین دەکاتە ئامرازێک بۆ سیاسەتکردن، ڕووە جوانە ڕۆحی و ئیلاهییەکەی لە ئیسلام دەکاتەوە و بەرگێکی بەرژەوەندیی حزبی و دونیایی بەبەردا دەکات**





## د.بەشیر حەداد

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە شەریعەت و هزری ئیسلامی :

# لە ناو حزبە ئیسلامییەکانی کوردستاندا پرسی بانگخوازی و سیاسەت تێکەڵ کراوە، دەبێت ئەم دوو پرسە لە یەکتری جیا بکەنەوە

د.بەشیر خەلیل تۆفیق حەداد، جیا لەوەی سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردستان و عێراقە و جێگری پێشووی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە هەمان کاتدا مامۆستایەکی دیاری ئایینی ئیسلامی و وتاربێژێکی بەناوبانگی کوردستانە و تایبەتمەندە لە فەلسەفە و شەریعەت و هزری ئیسلامی و خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستییە لەسەر هزری ئیسلامی، هەروەها هەتا ئێستا چەندین کتێبیشی بە چاپ گەیاندووە، لای ئەم زانا گەورەیەی گەلەکەمان «ئیسلام هەر ئیسلامە» و ئیسلامی سیاسی بوونی نییە، چەمکی ئیسلامی سیاسیش وەك داهێنراوێکی ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکان دەبینرێت و بە هەوڵێك سەیری دەکات بۆ پارچەپارچەکردنی ئیسلام لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامییەوە، سەبارەت بە پەیوەندیی دروستی نێوان «ئیسلام و سیاسەت»ش، لە ڕووە هزرییەکەیەوە بەو جۆرە پێناسەی دەکات بەوەی پێویستە «ئیسلام و سیاسەت تەواوکاری یەکدی بن و ئایین چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتەوە و دەسەڵاتیش پاسەوانی ئایین بێت»، ئەم پەیوەندییە تەندروستەی نێوان ئایین و سیاسەت کە ڕێگە نادات ئایین و سیاسەت تێکەڵی یەکتری بن، زەمینەی ئەوە دەڕەخسێنێت کە سیاسەت و دەسەڵات ئەو نەگۆڕ و بنەما بەهێزانەی ئایینی ئیسلام وەك «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ڕێگرتن لە زوڵم و گەندەڵی، شورا، ئازادی و مافەکان و...هتد» لە کۆمەڵگە جێبەجێ بکرێن، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» د.بەشیر حەداد بەم جۆرە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسەت و ئیشکالیەتی حزبە ئیسلامییەکانی لە کوردستاندا خستەڕوو:

چەمکی ئیسلامی سیاسی، چەمکێکی ڕۆژئاواییە و لە دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی ڕۆژهەڵاتناسەکان دایان هێناوە، ئەگەر نا ئیسلام هەر ئیسلامە و دابەشناکرێت بۆ ئیسلامی «سیاسیی و کۆمەڵایەتی و دیموکراتی و دیکتاتۆری».

مارتن کارسەر یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی

که له ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٣ گرنگییەکی زۆری بە چەمکی ئیسلامی سیاسی داوە، بیرمەندان و زانایانی و نوێخوازەکانی هزری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرسیارانەیان ورووژاندووە وەك «ئایا دەبێت پەیوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسەت، یان ئیسلام و دەسەڵات چۆن بێت؟ ئایا ئەم پەیوەندییە هەبێت، ئەرێنییە، یان نەرێنییە؟ ئایا پەیوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسەت، پەیوەندییەکی تەواوکاری یەکدین، یان پەیوەندییەکی مۆنۆپۆلی لایەکە بۆ ئەوی دیکە؟ ئایا دەسەڵات، ئیسلام مۆنۆپۆل دەکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی و وەرگرتنی شەرعییەت لە ئایینەکە، یان پەیوەندییەکە دەرهاویشتەی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، وەك هەندێك جار توندوتیژی دەکەوێتە نیوان ئایین و دەسەڵات.

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش گوتی: زانایانی هزری ئیسلامی وەك ماوەردی، فارابی، ئین ڕوشد، ئین خەلدوون»، بە شێوەیەکی گشتیی باسیان لەم پەیوەندییە کردووە، دوای ئەوانیش زانایانی نوێخواز وەك محەمەد ئیقبال، جەمالەددینی ئەفغانی، ئەمانیش باسیان لەم پەیوەندییە کردووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە زۆربەی بیرمەندان و زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی پێویستە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و سیاسە، پەیوەندییەکی تەواوکاری یەکدی واتا (تکاملی) بن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵگە پێویستی بە هەردووکیان هەیە، «ئایین و سیاسەت» پێکەوە بەڕێوە دەچێت، دەبێت ئەم دوولایەنە پێکەوە هاوبەشبن بۆ ئەوەی بتوانرێت کاروبارەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە ببرێت و، گرنگە ئایین چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، ئەمەش لە پیناوی ئەوەی ئەو بنەما سەرەکییانەی لە ئاییندا بوونیان هەیە، وەك «دادپەروەری، بەرگریکردن لە ستەملێکراو، گەڕانەوەی ماف بۆ هەمووان و ئازادی و یەکسانی...»، گرنگە دەسەڵات ئەمانە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە جێبەجێ بکات، لەم بارەوە ئیمامی غەزالی وتەیەکی بەرزی هەیە کە دەڵێت: «ئایین ئەسڵە و سیاسەت پاسەوانیەتی» ئەمەش بەو مانایەی هەر شتێك ئەسڵی نەبێت ڕووخاوە، هەر شتێکیش پاسەوانی نەبێت ون بووە، بۆیە هەر دوولا یەکتری تەواوی دەکەن.

ئەگەر بمانەوێت هەوڵ بدەین، هەندێك کێشە لە کوردستان چارەسەر بکەین، بۆ ئەم چارەسەرییەش سوود لە ئەزموونی خەڵکانی دیکە وەربگرین و دووبارە لێرە بەکاری بهێنیێەوە، ئەم ئەزموون و هزرەی دەرەوە گرنگە بە تایبەتمەندیی لۆکاڵی خۆمان جێبەجێ بکەین، ڕاشکاوانەتر دەبێت جەمادانییەکی لەسەر بکەین و بیکوردێنن و بەپێی هەلومەرجی کوردستان سوودی لێ وەربگرین.



لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باس لە ئایین دەکەین، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە ئایینی ئیسلامی وەك ئاینێکی ئاسمان، لە دوو ئایینە ئاسمانییەکەی دیکە (یەهوودی و مەسیحی) جیاوازە، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە ئایینی یەهوودی زیاتر دونیاوییە و ڕۆحانییەتی تێدا کەم بووە، ئایینی مەسیحیش بەشی هەرە زۆری ڕۆحانییەتە و پرسی شەریعەت و یاسای زۆر کەم تێدایە، لە بەرانبەردا ئایینی ئیسلام هەر دوو لایەنی «ڕۆحانییەت و شەریعەت»ی تێدا پێکەوە گرێ دراوە و، کۆمەڵێك سیستمی زۆر جوان و تۆکمەی تێدایە وەك سیستمەکانی «خودپەرستیی سەرتاپاگیر، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و سیاسی، کۆمەڵێك بنەمای نەگۆڕی تێدایە کە دەوڵەت بە سەدان ساڵ لەسەریان ڕۆنیشتووە و حوکمڕانی کردووە.



ئیسلام هەر لە سەردەمی پێغەمبەر» د.خ» هەتا ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، ئیسلام، یان بەشێکی ئیسلام حوکمڕانی کردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە پیاوانی ئایینی هەر بۆ خۆیان حاکم بن، دەکرێت زانایانی ئایینی، سیاسەت و دەسەڵات بەجێ بهێڵن بۆ خەڵکانی تایبەتمەندی ئەو بوارە، بەڵام گرنگە لەو کۆمەڵگەیە نەگۆڕ و بنەما بەهێزەکانی ئیسلام وەك ئاماژەمان پێ دا، جێبەجێ بکرێن.



ئەم بابەتە «ئایین و سیاسەت» یان بابەتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، بابەتێکی دێکەمان بۆ دەورووژێنێت کە ئەویش حزبە ئیسلامییەکانە لە کوردستاندا، حاڵی حازر ئێستا سێ حزبی ئیسلامیی سەرەکیمان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە ئەوانیش



**ئایا پرسی بانگخوازی و سیاسەت تێکەڵ کراوە، یان جیا کراوەتەوە؟ جیاکردنەوەی پرسی بانگخوازی لە پرسی سیاسەتی حزبایەتی زۆر گرنگە**

بریتین لە «یەکگرتوویی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەڕی، بزووتنەوەی ئیسلامی «لەناو ئەم حزبە ئیسلامییانەدا پرسێکی جەدەلی هەیە، بەوەی ئایا پرسی بانگخوازی و سیاسەت تێکەڵ کراوە، یان جیا کراوەتەوە؟ جیاکردنەوەی پرسی بانگخوازی لە پرسی سیاسەتی حزبایەتی زۆر گرنگە، چۆن پێشتر لە پەیوەندیی نێوان ئایینی ئیسلام و سیاسەت لە کۆمەڵگە ئاماژەمان پێ کرد، بەوەی پێویستە پەیوەندی ئیسلام و سیاسەت لە کۆمەڵگەدا پەیوەندییەکی تەواوکاری یەکدی بن و هەر لایەك ئەوی دیکە تەواو بکات، لەناو حزبە ئیسلامییەکانیشدا گرنگە پرسی بانگخوازی و سیاسەتی حزبایەتی لێك جیا بکرێنەوە و ببنە دوو پرسی تەواوکاری یەکدی و یەکتری تەواو بکەن، ڕاشکاوانەتر پێویستە دەزگای بانگخوازی، دەزگایەکی جیاواز بێت و دەزگای سیاسەت و حزبایەتیش دەزگایەکی جیاواز بێت، بەڵام هەتا ئێستا ئەم دوو پرسە «بانگخوازی و سیاسەتی حزبایەتی» لەناو حزبە ئیسلامییەکاندا تێکەڵ بووە، ئەم تێکەڵبوونەش جۆرێك لە ئیحراجییەتی بۆیان دروست کردووە، ئیشکالیەتێکیش لە کاری ئیسلامی سیاسیدا پەیدا بووە.

بەڕێزان باسی ئەو چەمکەیان کرد کە پێی دەگوترێت «دووبارە بە ئیسلامکردنەوە « Re-islamiziation، کە لە دیدیدی هەندێ کەسەوە کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە دووبارە موسڵمان بکرێتەوە، لە ڕاستیدا کۆمەڵگە موسڵمانە، بەڵام پێویستی بە تێگەیشتنی نوێ هەیە، بۆیە زۆر لە ئێمەومانان کە دید و بۆچوونێکی تازە، یا ڕای جیاوازمان هەیە لە چوارچێوەی فیقهیدا، دەمانەوێت هەندێك شتی پەیوەست بە کۆمەڵگە بگۆڕین، یان خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێت و دووبارە تێگەیشتنەوە لە ئیسلام ئەنجام بدەین،



ئـەوا وەك دەبینیـن لـە دیـدی هەندیـك کـەس و لایەنـدا بە لادەر لـە دیـن نـاو دەبردرێـن و چەندیـن قسـەی ناشـیاو و خراپمـان پـێ دەڵێـن.

کەواتـە لێرەدا دەبێت ئـەو پرسیارە بکەیـن، ئایا مەبەسـتمان چییـە کـە ئـەو ڕەخنانـە ئاراسـتەی ئیسـلامی سیاسـی دەکەیـن؟ بێگومـان دەبێت ئـەو ڕاسـتییە لەبەرچـاو بگریـن کـە هەتـا ئێسـتاش گوتـاری ئایینـی لـە گوتـاری سیاسـی بەهێزتـر و کاریگەرتـرە، هەربۆیـە خەڵکانێـك هـەن کـە ئیسـلام بـۆ ئاراسـتەیەکی سـەقەت و شەخسـی و بەرژەوەندیـی خۆیـان بـەکار دەهێنـن و وەك گوتارێکـی ئیسـلامی ئاراسـتەی هاووڵاتیانـی دەکـەن، پەنابردنیـش بـۆ ئایینـی ئیسـلام بـۆ مەبەسـتی سیاسـی دەبێتـە مەترسـی و کێشـە بـۆ کۆمەڵگـە دروسـت دەکات، بۆیـە زۆر گرنگـە ئـەم لایەنـە زۆر بـە باشـی ڕێـك بخریتـەوە، وەك لـە سـەرەتا ئامـاژەم پـێ کـرد، دەبێت پەیوەندیی نێوان ئیسـلام و سیاسـەت، یـان دەسـەڵات، پەیوەندییەکـی تـەواوکاری بێـت و یـەك ئـەوی دیکـە تـەواو بـکات، دەبێـت ئاییـن چاودێـر بێـت بەسـەر دەسـەڵاتەوە بـۆ ئـەوەی بنەماکانـی دادپـەروەری و ڕێگرتـن لـە زوڵـم و گەندەڵـی لـە کۆمەڵگـە جێبەجـێ بکرێـت و ئاییـن لـە خزمەتـی وڵات و هەرێمـی خۆمـان بێـت، هەمـوو نەتـەوە موسـڵمانەکان توانیویانـە سـوود لـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام وەربگـرن، ئێمـەی کـورد نەبێـت کـە نەمانتوانیـوە سـوود لـەم ئایینـە پیـرۆزە وەربگریـن، بۆیـە زۆر گرنگـە هەمـوو پێکـەوە بەرنامـە و پلانێکمـان هەبێـت کـە ئـەو هەڵانـە ڕاسـت بکەینـەوە و ڕێگـە نەدەیـن ئایینـی ئیسـلام لـە ڕەحمەتـەوە ببێتـە زەحمـەت، لـە خۆشەویسـتی و بەهـا جوانـەکان و مرۆڤدۆسـتییەوە ببێتـە ئایینـی توندڕەویـی و خوێنڕێـژی و بـە کافرکردنـی یەکـدی، ئەگـەر ئـەم هەڵانـە ڕاسـت نەکەینـەوە، ئـەوا ئـەم مەترسییە وەك هەڕەشـە بـەردەوام دەبێت.

**دەبێت ئایین چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی بنەماکانی دادپەروەری و ڕێگرتن لە زوڵم و گەندەڵی لە کۆمەڵگە جێبەجێ بکرێت و ئایین لە خزمەتی وڵات و هەرێمی خۆمان بێت**

# ئیسلامی سیاسیی ژینگەیەکی سیاسی بۆ تیرۆری ترسناکی فیکری دروستکردووە



**د.فاروق ڕەفیق**

**پسپۆر و تایبەتمەند لە هزر و فەلسەفە:**

**د.فاروق ڕەفیق، یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی کوردستان و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفە و ماوەی ٢٠ ساڵ لە ڕۆژئاوا وەك مامۆستای زانکۆ وانەی فەلسەفەی گوتووەتەوە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات و، یەکێکە لەو خاوەن هزرانەی لەسەر هەموو پرسە سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵوێستی خۆی هەیە و قسەی جددییان لەسەر دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر ناسنامە و کەلتوور»، بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ڕەوتی ئیسلامگەرایی لە کوردستان خستە ڕوو.**

سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر ناسنامە و کەلتوور»، هەروەها سوپاس بۆ ئەوەی بۆ بەشداربوون لەم گفتوگۆ جددی و ڕاشکاوانەدا ئێمەتان لە سلێمانییەوە بەسەر کردووەتەوە.

ئەم پرسە «ئیسلامی سیاسی» پرسێکی زۆر زۆر گرنگە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستاندا تیرۆرێکی ترسناکی فیکری هەیە، کەشوهەوایەك دروست بووە کە لە بنەڕەتەوە فیکری کوشتووە و تیرۆری کردووە، بۆیە لە ترسی ئەو تیرۆرە فیکرییە دەبێت ئاگامان لەوە بێت، بزانین چی دەڵێین.

لە ئێستادا کتێبێکی تازەم تەواو کردووە بە ناوی «ئیسلام»، بەڵام بە هۆی ئەو تیرۆریی فیکرییەوە دوام خستووە و نەمتوانیوە چاپی بکەم و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، چەند دۆستێك بەڵێنیان داوە بۆم چاپ بکەن، بەڵام ئەوانیش لە ترسی ئەو تیرۆرە فیکرییە داوایان لێ کردووم ناویان لەسەر کتێبەکە نەنووسم.

ئەو تیرۆرە فیکرییەی ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بەڕێوە دەبرێت، پێشتریش کۆمەڵێك کەسایەتی و ڕۆشنبیر بوون بە قوربانی ئەو

تیرۆرە فیکرییە، دڵنیا بن ئەگەر چارەسەری نەکەین و ڕێگەی لێ نەگرین و سنووری بۆ دانەنرێت، ئەوا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دێتە دەرەوە و لەسەر شەقامەکان ئەوانە دەکووژن کە ڕەخنە لە ئیسلامی سیاسی و حزبە ئیسلامییەکان دەگرن.

بە حوکمی ئەوەی من لە زانکۆی بەغدا بەشی فەلسەفەم خوێندووە و دواتریش کە چوومە هەندەران سەرلەنوێ دەستم پێ کردووەتەوە و هەرسێ قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرام لە ڕۆژئاوا تەواو کردووە، شارەزای هەر دوو ترادسیۆنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشم، بۆیە من لەسەر ئیسلامی سیاسی بۆچوونی دیکەم هەیە و لەگەڵ بەکارهێنانی چەمکی «ئیسلامی سیاسی» نیم. لە ئەدەبیاتێکدا کە بە زمانی ئینگلیزی لەبەردەستمە زیاتر ئیسلامگەرایی واتە Is-lamizm بەکاردێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر گوتمان «ئیسلامی سیاسی»، ئەوا دەبێت ئیسلامی کۆمەڵایەتی و هەموو فۆرم و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەش هەبن. هەر بۆیە ئەم ئیسلامگەراییەی وەك ئایدیۆلۆژیەت لەسەر دەستی «حەسەن بەنا» لە چوارچێوەی ئیخوان موسلمین و ڕێکخراوێکی یونیڤێرساڵ بەرجەستە دەبێت، زۆر چالاکانە کاری بۆ دەکەن و بڵاو دەبێتەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، گەڕانەوەمە بۆ کتێبێکی خۆم کە لەساڵی ٢٠٠٢ بە ناونیشانی «ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بریندار» بڵاوم کردەوە. باسم لەوە کردووە کە هێزە ئیسلامگەراکان هەوڵ دەدەن دەست بکەن بە دووبارە بە ئیسلامکردنەوە Re-Islamization ی کۆمەڵگە موسڵمانەکان، بەڵام لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو ئەم کتێبە ئەوەی سەلماند کە حزبە ئیسلامگەراکان هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی موسڵمانی کوردستان جارێکی دیکە بە ئیسلام بکەنەوە.

لاتان شاراوە نییە، کەسێکی وەك سەید قوتب کە مورشیدی ئیخوان موسلمینە، تەکفیری تەواوی کۆمەڵگە موسڵمانەکان دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو کۆمەڵگەیانە هەموویان کافرن و دەبێت دووبارە بە ئیسلام بکرێنەوە، دڵنیا بن لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان خەریکی ئەم پرۆسەیە بوون.

ئەم پرۆسەی بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگە کە ئیخوان موسلیمین و سەلەفی بەڕێوەی دەبات، لە خوارەوەی کۆمەڵگە دەست پێ دەکات و ئەوجا هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ سەرەوە، ڕاشکاوانەتر ئەوان نایەن لە سەرەتاوە هەوڵ بۆ گۆڕینی دەسەڵات بدەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن تەواوی کۆمەڵگە داگیر بکەن، ئیخوان و سەلەفیەت لەمەدا سەرکەوتوو بوون و لە کوردستانیشدا سەرکەوتوو بوون، من ناچارم ئەم هۆشدارییە بدەم، ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین، هەموو شتێکمان لەدەست دەردەچێت و پاشان بۆمان کۆنترۆڵ ناکرێتەوە، بوونمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەر بۆ نموونە ڕابەری ڕەوتی سەلەفییەکان دەڵێت «ئەو دایکانەی منداڵەکانیان فێری عەرەبی ناکەن، باش بزانن ناچنە بە هەشتەوە»، ئەم پەیامە ڕاشکاوانە بۆ ئەوەیە کە نیشانەی پرسیار لەسەر «کوردبوونمان» دروست بکات، هەروەها لە یەکێك لە دیمانەکانم لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو باسی ئەو بەسەرهاتەم گێڕایەوە کە لە یەکێك لە مارکێتەکانی سلێمانی بینیم: «چوومە یەکێك لە مارکێتەکانی شاری سلێمانی بۆ ئەوەی هەندێك شت بکڕم، کە چوومە ژوورەوە خانمێك ڕاوەستا بوو پێم گوت: سڵاوت لێ بێ»، وەڵامی دامەوە و گوتی «ها»، گوتم بە کوردی گوتم: سڵاوت لێ بێت. وتی: ئێمە واناڵێین، وتم: ئەی ئێوە چی دەڵێن؟ گوتی: دەڵێین سەلامو عەلەیکوم و ڕەحمەتوڵاهی عەلەیکم» کە ئەمەم بینی، زۆر بێزار بووم، بەبێ ئەوەی هیچ بکڕم مارکێتەکەم بەجێهێشت. ئەگەر لەسەر ئەم دیمەنە هەڵوەستەیەك بکەین، لە خۆمان بپرسین ئایا ئەمە ژینگەی شاری سلێمانییە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەکەمان داگیر کراوە؟ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەگەر هیچی نەکردبێت، کۆمەڵێك چەمکی پاراوی بۆ دروست کردووین، وەك: سڵاو، ئەم کاتەت باش، ڕۆژباش، سوپاست دەکەم و...هتد، لەمەش

**کەشوهەوایەک دروست بووە کە لە بنەڕەتەوە فیکری کوشتووە**

**لەبەر ئەوەی لە ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستاندا تیرۆرێکی ترسناکی فیکری هەیە، کەشوهەوایەک دروست بووە کە لە بنەڕەتەوە فیکری کوشتووە**

**ئەو تیرۆرە فیکرییەی ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بەڕێوە دەبرێت، پێشتریش کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕۆشنبیر بوون بە قوربانی ئەو تیرۆرە فیکرییە**

**کەسێکی وەک سەید قوتب کە مورشیدی ئیخوان موسلمینە، تەکفیری تەواوی کۆمەڵگە موسڵمانەکان دەکات**





زیاتر نوێنەرێکی ئیخوانی جیهانی سەردانی یەکگرتووی ئیسلامی کردبوو و پێیان گوتبوون کە ئێوە زمانی خوا «عەرەبی» دەزانن، بۆ بەو زمانە لۆکاڵیەی خۆتان»کوردی» قسە دەکەن؟ گرنگە بەو زمانە یونیڤێرساڵە قسە بکەن کە خوا پەیامی خۆی بۆ ناردووین.

ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە هەموویان خوێندەوارن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی کتێبەوە خەڵك ڕام بکەن، لەگەڵ ئەو دونیابینییەی ئیسلامگەرایی، هەموو ئامانجیان بۆ ئەوەیە خەڵك ڕام بکەن و ئامادەباشی پێشوەختە بکەن بۆ دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە کوردستاندا.

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە قسەی جددی بکەین و، لەناو ناوەندی ڕۆشنبیرانی کوردستاندا بە جددی هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە بکەین، دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێین، کە پێویستە هۆشیار ببینەوە کە بەهێزبوونی ئیسلامگەرایی لە کوردستاندا مانای شکستی ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا، ڕۆشنبیرانی کوردستان ئێستا دەبوایە فەزایەکی ڕۆشنگەریمان لە کوردستاندا دروست بکردایە، کەچی ئێمە چیمان دروست کردووە، هێزێکی ئیسلامگەرامان دروست کردووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە فیکر و بیرکردنەوەوە و لۆژیکەوە نییە. ئەم هێزە تاریکپەرستە کە دێت، ئامانجی ئەوەیە ڕامانبماڵێت، ئەو ڕاماڵینەش ڕاماڵینی کوردبوونی ئێمەیە، بەداخەوە هەندێك لەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن، هێندە ساویلکەن، دەڵێن: ئینجا قەیدی چییە بە یەکگرتوویی ئیخوان بگاتە دەسەڵات و حوکمڕانی، دواتر لە هەڵبژاردنێکدا دەسەڵاتیان لێ دەستێنینەوە. ئەم تێڕوانینە تا ئەو پەڕی گەمژەییە، فەلسەفەی ئیخوان موسلمین ئەوەیە کە گەیشتە دەسەڵات ئیتر نایەتە خوارەوە. ئیخوان موسلمین بۆ ماوەیەك بە ڕێگەی هەڵبژاردن گەیشتنە دەسەڵات لە میسر، بەڵام کە تێگەیشتن و لە ماوەیەکی کورتدا ئیخوان موسلمین هەموو ئامانجەکانی خۆی ئاشکرا کرد، ئیتر سوپای میسر بە سەرۆکایەتیی عەبدولفەتاح سیسی بە زەبری هێز لە دەسەڵات هێنایانە خوارەوە و وتیان نابێت چیتر ئیخوان لە دەسەڵات بمێنێتەوە.

لێرەدا حەزدەکەم بە نموونەیەك ئەو کاولکارییەتان بۆ بخەمە بەرچاو کە ئیسلامی سیاسی لە کۆمەڵگە دروستی دەکات:

لە ئیدارەی پێشووی دۆناڵد ترەمپدا کە ئەفغانییەکانی ئەمریکا دەیانویست شتێك بکەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ترەمپ بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان بکێشێتەوە و هێزەکانیان هەر لە ئەفغانستان بمێنێتەوە، هاووڵاتییەکی ئەفغانی بە ڕەچەڵەك ئەمریکی هەستا شتێکی زۆر گەورە و مەزنی کرد، هەستا ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی ئەفغانستانی پێش دروستبوونی بزووتنەوەی تاڵیبان لە کتێبێکدا چاپ کرد، لەو ساڵانەدا ئەفغانستان لەچاو سەردەمی تاڵیبان جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمان بوو. کابول هاوشێوەی پاریس بوو. زانکۆی کابول هاوشێوەی زانکۆی سۆربۆن بوو، ئازادی هەبوو، ئافرەتان مافیان هەبوو لە زانکۆکان بخوێنن، ئەو هاووڵاتییە ئەفغانییە نوسخەیەکی لە کتێبەکەی نارد بۆ دۆناڵد ترەمپ، کاتێك ترەمپ زۆر بە وردی سەیری ئەو وێنانەی کردبوو، لەگەڵ وێنەکانی ئەفغانستانی سەردەمی تالیبان بەراوردی کردبوون. ترەمپ گوتبووی: ئەگەر تەنیا لەبەر وێنەکانی ئەم کتێبەش بێت، ئەوا نابێت هێزەکانمان لە ئەفغانستان بکشێنینەوە. بێگومان دوای ترەمپ ئەوە هەڵەی دیموکراتەکان بوو کە هاتنە سەر حوکم ئەو هەڵە گەورەیەیان کرد و هێزەکانیان کشاندەوە و ئێستا بارودۆخی ئەفغانستانی ژێر دەستی تاڵیبان دەبینین کە چۆن کاول بووەتەوە.

**ڕابەری ڕەوتی سەلەفییەکان دەڵێت «ئەو دایکانەی منداڵەکانیان فێری عەرەبی ناکەن، باش بزانن ناچنە بە هەشتەوە»، ئەم پەیامە ڕاشکاوانە بۆ ئەوەیە کە نیشانەی پرسیار لەسەر «کوردبوونمان» دروست بکات**

**لەگەڵ ئەو دونیابینییەی ئیسلامگەرایی، هەموو ئامانجیان بۆ ئەوەیە خەڵك ڕام بکەن و ئامادەباشی پێشوەختە بکەن بۆ دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە کوردستاندا**

**هێزێکی ئیسلامگەرامان دروست کردووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە فیکر و بیرکردنەوەوە و لۆژیکەوە نییە**

**فەلسەفەی ئیخوان موسلمین ئەوەیە کە گەیشتە دەسەڵات ئیتر نایەتە خوارەوە**





## ئارام قادر

سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی و پسپۆر لە هزری ئیسلامی سیاسی:

# حزبە ئیسلامیەکان بە ئاستێک جنێوفرۆشن، هەزاران جنێوی ناشیرینت بۆ دەنووسن، بە ئاشکراش تەکفیرت دەکەن

مامۆستا ئارام قادر کە ئێستا سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانییە، یەکێك لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و بە دامەزرێنەری بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان دادەنرێت و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئیسلامی کە ئێستا ناوەکەی گۆڕا بۆ « کۆمەڵی دادگەری کوردستان»، لەناو ئەم حزبەدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بووە و لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٣ ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بووە لە پەرلەمانی کوردستاندا، هەروەها یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەوەری و ئێستاش سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانییە.

لەبواری فیکر و نووسین و توێژینەوە، ئارام قادر خاوەنی دەیان کتێبی بڵاوکراوەیەو سەدان بابەت و وتاری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کردۆتەوە و، پەیوەندییەکی فراوانیشی لەگەڵ کەسایەتییە ڕۆشنبیر و سیاسییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە و، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «ئیسلامی و سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

لەگەڵ ئەوەی زۆر لە بیرمەند و زانایان وایان لێکداوەتەوەکە کە ئیسلامی سیاسی زاراوەیەك بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت، چەمکی ئیسلامی سیاسی هیچ پەیوەندییەکی بەم تێگەیشتنەوە نییە، بۆیە دەبێت قوڵتر لەم پرسە تێبگەین.

من بە حوکمی ئەوەی ئەزموونی ٣٦ ساڵم لەناو ئیسلامی سیاسی هەیە و دامەزرێنەری بزاڤە ئیسلامییەکانم لە کوردستاندا و، هەتا ساڵی ٢٠١٦ کە خوێندنەوە و فیکر و تێڕوانینم بۆ « ئایین و سیاسەت» گۆڕا لەناو حزبێکی ئیسلامی گەورەبووم و، هاتنە دەرەوەشم لەناو ئەو حزبە ئیسلامییە تەنیا پەیوەندی بە گۆڕینی فیکر و تێڕوانینمە بۆ « ئایین و سیاسەت» و پەیوەندی بە هیچ مەسەلەیەکی دیکەوە نییە.

بێگومان، چەمکی «ئیسلامی سیاسی» بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو حزب و بزاڤانەی کە باوەڕیان وایە تاکە سەرچاوە بۆ ژیان و دەسەڵات بریتی بێت لە «ئایین» و، ئایین دەبێت هەموو ژیان داگیربکات، ئەوەی پێی دەگوترێت «بزاڤی ئیسلامی سیاسی» قەناعەتی بەو جۆرەیە کە دەبێت سیاسەتی «کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، بیروبۆچوون، تێڕوانین» دەبێت سەرچاوەکەی بریتی بێت لە ئیسلام و لە ئیسلامەوە هەڵقوڵابێت.

ئیسلامی سیاسی کاردانەوەیەك بوو دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، بەرامبەر بە سکولاریزمەکان، قەومیەکان، بزاڤە چەپەکان، ئەم کاردانەوەیە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، بیرمەند و زانایان پێیان وابوو، ئیسلام ڕووخا و هێزی نەما، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵات نەماوە، ئەوجا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و دەسەڵاتە، ئەوا دەبێت لە تاك و کۆمەڵگەوە بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە دەست پێبکەین. ئەمەش واتە زۆر بە سادەیی ئیسلامیان بەکارهێنا وەك سیاسەت بۆ پەروەردەکردنی تاك و کۆمەڵگە و ئاڕاستەکردنیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەهەر ڕێگەو شێوازێك بێت.

هەموو بزاف و جیهادە ئیسلامیەکان هەر لە جەماعەتی ئیسلامی لە پاکستانەوە تا دەگاتە ئیخوان موسلمینی میسر هەموویان لەو چەمکەوە دروست بوون کەپێی دەگوترێت ئیسلامی سیاسی و، پێش ئەوەی چەمکی ئیسلامی سیاسی بەکاربهێنرێت، ئەم بزاف و گروپانە هەر هەبوون و پێیان دەگووتن» ئیسلامی ئوسوڵی».

ئێمە لە کوردستان کاتێك ئەم پرسە بۆ گفتوگۆ دەکەینەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردن گفتوگۆی لەسەر ناکەین، بۆیە لەم بازنەیەدا باشترە بەو جۆرە گفتوگۆی لەسەر بکەین، چۆن چارەسەری ئەم کێشەیە لە کوردستاندا بکەین؟ بۆ ئەمەش من ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەم وەك چارەسەر بۆ ئەم پرسە گرنگە:

١. بەپێی ئەزموونی ٣٦ ساڵەی خۆم لەناو بزاڤە ئیسلامیەکاندا و، هەروەها سەردانەکانم بۆ «ئوردن، تونس، تورکیا، قەتەر، سعودیە« و دیدارم لەگەڵ زانایانی ئیسلامی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پرسی ئیسلامی سیاسیی پرسێکی فیکرییە و دەبێت بە فیکر چارەسەر بکرێت، نەك بە شێوازی ئەمنی و سەربازی.

٢. نابێت کارو چالاکی ئەو بزاڤە ئیسلامیانە سنووردار بکرێت یان هەوڵبدرێت سەرکوت بکرێن، ئەمەش لەبەرئەوەیە لەبەرامبەردا کاردانەوە دروست دەبێت ودەبنە حزبی ئیسلامی توندڕۆ، کە ئەمەش دروست بوو ژیان لە خۆیان و ئێمەش تێکدەدەن.

٣. دەبێت بە زمانی ئیمان نەك ئیلحاد گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکرێت، ئەمەش واتە چارەسەر بریتی نییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، بەڵکو بۆ چارەسەری ڕاستەقینە دەبێت هەوڵبدەین ڕێکخستنەوە و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بکەین.

٤. پێویستە حکومەت هانی ئەو کەسانە بدات کە لە بواری ئیرشاد و پەروەردە و ڕۆشنبیری ئیسلامی کار دەکەن کە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئایین پێداویستی کۆمەڵگەیە و، ئایین کۆمەڵێك بەهای بەرزی هەیە کە کۆمەڵگە باوەڕی پێیەتی، بۆ نموونە ئایین دژی «گەندەڵی، زوڵم و ستەم، نادادی .. هتد» ئەم کێشانەش ئێمە هەموومان بەدەستییەوە دەناڵێنن، بۆیە گرنگە ئێمە ڕێکخستنەوەیەکی تازە بکەین و گرنگە زانایانی ئایینی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تاك و کۆمەڵگە بەو ئاڕاستەیە پەروەردە بکەنەوە.

٥. لەناو ئەوانەی سەرقاڵی هزری ئیسلامین کەسانی بەهرەمەندن لەبواری سیاسەت هەن، گرنگە ئەوانەش هان بدەین کە حزب و بزاڤی سیاسی لەسەر بنەمای ئیسلام دانەمەزرێنن، بەڵکو حزب لەسەر بنەمای پاراستنی ژینگە، کاروباری کۆمەڵایەتی، گەشەپێدان، دابمەزرێنن، بۆ ئەمە پێویستە لەسەر ئەم ئاڕاستەیە پشتگیریان بکەین، ئەگەرئەم پشتگیرییە نەبوو دەچن حزبی لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسیی دروست دەکەن.

لەلایەکی دیکە پرسی ئیسلامی سیاسی

**حزبە ئیسلامیەکان لە هەردوو ئاراستەی بانگخوازی و چاکسازی شکستیان هێناوە**

**دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی، بیرمەند و زانایان پێیان وابوو، ئیسلام ڕووخا و هێزی نەما، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵات نەماوە، ئەوجا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و دەسەڵاتە، ئەوا دەبێت لە تاك و کۆمەڵگەوە بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە دەست پێبکەین**

**بەپێی ئەزموونی ٣٦ ساڵەی خۆم لەناو بزاڤە ئیسلامیەکاندا و دیدارم لەگەڵ زانایانی ئیسلامی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پرسی ئیسلامی سیاسیی پرسێکی فیکرییە و دەبێت بە فیکر چارەسەر بکرێت نەک بە شێوازی ئەمنی و سەربازی**

**چارەسەر بریتی نییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، بەڵکو بۆ چارەسەری ڕاستەقینە دەبێت هەوڵبدەین ڕێکخستنەوە و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت بکەین**



**بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئایین پێداویستی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵێک بەهای بەرزی هەیە کە کۆمەڵگە باوەڕی پێیەتی، بۆ نموونە ئایین دژی « گەندەڵی، زوڵم و ستەم، نادادی .. هتد» ئەم کێشانەش ئێمە هەموومان بەدەستییەوە دەناڵێنن**

پەیوەندی بە دوو چەمکی دیکەشەوە هەیە کە ئەوانیش بریتین لە چەمکەکانی دەوڵەتی « ئایینی و مەدەنی»، ئامانجی ئیسلامی سیاسی یان هەر ئایینێکی دیکە ئەوەیە کە دەوڵەتێکی ئایینی دابمەزرێنێت، بۆ نموونە « ئێران و ئەفغانستان و فاتیکان» ئەمانە دەوڵەتی ئایینین، لە دەوڵەتی ئایینیدا ئازادی ڕادەربڕین بوونی نابێت و بوار بەهیچ ڕاو بۆچوون و مەزهەبێکی جیاواز نادرێت و، گروپێك حکومەت کۆنترۆڵ و ئاراستە دەکەن و دەبێت هەموو شت لەو چوارچێوەیەدا بێت کە ئەو گروپە دەیەوێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك لەو دەوڵەتە ئایینیانە هەڵبژاردنیش دەکرێت.

بە پێچەوانە لە دەوڵەتی مەدەنیدا، ماف و ئازادییەکان لە چوارچێوەی یاسادا ڕێکدەخرێن و لەرێگەی هەڵبژاردنەوە پرۆسەی دەستاو دەستکردن دەسەڵات دروست دەبێت، بۆیە گرنگە هەڵوەستە جدی لەسەر ئەم دوو چەمکە بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئایا دەمانەوێت هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی یان مەدەنی هەڵدەگرین؟ لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری هەندێك لەو گرفتانە بکەین کە ئێستا حکومەتی خۆمان هەیەتی بە تایبەتی وەك « گەندەڵی و نادادی»دەبینین خودی چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتانە سەرچاوەیەکن بۆ گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی. لەمەش زیاتر کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەی چاکسازی بە یەکسانی و ڕێکوپێکی سەربخات ئەوا بەراستی پێویستمان بە دروستبوونی حزبی سیاسیی نابێت نەك حزبی ئیسلامی سیاسیی.

لایەنێکی دیکە کە دەبێت زۆر بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، پرسی گوتاری سیاسیی حزبە ئیسلامییەکانە کە لە چوارچێوەی گوتارێکی ئایینیدا ئاراستەی کۆمەڵگە دەکرێت، هەر بۆیە کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ ئەم گوتارە دەکەیت ئەگەر بەرامبەر خۆی شارەزای ئایین نەبێت، زۆر بە ئاسانی بە دوو دەقی قورئان و فەرموودە لەلایەن ئەو خەڵکانەوە تەکفیر دەکرێت، بۆیە باشترە



ئەوانەی پێشتر کادری ئیسلامی سیاسیی بوون و بە فیکر و تێروانینی ئیسلامی سیاسی، سیاسەتیان کردووە، ئەوانە گفتوگۆ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی بکەن، ئەمەش واتە دەبێت بە دەقی قورئان و فەرموودەکان گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، بۆیە دەبێت گفتوگۆکە لەسەر بنەمای ئایین لەگەڵیان بکرێت، چونکە ئەوان بە ناوی خواو پێغەمبەرەوە «د.خ» قسە لەگەڵ ئێمە دەکەن، ئەوا دەبێت منیش هەر بەناوی خوا و پێغەمبەرەوە « د.خ» قسەیان لەگەڵ بکەم و بە دەقی قورئان و فەرموودەکان بۆیان بسەلمێنم کە نابێت لە ناو ئیسلامدا حزب هەبێت.

پەنابردنی ئیسلامی سیاسی بۆ خواو پێغەمبەر «د.خ» و بانگەشەکردنیان بۆ تەکفیرکردنی ئەوکەسانەی پێچەوانەی ئەوان بیردەکەنەوە، ترسێکی گەورەی لە کۆمەڵگە دروستکردووە، حزبە ئیسلامییەکان بە ئاستێك جنێوفرۆشن کاتێك کەسێك کۆمێنتێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێت هەزاران جنێوی ناشیرینی بۆ دەنووسرێت، هەر خۆم کاتێك بزاڤی هاوپەیمانی دادپەروەریمان دامەزراند و لەو بزاڤە ئیسلامیانە جیابوومەوە، مامۆستا کرێکار بە فەرمی و بە ڕێگەی ڤیدیۆ من و مامۆستا محەمەد ڕەئوف و کاك جەلالی تەکفیر کرد، ئەمەش ترسێکە کە خەڵك بەرگەی ئەوە ناگرێت تەکفیر بکرێت.

حزبە ئیسلامیەکان لەگەڵ ئەوەی لەسەر هەردوو ئاراستەی بانگخوازی و چاکسازی بەردەوام بانگێشە دەکەن، بەڵام لەبواری بانگخوازی شکستیان هێناوە و، یەکێك لە قەیرانە گەورەکانی ناو حزبە ئیسلامیەکان ئەوەیە کە خۆیان دەڵێن لە بانگخوازیدا شکستیان هێناوە، لە بواری چاکسازیدا وەك بەرێزانیش ئاماژەیان پێکرد، پاش ئەوەی چوونە پەرلەمان وبەشداری حکومەتیان کرد، وەزیرو پەرلەمانتارانی لایەنە ئیسلامییەکانیش تووشی گەندەڵی بوون و هیچ جیاوازییەکان لەگەڵ ئەوانی دیکە نەبووە، بۆیە لە هەردوو بواری بانگخواز و چاکسازی شکستیان هێناوە.

**چارەسەرنەکردنی گەندەڵی و نادادی سەرچاوەیەکن بۆ گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەی چاکسازی بە یەکسانی و ڕێکوپێکی سەربخات ئەوا بەراستی پێویستمان بە دروستبوونی حزبی سیاسیی نابێت نەک حزبی ئیسلامی سیاسیی**



## د.نازناز محەمەد عەبدولقادر

مامۆستای زانکۆ و پسپۆری مێژوو:

# ئەوانەی لە کوردستان دروست دەکرێن هیچ پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکو لێدانە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی کەلتوور و کورد بوونمانە

**د.نازناز محەمەد عەبدولقادر ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و لە هەمانکاتدا ئەکادیمستێکی پسپۆری بواری مێژووە و، لەم بوارەشدا جیا لە نامەی ماستەر و دکتۆراکەی خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستییە، لەبواری کاری سیاسییش، لەگەڵ ئەوەی پەروەردەی خێزانێکی شۆڕشگێڕی ناسراوی کوردستان و پەروەردەی سەرکردەیەکی دیاری ئەم نیشتمانەیە، بەڵام خۆشی وەك ئافرەتێکی جوامێر هاوشانی هاوژینەکەی بەشداری خەباتی پێشمەرگایەتی و سیاسی کردووە و، کاتێکیش قسە لەسەر ئەو مەترسییانە دەکرێت کە دەکەونە سەر «کەلتوور و ناسنامە و کەلتورمان» زۆر بە ڕوونی خەمە گەورەکانی هەستی پێدەکرێت، لەم گفتوگۆیەشدا «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» زۆر زیاتر لە مەترسیەکانی ئیسلامی سیاسی خستە ڕوو کە ئەویش «سڕکردنی کوردبوونمانە - De-kurdiazation» بوو و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «ئیسلامی سیاسی و بەد گومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە»یە، من لەو ناونیشانە بەوجۆرە تێدەگەم کە ئیسلامی سیاسیی تاچەند بەد گومانی لەسەر ناسنامە و کەلتووری و یەکبوونی ئێمە وەك نەتەوەی کورد درووستکردووە.

بە بۆچوونی من ئەو دەرهاویشتە نەرێنیانەی ئێستای ئیسلامی سیاسی، بە شێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی خۆمان وەك سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بەتایبەتی کە دوای ڕاپەرین بووە دەسەڵاتی ئەمری واقیع و زەمینەی بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان فەراهەمکرد، دەبوو هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی یەکەم پێش دەرکەوتنی بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسی و گەشەکردنیان، بە ڕیفۆرمێکی ئایینی دەستیان پێبکردایە، هەروەك مارتن لۆسەر کینگ لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد و ئایینی لە سیاسەت جیاکردەوە و زەمینەی یەکبوونی گەلی ئەڵمانیای درووستکرد کە دواتر لەسەدەی نوزدەهەم لەسەر دەستی بسمارك توانی دەوڵەتێکی بەهێز بەناوی

دەوڵەتی فیدرالی ئەڵمانیا دابمەزرێنێت، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش لە هەرێمی کوردستان هەنگاو بۆ ئەو ڕیفۆرم و ڕێنیسانسە گەورەیە هەڵنەگیراوە و، ئەمەش ئەو بۆشاییەی خوڵقاندووە کە زۆر بە ئاسانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی پەڕگیر لە کوردستاندا بڵاوبێتەوە و گەشە بکات.

لەدوای ڕووداوە تیرۆریستیەکەی ١ی شوباتی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان کە کارەساتێکی گەورەی دروستکرد و زیاتر لە ١٠٠ سەرکردە و کادری سیاسیی کوردستانی شەهید کرد و بەسەدانی دیکەش بریندار بوون، ئەمە بووە هاندەرێکی ئینفعالی نەك بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ ئەوەی هەندێك هەنگاو بە ئاراستەی هۆشیارکردنەوە و ڕیفۆرمی ئایینی هەڵبگیرێت و بۆ ئەمەش چەندین کۆڕ و کۆنفرانس بە ئامانجی بوژاندنەوە و پەرەپێدانی کەلتووری کوردی ئەنجامدران ، بۆ ئەوەی ڕووبەرووی ئەو هەموو تاریك پەرستی و جەهلە ببینەوە.

بەڕێزان ، سەبارەت بە سەرهەڵدان و دروستبوونی بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسیی ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەم بزاڤانە بەتایبەتی بزاڤی ئیخوان موسلمین کە لە ساڵی ١٩٢٨ لە میسر دامەزرا، لەناو بۆشایی دوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی دامەزراون کە دەتوانین بڵێین ئیخوان موسلمین دایکی هەموو بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکانی دیکە کە دواتر گواسترایەوە بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی، بەڵام ئاماژەیان بەوە نەکرد چ لایەنێك لەپشت درووستکردنی ئەم بزاڤانەیە و بۆچ مەبەستێك بەکار دەهێنرێن؟ بە بۆچوونی من وەك پسپۆڕێکی مێژوو، هەردوو ئیمپریالیزمی فەرەنسا و بەریتانیا لە پشت دامەزراندنی بزاڤی ئیخوان موسلمینن وەك هزر و هێزێك بۆ دژایەتی بلۆکی کۆمۆنیزم یان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، ئەگەر بەم ئاراستەیە هەڵبکشێین بەناو مێژوودا، دەبینین بە هەمان ئاراستەش بزووتنەوەی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست و تەواوی لایەنە چەکدارەکانی دیکەی ئەفغانستان لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا دامەزراون بۆ ئەوەی لەدژی هێزەکانی سۆڤیەت شەڕ بکەن، ئێستاش بەڵگە بەردەست کەوتوون کە تەنانەت ئەمریکا لە پشت ئەو بزاڤەش بووە دوایی ناویان لە خۆیان نا «شۆڕشی ئیسلامی» و شا یان ڕووخاندوو کۆماری ئیسلامییان لە ئێران دامەزراند.

لە ئێستاشدا لەسەر ئاستی هەردوو مەزهەبی « شیعە و سوننە« ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە زۆر بەباشی پشتگیری ئەو ڕەوت و میلیشیا ئیسلامیانە دەکەن، بۆ نموونە ئێران زۆر بە ئاشکرا پشتگیری بەشێکیان دەکات و، سعودیە و ئیمارات و قەتەریش پشتگیری لایەکی دیکە دەکەن، کەواتە ئەم واقیعە پێمان دەڵێت ئەم بزاڤانە کە دروست دەکرێن بۆ ئامانجی لایەنێکی دەرەکی دەخرێنەگەڕ و، گومانیش لەوەدا نییە ئەوانەی لە کوردستان دروست دەکرێن و پشتگیری گەورە دەکرێت ئامانجیان هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکو لێدانە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و سڕینەوەی کەلتوور و کوردبوونمانە، ئەگەر نا ئەگەر سەیری تەواوی جیهانی ئیسلامی بکەین، هیچ نەتەوەیەك وەك نەتەوەی کورد باوەشی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەکردۆتەوە و، بەدڵ و نیەتێکی پاك تەفسیری بۆ ئایین کردووە و تێکەڵاوی سروشت جوانی کوردستان و کەلتووری ڕەسەنی کوردەواری کردووە، هەر بۆیە جوانییەکانی سروشتی کوردستان و ڕەسەنایەتی کەلتوور و بوونمان بە شێوەیەکی زۆر سروشتی لە پیادەکردنی ئایینیماندا ڕەنگی داوەتەوە و بۆنە ئایینەکانی وەك مەولود و جەژنەکانی « ڕەمەزان و قوربان» لە گوندەکانی کوردستاندا وەك فیستیڤاڵێکی میللی بەڕێوە براون، ژن و پیاو پێکەوە بەشدارییان تێدا کردووە و سیمایەکی ڕەنگاو ڕەنگی پێ بەخشیووە، بەڵام بەداخەوە لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا و بەهۆی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان، ئەو ڕەسەنایەتی و ڕەنگاو ڕەنگیان لە کوردستان سەندەوەو گومانیان لەسەر کەلتوری ڕەسەنی کوردەواری و سروشتی جوانی کوردستان و بۆنە و هێما نیشتمانییەکانمان وەك نەورۆز و ئەی ڕەقیب و پیرۆزی خاك و خوێنی شەهیدانمان درووستکرد.

ئەم واقیعە تاڵەی ئێستا دەبینین، بەشێکی زۆری هەڵەی خۆمان و حزبە سیاسییەکانی کوردستانیشە، لەدوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و دواتریش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی

**دەبوو هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی یەکەم پێش دەرکەوتنی بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسی و گەشەکردنیان، بە ڕیفۆرمێکی ئایینی دەستیان پێبکردایە**

**بە بۆچوونی من وەک پسپۆڕێکی مێژوو، هەردوو ئیمپریالیزمی فەرەنسا و بەریتانیا لە پشت دامەزراندنی بزاڤی ئیخوان موسلمینن وەک هزر و هێزێک بۆ دژایەتی بلۆکی کۆمۆنیزم یان یەکێتی سۆڤیەتی پێشان**

**لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا و بەهۆی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان، ئەو ڕەسەنایەتی و ڕەنگاو ڕەنگیان لە کوردستان سەندەوەو گومانیان لەسەر کەلتوری ڕەسەنی کوردەواری و سروشتی جوانی کوردستان و بۆنە و هێما نیشتمانییەکانمان وەک نەورۆز و ئەی ڕەقیب و پیرۆزی خاک و خوێنی شەهیدانمان درووستکرد**



**دەبێت حکومەتی هەرێم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەک وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە بەرمانە دابنێن گەنجانمان لەنێوان چوونیان بۆ کافیتریا و مزگەوت، رێگەی سێیەم بگرنە بەر کە ئەویش کردنەوەی سەنتەری چالاکی گەنجانە**

هەرێمی کوردستان، ململانێی نا تەندروستی حزبە سیاسیەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ناسەقامگیرییەکی گەورەی لە پرۆسەی سیاسی کوردستاندا دروستکردووە کە نەتوانرێت وەك پێویست بیر لە پرسە نیشتمانییەکان بکرێتەوە و نەیهێشتووە بیر لە خەمە گەورەکانی نیشتمان و ناسنامە و کەلتوور و بوونمان بکەینەوە، ئەوەندە حزبایەتی گرنگ بووە، ئەوەندە کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی گرنگ نەبووە، هەربۆیە ئەم ناسەقامگیرییە سیاسییە و ئەو ململانێ ناتەندروستەی حزبایەتی، بۆشاییەکی گەورەی ئەوتۆی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە کە زۆر بە باشی ئیسلامی سیاسی گەشە بکات و ببێتە ئەو هەڕەشەیەی کە ئێستا هەستی پێدەکەین و هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان و کەلتوور و بوونمان دەکات، ئەم مەترسییە کە ڕاستەوخۆ لەناوخۆی کوردستاندا هێزمان لێدەبڕێت و شەکەتمان دەکات، وایکردووە کە وەك پێویست نەتوانین خۆمان بۆ هەڕەشە و مەترسییەکانی دیکەش کۆبکەینەوە کە لەسەرووی هەموویانە ئەو مەترسیانەیە کە دیاردەی جیهانگەرایی بەدوای خۆیدا هێناویەتی.

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بە مەترسی تەعریب کرد وەك دەرهاویشتەیەکی نەرێنی حزبە ئیسلامییەکان، بەڵام ئەوەی من دەیبینم لە تەعریب گەورەترە و دەتوانم ناوی لێ بنێم « سڕکردنی کوردبوون — De-kurdization» بە هەموو مانایەك، واتە ژینگەیەك دروست دەبێت کە تۆ ناتەوێت شانازی بە کوردبوون و کەلتووری ڕەسەنی کورداوەری خۆتەوە بکەیت، ژینگەیەك دروست دەبێت ڕێگە نادات دابونەریتی کوردەواری دیار بێت.

لەسەردەمی جیهانگەراییدا، کۆمەڵگە دەکەوێتە بەر هەموو مەترسییەك و سنوورەکانیش کراوەن بۆ ئەوەی هەموو مەترسییەك بێتە ناو کۆمەڵگە، ئەم مەترسیانە خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکی زۆر جدییە لەسەر ئەو نەتەوانەی لاوازن و بە ئاسانی فیکر و کەلتوری ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بەسەریاندا زاڵ دەبێت، ئەمەش وا دەکات بەبێ ئەوەی نەتەوەو خاکەکەت داگیرکراو بێت، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ بەرەو توانەوەت دەبات، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم مەترسیە جدیانە دەبێت پلانی تۆکمە هەبێت و، چۆن موسڵمانان ڕۆژانە فەرزە لەسەریان پێنج نوێژبکەن، ئەوا دەبێت



ئێمەش لەگەڵ نوێژەکانماندا وەك فەرز بیر لەوە بکەینەوە خۆمان لە مەترسی توانەوە بپارێزین.

لەم گفتوگۆیەدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە سوود لە ئەزموونی تاجیکستان وەربگرین کە وەك هەنگاوێك بۆ ڕێگرتن لە توانەوە دەستیان پێکردووە، ئێستا هەوڵی ئەوان بۆ ئەوەیە چۆن زمانی خۆیان زیندوو بکەنەوە و پیرۆزی بکەن، چۆن کەلتووری خۆیان پەرەپێبدەن، ڕێگە نادەن بێجگە لە ناوی تاجیکی هیچ ناوێکی دیکە لە منداڵەکانیان بنرێت و خۆیان لەناوەکانی عەرەبی دەپارێزن، من لەو قەناعەتەم زۆر پێویستمان بەم هەڵمەتە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك بەناو شارەکانی هەرێمی کورستان دەگەڕێین، جیا لەو مەترسیانەی ئیسلامی سیاسی دروستی کردوون، کەمتەرخەمی دەسەڵات و حکومەتی خۆشمان دەبینین کە خەمساردن لە بایەخدان بە زمان و کەلتووری ڕەسەنی کوردی، دەبینین تابلۆی سەر مارکێت و کۆمپانیا و چێشتخانە و دوکان و بازاڕەکان، نیوەی بە عەرەبی نووسراوە و چارەگێکی بەکوردی و ئینگلیزی نووسراوە، ئەوانەی دەرچووی قوتابخانە ئەهلی و ئەنتەر ناشناڵەکانن هەمووی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، جلوبەرگی کوردی « پیاوان و ئافرەتان» شێوێندراوە هەر کەسە و بەجۆرێك گۆڕانکاری تیدا دەکات، کەسێکی ئیسلامی بەو شێوەیە گۆڕانکاری تێدا دەکات بۆ ئەوەی بناسرێتەوە کە ئیسلامییە، حیجابی ئافرەتان بەشێوەیەك پەرەی پێدەرێت کە دەبێت یان لەچك و مانتۆکەی ئێران بێت، یان عەبا و پێچەکەی سعودیە و ئیمارات و قەتەر بێت. بەدەیان کافیتریا کراونەتەوە کە گەنجەکانمان فێری نێرگەلە کێشان و ئالودە بوون بە ماددەی هۆشبەر دەکەن، بەدیلی ئەم کافیتریانە ئەو مزگەوتانەیە کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت گەنجەکانمان بە هزرێك پەروەردە بکات پاشان هەموو کۆمەڵگە بە کافر بزانێت.

پێشنیاری من بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە ئەوەیە کە دەبێت حکومەتی هەرێم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەك وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە بەرمانە دابنێن گەنجانمان لەنێوان چوونیان بۆ کافیتریا و مزگەوت، ڕێگەی سێیەم بگرنە بەر کە ئەویش کردنەوەی سەنتەری چالاکی گەنجانە بە هەموو ئەو بوارانەی جێگەی بایەخی گەنجن، ئەگەر نەتوانین گەنجەکانمان بپارێزین کوردستان ئایندەیەکی باشی نابێت.

**بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم مەترسیە جدیانە دەبێت پلانی تۆکمە هەبێت و، چۆن موسڵمانان ڕۆژانە فەرزە لەسەریان پێنج نوێژبکەن، ئەوا دەبێت ئێمەش لەگەڵ نوێژەکانماندا وەک فەرز بیر لەوە بکەینەوە خۆمان لە مەترسی توانەوە بپارێزین**





## د.سۆران سێوکانی

**مامۆستای زانکۆ و پسپۆر لە هزری ئیسلامی سیاسیدا:**

# بۆخۆم لە سەرکردەی باڵای یەکگرتوی ئیسلامیم بیستووە وتوویەتی مەسەلەی نەتەوایەتی و دیموکراسی بۆ بەڕێکردنی کاتە، نەک مەبدەئێک بێت لامان

د.سۆران سێوکانی جیا لەوەی مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانکۆی کەرکوك لە هەمانکاتدا یەکێکە لە سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی کوردستان و ، زۆر بوێرانە لەسەر هزر قسە دەکات و بەرنامەیەکیشی لەکەناڵی ٢٤ هەبوو بەناوی «کرانەوە» کە هەر خودی ناونیشانی ئەو بەرنامەیە نوێخوازی و نوێبوونەوەی لێدەخوێنرێتەوە، ماوەیەکی زۆریش یەکێك بووە لە کارەکتەرە دیارەکانی ناو بزاڤەکانی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و یەکگرتووی ئیسلامی بە تایبەتی، بەڵام لەمیانەی نوێکردنەوەی بەردەوامی هزر و بیرکردنەوەی خۆی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لە پێناوی خاك و نیشتماندا گەیشتە ئەو قەناعەتە ناکرێت کورد لە ناو ئایدیۆلۆژیایەك بمێنێتەوە کە ئامانجی سڕینەوەی کوردبوونمان و دژایەتیکردنی قەوارەی کوردستاندا بێت، لە گفتوگۆی ئەمجارە « ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر ناسنامە و کەلتوور» زۆر بە بوێری بۆچوونەکانی بەمجۆرە خستەڕوو.

بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیە زۆر باسیان لە ئیسلامی سیاسیی کرد وەك بزاڤێکی گلۆباڵی، بۆیە من جەخت دەکەمەوە سەر هەرێمی کوردستان و بەو پرسیارە دەست پێدەکەم « ئایا ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لە برەودان یان بەرەو شکست دەچێت؟

پێش ئەوەی بە وردی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە ئێمە هەموومان لەسەر چەمکی «ئیسلامی سیاسی» هاوڕاین و پێناسەکراوە، بەڵام ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار لەلایەن محەمەد سەعید عەشماوی بەکار هێنرا کە کتێبێکی بەناوی «ئیسلامی سیاسی» نووسی و دوای ئەم چەمکە بوو بە زاراوەو بەکارهێنرا.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، دەبێت باس لە حزبە ئیسلامییەکان بکەین کە ئەوانیش بریتین لە «یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری، بزووتنەوەی ئیسلامی، لە ئێستادا بزووتنەوەی ئیسلامی بێ کاریگەر بووە، کۆمەڵی دادگەریش بە

تێڕوانینی من ئایندەیەکی ڕۆشنی نییە لەبەر ئەوەی بناخەیەکی پتەو و بەهێزی نییە.

ئەوەی شایەنی ئەوەیە قسەی لەسەر بکرێت، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە کە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایە مێژووەکەی نزیکەی ١٠٠ساڵە لە جیهاندا، ئەویش ئیخوان موسلمینە، لە هەمانکاتدا یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی توانایەکی دارایی زۆریشە کە لە ئیخوان موسلمینی جیهانی و دەزگا خێرخوازیەکانەوە پێیدەگات وەك ئەوەی لە ڕابیتەی ئیسلامیدا بەرجەستە دەبوو لە نەوەدەکاندا.

بۆیە هەرگیز یەکگرتووی ئیسلامی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٩٤ تا ئێستا کێشەی پارەی نەبووە و، من بە خۆم لە ساڵی ١٩٩٤ کە ئەو کات ئەندامی یەکگرتوو بووم لە سەرکردەی هەرە دیاری یەکگرتووم پرسی» بۆچی ئێوە دەست بە پارەوە ناگرن و زیادە مەسرەفی دەکەن؟» ئەم پرسیارەم لەبەر ئەوە بوو لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی کۆڕۆنای مۆدێل١٩٨١یان کڕیبوو بە (٣٦٠) هەزار دیناری سویسری لەکاتێکدا کرێی ئەو سێ خانووانەی تێیدا بووین نزیکەی (٣٠٠٠٠) دیناری سویسری بوون لە مانگێکدا، کە دەمانتوانی هەرسێ خانووەکە بەو بڕە پارەیەی کرۆناکە بکڕین، ئەم پارەیە بۆ ئەو کات کە خەڵك خەریك بوو لەبرسان دەمردن و کەلوپەلی ناوماڵیان دەفرۆشت بۆ ئەوەی بیدەن بە نیو فەردە ئارد، مەبلەغێکی زۆر زۆر بوو، لە وەڵامدا ئەو سەرکردەیە پێی گوتم «خەمی پارەت نەبێ .. پارەمان زۆرە.

ئاماژەکردنم بەم نموونەیە بۆ ئەوە بوو کە بوونی پارەش خاڵێکی بەهێزە لە سیاسەتدا، هەربۆیە یەکگرتوو بە هەبوونی ئەم پارە زۆرە و هەروەها بە حوکمی ئەوەی ئیخوان موسلمین خاوەنی پرۆگرامێکی پەروەردەیی بەهێزە و لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو بەسەرکەوتوویی جێبەجێی کردووە، زۆر بەنەرمیش ئەم پرۆگرامە جێبەجێ دەکەن، ئەوا بەمانا پراگماتیەکەی دەتوانێت خۆی لەگەڵ واقیعدا بگونجێنێت، دەشتوانێت بەردەوام بێت و ڕەگ و ڕیشەی خۆشی دابکوتێت، لە هەرێمی کوردستانیشدا ئەو ڕەگ و ڕیشەیەی خۆی داکوتیووە.

خاڵێکی دیکە لەسەر مەترسی ئایدیۆلۆژیای ئیخوان موسلمین ئەوەیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە توانیویەتی دوو خاڵی گرنگ لە عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە بگۆڕێت ، ئەمەش نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهاندا، ئەو دوو خاڵەش بریتین:

١. فەتوا بۆ جیهاد کردن، لای ئەهلی سوننە و جەماعە تەنیا خەلیفەی موسڵمانان یاخود سەرۆکی دەوڵەت(هەرناوێکی هەبێت) دەتوانێت فەتوای جیهاد بدات، بەڵام لای ئیخوان موسلمین هەموو کەس لە دەرەوەی دەسەڵات دەتوانێت فەتوای جیهاد بدات، ئەویش بۆ دەرەوەی کۆمەڵگەی موسڵماننشینە، واتە بۆ وڵاتی دوژمن یان کاتێک دوژمن مەترسی دروست دەکات لەسەر خاکی موسڵمانان، نەك بۆ ناوخۆی کۆمەڵگەی موسڵماننشین. لەڕاستیدا ئەوانەی لە مێژووی ئیسلامدا لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماننشیندا جیهادیان دژی دەسەڵات و خەڵکیش کردووە خەواریج بوون.

٢. دەرچوون لە دەسەڵات یان دژایەتیکردنی دەسەڵات، ئەم خاڵە بە کۆی دەنگ لای ئەهلی سوننە و جەماعەت حەرامە. ئاشکرایە لای ئەهلی سوننە دەرچوون لە دەسەڵاتی سیاسی، هەرچەند فاجر و ستەمکاریش بێت قەدەغەیە، تەنیا کاتێک دەرچوون دروستە کە حاکم ئیعلانی کوفری خۆی بکات.

گەلێك جاری دیکە ئەو قسەیەم دووبارە کردۆتەوە و لێرەش دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: ئەوەی تیرۆریستانی داعش دەیکەن، ڕەگەکەی لەناو کتێبەکانی «حەسەن بەنا و سەید قوتب و سەعید حەوا» دا هەیە، سەعید حەوا کە مونەزیری سێیەمی ئیخوانی موسلمینە کتێبێکی هەیە بەناونیشانی « جنداللە ثقافة و أخلاقا» ، ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە ڕەفتاری تیرۆریستانی داعش لە چاویدا فریشتەیە.

کەواتە ئەو ئیسلامی سیاسییەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، هەتا دەگاتە تیرۆریستانی داعشیش لە هزری ئیخوان موسلمینەوە دەرچوون، ئەو هزرەش بریتییە لە «جیهادکردن لە دەرەوەی دەسەڵات و دژی دەسەڵات»، حەسەن بەننا خۆی «ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان»ی دامەزراندووە بۆ جیهاد،

**کاتێک ئیخوان موسلمین دەچنە فەلەستین بۆ جیهاد ساڵی (١٩٤٨) بۆ سەربەخۆیی دەچن نەک لە ژێر ئاڵای حکومەتی میسریدا، ئەوەش پێمان دەڵێت ئیخوان ئیعتیراف بەدەسەڵاتی دەوڵەت ناکەن وەک دەسەڵاتێکی شەرعی**

**خەڵکانێک لەژێر کاریگەری هزری سەلەفییەتدا هەستاوە لە خوشکەکەی خۆی داوە و کوشتوویەتی لەسەر ئەوەی حیجابی نەکردووە**



سەرنج بدەن کاتێک ئیخوان موسلمین دەچنە فەلەستین بۆ جیهاد ساڵی(١٩٤٨) بۆ سەربەخۆیی دەچن نەك لە ژێر ئاڵای حکومەتی میسریدا، ئەوەش پێمان دەڵێت ئیخوان ئیعتیراف بەدەسەڵاتی دەوڵەت ناکەن وەك دەسەڵاتێکی شەرعی، ئەمە لەکاتێکدا شێخ حەسەن بەننا خۆی وەك لە (مذکرات)دا باسی دەکات بەیعەتی دینیی داوە بە مەلیک فاروق، ئەی دەبێت ئێستا هەڵوێستیان چۆن بێت؟

مەسەلەی تەکفیری کۆمەڵگەش لە هزری سەید قوتب هەڵقوڵاوە، ئەوەی سەید قوتب زۆر ڕاشکاوانە نییە، بەڵام لای سەعید حەوا زۆر ڕاشکاوانەیە و بەدەق لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبەدا هاتووە و دەڵێت: « لەگەڵ ئەوەی هەموو حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامی کافرن، هاوکات کۆمەڵگەکانیشیان هەر مورتەدن، بەڵام ناتوانین بڵێین کافرن لەبەر ئەوەی لەگەڵیان دەژین و خێزانیان لەگەڵ پێکدەهێنین و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین»، پرسیار ئەوەیە شتێک هەیە لە بەکافرکردنی کۆمەڵگە زیاتر؟

ئێستا یەکگرتوو ئەم هزرە توندئاژۆیە دەشارێتەوە هەرچەندە لە پرۆگرامی پەروەردەیی حزبیاندا کتێبەکەی سەعید حەوا «جندالله ثقافة و أخلاقا» بوونی هەیە، ئیخوان موسلمین بەشێوەیەکی پراگماتیکی سیاسەت دەکات، هەموو شتێك هەنگاو بە هەنگاو دەست پێدەکات و هەموو هەنگاوەکانیشی تاکتیکین و مەبدەئی نین.

وەك وتم وێستگەکانی یەکگرتوو لەئێستادا هیچیان مەبدەئی نین، بەڵکو تاکتیکن. بۆ نموونە ئەگەر چەند ساڵێك پێش ئێستا بمانگوتایە ئیخوان موسلمین دژی نەتەوەن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەزاران جنێوت بۆ دەهات، تەنانەت من لە ٢٠١٤ و لەسەروبەندی پەیدابوونی داعش ئەو قسەیەم نووسی بە هەزاران جنێوی ناشرینیان بۆ ناردم. ئەمە لەکاتێکدا بۆخۆم لەسەرکردەی باڵای یەکگرتووم بیستوە وتویەتی مەسەلەی نەتەوایەتی و دیموکراسی بۆ بەڕێکردنی کاتە. نەك مەبدەئێک بێت لامان. کەچی

ئێستا کە مەسەلەی نەتەوەیی و قەوارەی هەرێمی کوردستان لەژێر پرسیاردایە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان هەر لە ئەمیندارەکەیەوە تا دوا ئەندامیان، پرسی نەتەوەییان کردۆتە گاڵتەجاڕی و قسە لەسەر قەوارەی هەرێم بەشێوەیەکی سەلبی دەکەن.

لایەنێکی دیکەی مەترسیدار لەناو ئیسلامی سیاسیدا سەلەفییەتی مەدخلییە، ئەم سەلەفییەتە لە ئێستا مەترسی بۆ دەسەڵات نییە، بەڵکو مەترسییەکانی لەسەر کۆمەڵگەیە، شێوازی مامەڵەکردنی سەلەفییەت خۆگونجاندنە لەگەڵ دەسەڵات، ئاشکراشە دەسەڵاتی سیاسیی شەڕی تاکتیکی دەکات نەك ستراتیژی، بۆیە کە مەترسی بۆ دەسەڵات نەبوو نەك لێی بێدەنگ دەبێت، بەڵکو پێشوازیشی لێدەکات، لە کوردستانیش دەبینین چۆن دەسەڵات پێشوازی لە ڕابەری سەلەفییەکان دەکات. بەڵام ئەم هزری سەلەفییەتە لە بناخەوە کۆمەڵگە هەڵدەتەکێنێت، واتە هزری سەلەفیی وەهابیزم هەڵتەکێنەری ستراکتۆری کۆمەڵگەیە، هزرێکی ڕادیکاڵە، بەڵام لەژێر ناوی بەگوێکردنی دەسەڵات. لەڕووی بینینمان خەڵکانێك لەژێر کاریگەری هزری سەلەفییەتدا هەستاوە لە خوشکەکەی خۆی داوە و کوشتوویەتی لەسەر ئەوەی حیجابی نەکردووە، گەنجێك هاتووە ڕەسمی باپیری خۆی سووتاندووە کە باوکی چەندین ساڵە پاراستوویەتی و شانازی پێوە کردووە.

سەلەفییەتی مەدخلی و ئیخوان موسلمینی یەکگرتوو، دوو ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاری سەرتاپاگیرن و دەچنە ناو خوێنی خەڵکەوە دەبێتە هەڵتەکێنەری هەموو کەلتوور و دابوونەریتێکی کۆمەڵگە و گۆڕینیەتی بۆ شێوازێکی دیکە، فەرموون سەیر بکەن ئایا کۆمەڵگەی میسری پێش ٥٠ ساڵ هەمان کۆمەڵگەی میسری ئێستایە، ئەمە بۆ ئەفغانستان و سودان و تەنانەت کوردستانیش هەر وایە.

لەناو هزری ئیخوان موسلمین کە یەکگرتووی ئیسلامی پێڕەوی دەکات، سیاسەت ڕووکەشە و لە پشتەوە ئیشی تر دەکرێت، هەروەك چۆن ئێستا دوکان هەیە لەسەری نووسراوە «دەرمانخانەی گژو گیای سروشتی» بەڵام لەناوەوە بازرگانی ماددەی هۆشبەر دەکرێت، لەم چوارچێوەیەدا یەکگرتوو ڕووکەشێکی سیاسییە بۆ کارێکی گەورەتر کە ئەویش هەڵتەکاندنی کۆمەڵگەیە، تا ئێستا لەم کارەیاندا سەرکەوتوو بوون، یەکگرتوو یەکەمجار هەوڵدەدات لەناو کۆمەڵگە کاری خۆی بکات نەك سیاسەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵگەت هەڵتەکاند، دوایی کۆمەڵگە خۆی سیاسەتەکە دەگۆڕێت. ڕابەری دووەمی ئیخوانی میسر دەڵێت (دەوڵەتی ئیسلام لە دڵەکانتاندا بنیات بنێن خۆی لە واقیعدا پراکتیزە دەبێت).

لەسەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانە دەمەوێت ئاماژە بەچەند خاڵێك وەك ڕاسپاردە بکەم:

١. ئەو پانتاییەی یەکگرتوو و ئیسلامی سیاسیی شەڕە جنێوی تێدا دەکات تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە نەك هۆیەکانی ڕاگەیاندن، لەم پانتاییەدا زۆر سەرکەوتوون لەبەرئەوەی حزبەکانی دیکە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، ئەوەندەی سەرقاڵن بە یەکترییەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسە بەیەکتری دەڵێن، زۆر کەم ئاگایان لە مەترسی ئیسلامی سیاسییە.

٢. بەرەنگاربوونەوەی ئیخوانیزم و وەهابیزم (سەلەفییەت) بە توندوتیژی نابێت، بەڵکو بە زیندووکردنەوەی ئیسلامی کۆمەڵگەیی ڕاستەقینە دەبێت.

٣. کارکردن لەسەر ئیسلامی ئەهلی سوننە و جەماعە کە هەموو سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵگە دروست دەکات. چونکە فیقهی ئەهلی سوننە فیقهی سەردەمی سەقامگیری و دەسەڵاتە لەکاتێکدا فیقهی سەلەفی (کە ئیخوانیش سەر بەو مەدرەسەیەیە) فیقهی سەردەمی پەشێوی و نەبوونی دەسەڵاتێکی سەقامگیرە وەك خەواریجەکان لە سەردەمی فەوزای نێوان عەلی و مەعاویەدا.

٤. دەبێت ئێمە هەموومان بە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیمانەوە لەسەر ئەو پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کار بکەین کە پێی دەگوترێت کوردستان، هەوڵبدەین دووبارە ئینتمای نیشتمانی و کەلتووری ڕەسەن و کوردبوونمان زیندوو بکەینەوە و پەرەی پێبدەینەوە.

**ئەوەی تیرۆریستانی داعش دەیکەن، ڕەگەکەی لەناو کتێبەکانی « حەسەن بەنا و سەید قوتب و سەعید حەوا» دا هەیە، سەعید حەوا کە مونەزیری سێیەمی ئیخوانی موسلمینە کتێبێکی هەیە بەناونیشانی « جندالله ثقافة و أخلاقا» ، ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە ڕەفتاری تیرۆریستانی داعش لە چاویدا فریشتەیە**

**بەرەنگاربوونەوەی ئیخوانیزم و وەهابیزم (سەلەفییەت) بە توندوتیژی نابێت بەڵکو بە زیندووکردنەوەی ئیسلامی کۆمەڵگەیی ڕاستەقینە دەبێت**



## د.عەرەفات کەرەم ستونی

پسپۆر و تایبەتمەند لە هزر و شەریعەتی ئیسلامدا:

# لە هەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی بوونی هەبێت، چارەنووسی ئەو شوێن و وڵاتە کاولبوونە، ئیسلامی سیاسیی بە سروشتی خۆی ڕێگە نادات سەقامگیری دروست بێت، لە خودی خۆیدا دژی سەقامگیرییە

**د.عەرەفات کەرەم ستوونی پسپۆرو تایبەتمەندە لە « بەراوردکاری ئایینەکان و فەلسەفەی ئیسلامی» و یەکێکە لە قەڵەمە دیارەکانی هزری ئیسلامی و تا ئێستا دەیان کتێب و بەسەدان توێژینەوە و وتاری لەمبارەوە نووسیووە و لە میدیاکاندا بڵاوی کردۆتەوە، لەساڵی ٢٠١٤ – ٢٠١٨ ئەندامی پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و، لە گفتوگۆی ئەمجارە «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.**

وروژاندن یان گفتوگۆکردن لەسەر پرسی «ئیسلامی سیاسی» پرسێکی زۆر گرنگە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر پێناسەیەکی دروستی ئایین بکەین، زۆر لەو کێشانە چارەسەر دەبن، بەدیدی من « ئایین بریتییە لە پەیوەندییەکی نهێنیی نێوان تۆ و خوا، ئەخلاقیش پەیوەندییەکی ئاشکرایە لەنێوان تۆ خەڵکی»، بەڵام ئیسلامی ئایینی کردۆتە پەیوەندنی تۆ و خەڵك بۆ ئەوەی ئەوان بیگوازنەوە بۆ خوا.

ئیسلامی سیاسیی لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیەتێکە، ئایدیۆلۆژیەتیش لە بنەڕەتدا دژی دەوڵەتی «نیشتمانی و مەدەنی»یە، دژی پرۆسەی دیموکراسییە.

یەکەمین کەس کە پەیڤی ئیسلامی بەکارهێنا ١٠٠٠ساڵ پێش ئێستا ئەبولحەسەنی ئەشعەری بوو، بەڵام ئایا مەبەستی ئەشعەری لەم پەیڤە چی بوو، بێگومان مەبەستی ئەو کەسانە بوو کە بایەخ ئایین و مەزهەبەکان دەدەن، بەڵام ئێستا ئیسلامی سیاسی بۆتە ئەو چەمکەی کە گروپێك لەناو ڕێکخستنێکی سیاسیدا ڕێکدەخات.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین هەموو ئیسلامییەك موسڵمانە بەڵام هەموو موسڵمانێك ئیسلامی نییە، ئەمە وایکردووە کە ئامانجی موسڵمان لەگەڵ ئیسلامی جیاواز بێت، موسڵمان ئامانجی ئەوەیە خوا لێی ڕازی بێت، بەڵام ئیسلامی کە من دیراسەتی ٢٠ دەوڵەتم کردو تا دەگاتە موزەمبیق، ئیسلامییەکان ئامانجیان نوێکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامییە.

کاتێك لەساڵی ١٩٢٢ خەلافەتی عوسمانییەکان گۆڕا بۆ سەڵتەنەت و، لە ساڵی ١٩٢٤ خەلافەت بوونی نەما، لەساڵی ١٩٢٨ حەسەن بەننا گروپی ئیخوان موسلیمنی لە ئیسماعیلیەی میسر دامەزراند، لەو سەردەمە زانایەك هەبوو لە میسر ناوی «عەلی عەبدولڕازق» کتێبێکی نووسی بەناونیشانی «الاسلام اصول الحکم» لەو کتێبە باسی لەوەکرد کە خەلافەت زاراوەیەکە لە ئیسلامدا بوونی نییە و لە قورئانیشدا باس نەکراوە، تەنیا فەرموودەیەکی پێغەمبەر«د.خ» هەیە کە دەڵێت «الائمة من قريش»، ئەمەش مانای ئەوەیە «عەرەبەکان پێیان وایە خەلیفە کەسێکی قورەیشی بێت» بەمەش خەلافەتی عوسمانی پێچەوانەی شەریعەتە.

لەم ڕوانگەیەوە ئیخوان بۆ ئەوە دامەزرا کە ئەمە ڕاست بکاتەوە، بەڵام کاتێك ئیخوان دامەزرا وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی خۆی ڕاگەیاند نەك سیاسیی، سروشتی بزاڤە ئیسلامیەکانیش وایە سەرەتا وەك بزاڤێکی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکەن دواتر کە ڕەگیان داکوتا خۆیان ئاشکرا دەکەن. لە ساڵی ١٩٤٠ حەسەن بەننا «ڕێکخستنی نهێنی ئیخوانی» دامەزراند،کاری ئەم ڕێکخستنە کوشتن و تیرۆرکردنی ئەو کەسانە بوو کە دژی ئیخوان ڕادەوەستان، بۆیە گەورەترین زانای موسڵمانیان تیرۆر کرد، کە ئەویش محەمەد حسین ئەلزەهەبی بوو کە وەزیری ئەوقافی مسیر و خاوەنی باشترین کتێبی «التفسیر و المفسرین» بوو.

لەم چوارچێوەیەدا قەناعەتی من بەوجۆرەیە لە هەر شوێنێك ئیسلامی سیاسی بوونی هەبێت، چارەنووسی ئەو شوێن و وڵاتە کاولبوونە، ئەم پرسە لەبەر ئەو کەسانە نییە کە لەو ڕێکخستانە کار دەکەن ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسیی ئایدیۆلوژیەتە، ئایدیۆلۆژیەتیش بە سروشتی خۆی ڕێگە نادات سەقامگیری دروست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیەت لە خودی خۆیدا دژی سەقامگیرییە.

بێگومان دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئێرانیش شیعە هاتە دەسەڵات و کۆماری ئیسلامیان ڕاگەیاند، ئەوانیش کەوتنە ژێرکاریگەریی نووسینەکانی ئیخوان موسلمین، ئەوانیش ئیسلامیان وەك ئایین گواستەوە بۆ ئایدیۆلۆژیا، چۆن؟ دەزانن لە مەزهەبی شیعەدا « ویلایەتی فەقیە» ویلایەتی فەقهی شەرعییە و بەس ، ئەمەش واتە وەلی فەقهی تەنیا دەستوەردان لە کاروباری شەرعی دەکات، دوای ساڵی ١٩٧٩ ویلایەتی فەقهی شەرعی گۆڕا بۆ ویلایەتی فەقهی ڕەها، واتە هەموو شتێك وەك دانانی سەرۆك کۆمار، پەرلەمان، حکومەت، دەبێت هەمووی بەرەزامەندنی وەلی فەقهی ڕەها بێت.

عەلی حوسێن مونتەزری جێگری ئایەتوڵڵا خومەینی ڕەخنەی لە ویلایەتی فەقهی ڕەها گرت و گوتی ئەمە هەڵەیە، لەسەر ئەم قسەیە خستیانە ژێر مانەوەی زۆرەملێدا «الاقامة الجبرية» هەتا لە ٢٠٠٩ کۆچی دواییکرد.

ئێستا لە عێراقیشدا پرسی ولایەتی فەقهی شەرعی بە نهێنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەو فەتوایانەی ئایەتوڵڵا سیستانی لە زۆر بواردا دەیدات هەموو دەستوەردانە لەکاروباری سیاسی بۆیە دەتوانین عێراقیش بەرەو ویلایەتی فەقهی ڕەها دەڕوات. لەمەش زیاتر ئەم هەموو بۆنانەی حوسێنیەکان و سەردانی ملیۆنی ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی بەرەو دەوڵەتێکی ئایینی دەڕین و، بۆ پاراستنی ئەم دەوڵەتەش حەشدی شەعبیان دروستکردووە و ساڵ لەدوای ساڵیش فراوانتری دەکەن.

لەسەر ئەم پرسە ئیمامی ماوەردی قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت « الدين بالملك يقوى، والملك بالدين يبقى» ئەمەش واتە ئایین بەدەسەڵات خورت دەبێت و دەسەڵاتیش بە ئایین تەمەنی درێژ دەبێت».

لەم ڕوانگەیەوە ئێستا لە عێراقدا مەترسییەکی گەورە هەستی پێدەکرێت، ناوچەکانی عەرەبی سوننە هەموو خەریگە بەرەو شیعەگەرایی دەچن، هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، شیعەی عێراق هەر لەسەرەتای ڕژێمی پادشایەتی لە سەدەی ڕابردوو هەوڵیان هەبووە بۆ ئەوەی دەستێوەردان لە سیاسەتدا بکەن، بۆ نموونە لەسەردەمی پادشایەتی عەبدولمحسین سەعدون سەرۆك وەزیران بوو، ئەوکات عێراق لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، ڕێککەوتنێك لە نێوان

**هەموو ئیسلامییەک موسڵمانە بەڵام هەموو موسڵمانێک ئیسلامی نییە، موسڵمان ئامانجی ئەوەیە خوا لێی ڕازی بێت، بەڵام ئیسلامییەکان ئامانجیان نوێکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامییە**

**ئیسلامی سیاسیی ئایدیۆلوژیەتە، ئایدیۆلۆژیەتیش بە سروشتی خۆی ڕێگە نادات سەقامگیری دروست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیەت لە خودی خۆیدا دژی سەقامگیرییە**

**ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دەسەڵاتدایە و عێراق بەڕێوە دەبات، لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا زیاتر لە ١٥٠٠ ملیار داهاتی فرۆشتنی نەوت هاتۆتە ئەم وڵاتە، بەڵام خزمەتگوزارییە سەرەکییان وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی بوونی نییە، بێکاری لە هەڵکشانێکی بێ وێنەیە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەکان کەڵەکە دەبن و چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی عێراق زۆر خراپە**

عێراق و بەریتانیا کرابوو بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت خەڵکی عێراق ببنە ئەندام پەرلەمان، لەو کاتە کە مەهدی خالسی یەکێك بوو لە مەرجەعیەتەکانی شیعەی عێراق فەتوای دا ئەو ڕێککەوتنە کوفرە و دەبێت پادشا لە دەسەڵاتدا نەمێنی، لەسەر ئەم فەتوایە پاشا تورە بوو داوای لە سەرۆك وەزیران کرد ئەم پرسە چارەسەر بکات، ئەویش هات بڕیارێکی دا بەوەی هەر مەرجەعێك ئەسڵی ئێرانی بێت دەبێت عێراق بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەمەش پاسیان هێنا ئەوانەی ئەسڵی ئێرانی بوون هەموو نێرانەوە بۆ ئێران و خالیسی دوای چەند ساڵ لە ئێران مرد، بەڵام کوڕەکەی دوای ئەوەی بینی مەرجەعیەتەکانی شیعەی عێراق لەبەر ئەوەی دەست لە سیاسەت وەرنادەن هەموو دەوڵەمەندبوون و خۆش دەژین، نامەیەکی بۆ پادشای عێراق نارد بۆ ئەوەی لێبووردنی بۆ دەربکات و بگەڕێتەو، پاشا ڕازی بوو بەو مەرجەی بەڵێننامەیەك بنووسێت خۆی تێکەڵاوی سیاسەت نەکات، ئەوجا لەو کاتەوە هەتا ٢٠٠٣ مەرجەعیەتی شیعەی عێراق دەستی لەکاروباری سیاسەت وەرنەدا، دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخا و دەسەڵات کەوتە دەستی حزبی دەعوا، کە ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٥٧ هەتا ئێستا ئیسلامی سیاسیی شیعە بەڕێوە دەبات.



لێرەدا دیسان دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە لە هەر شوێنێك ئیسلامی سیاسی بوونی هەبێت ئەو شوێن و وڵاتە کاول دەبێت، سەرنج بدەن ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵە ئیسلامی سیاسیی شیعە لە دەسەڵاتدایە و عێراق بەڕێوە دەبات، لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا زیاتر لە ١٥٠٠ ملیار داهاتی فرۆشتنی نەوت هاتۆتە ئەم وڵاتە، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەوەیە کە هیچ خزمەتگوزارییەك لە خزمەتگوزارییە سەرەکییان وەك ئاو و کارەبا و تەندروستی بوونی نییە، بێکاری لە هەڵکشانێکی بێ وێنەیە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کێشەکان کەڵەکە دەبن و چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی عێراق زۆر خراپە.

بۆیە دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئیسلامی سیاسیی بچێتە هەر شوێنێك، ئەو شوێن و وڵاتە کاول دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیسلامی سیاسی ئەوجا «ئیخوان بێت یان سەلەفی یان سوفی، شیعە بێت یان سوننە، قاعیدە بێت یان داعش» ئایدیۆلۆژیەتە و ئایدیۆلۆژیەتیش لە بنەڕەتدا دژی دەوڵەتی مەدەنی و پرۆسەی دیموکراتییە.

زۆر گرنگە هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت کە « ئایین لە سیاسەت جیابکەینەوە بۆ ئەوەی ئایینەکە هەر بە خاوێنی بمێنێتەوە، هەروەها هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت سیاسەت لە ئایین جیابکەینەوە بۆ ئەوەی سیاسەت پیرۆز نەبێت.

**زۆر گرنگە هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بێت کە « ئایین لە سیاسەت جیابکەینەوە بۆ ئەوەی ئایینەکە هەر بە خاوێنی بمێنێتەوە، هەروەها سیاسەت لە ئایین جیابکەینەوە بۆ ئەوەی سیاسەت پیرۆز نەبێت**






**د.نەزاکەت حوسێن**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**


# یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە چوارچێوەی هزری ئیخوان موسلمیندا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە نەتەوە و ئایین لێک جیابکاتەوە و ناسنامە و بوونی نەتەوەییمان بسڕێتەوە

**د. نەزاکەت حسێن کە ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و پسپۆرە لە بواری ڕاگەیاندن، یەکێکە لە ژنە سیاسەتمەدارەکانی کوردستان و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پێشتر یەکێك بووە لەو ژنانەی کە لەسەرکردایەتی بزاڤە ئیسلامییەکانی کوردستان خۆی بینیوەتەوە، بەڵام بیرکردنەوەی بۆ ئایندەی نەتەوەکەی و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، گەیاندییە ئەو قەناعەتەی لەناو پارتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا درێژە بە کاروانی سیاسی خۆی بدا و، لە بواری خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی زۆر چالاکانە بەردەوام چالاکی ئەکادیمی و سیاسی و جەماوەری هەیە و ئامانجی ئەوەیە کەلتووری ڕەسەنی کوردی لە دەرهاویشتە نەرێنیەکانی فیکری هاوردەی دژ بەکورد پاك بکاتەوە، لە گفتوگۆی ئەمجار «ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە» بەمجۆرە لە ڕوانگەی ئەزموونی سیاسیی خۆیەوە مەترسییەکانی هزی ئیسلامی سیاسی بەگشتی و هزری ئیخوان موسلمینی بۆ خستینە ڕوو.**

بۆ ئەوەی بتوانم باشتر لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئیسلامی سیاسیی هەڵوەستە بکەم، زۆر ناچمە ناو کتێب و ئەو پێناسانەی بۆ ئیسلامی سیاسی کراون، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەو ئەزموونەی خۆمەوە دەست پێدەکەم کە ساڵانێکی زۆر لەناو بزاڤی ئیسلامی سیاسیی کارم کردووە کە ئەویش یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە.

ئەوەی لەمیانەی کارکردنم لەناو ئەو بزاڤە سیاسییە لە ئیسلامی سیاسیی تێگەیشتووم ئەوەیە کە دروستبوونی گروپ یان حزبێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئایینی، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی پەروەردگار و قورئان و فەرموودەکان هەمووی دەبێتە موڵکی ئەو حزبە سیاسییە و، ئیدی ئەو حزبە ناڵێت من بە نوێنەرایەتیی خوا سیاسەت دەکەم، بەڵکو لەبری خودا حوکم دەدەن و سیاسەت دەکەن، ئەو فەتوایەی ئەوان دەیدەن، بەشێک لە ئایین دەکاتە ئەو ئایینەی کە خۆیان مەبەستیانە نەك ئایینە پیرۆزەکە وەك خۆی.

من ئەم تێڕوانینەم لە ئەزموونی ژیانی خۆمەوە بۆ دروست بووە کە لە تەمەنی گەنجیمەوە بە ڕێکەوت خۆم لەناو حزبێکی ئیسلامی سیاسیی بینیەوە، ئەگەر نا بنەماڵەی ئێمە باوەڕدارن بە ئایینی کوردەواری و لەخێزانی ئێمەدا ئیسلامی شێوەی ئیخوان موسلمین بوونی نەبووە و، هەموو کاتێك وەك کۆمەڵگەیەکی موسڵمان کۆمەڵگەی کوردی پێناسە کراوە، بەڵام لەوەتەی ئەم ڕەوتەی ئیسلامی سیاسی هاتوونە کوردستان، دەیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگە موسڵمان بکەنەوەوە بە فۆرمێکی تر، ئەمە لە کاتیکدا ٩٧٪ کورد موسڵمانن، پارتەکانی دیکە جگە لە پارتە ئیسلامیەکان ئەوانیش هەموویان موسڵمانن و تەنانەت پیاوانی ئایینیش لە سەرکردایەتی ئەو پارتە سیاسیە کوردستانیانە هەن، بەڵام هەموو ئەمانە لە تێڕوانینی ئیسلامی سیاسییەوە یان کافرن یان لە ڕێگەی ئیسلام لایان داوە، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم تێڕوانینەیان هەیە، هاتنەدەرەوەی کادرێك لەناو حزبێکی ئیسلامی سیاسی بۆ ناو حزبێکی کوردستانی و نیشتمانی، بۆ دەبێت ئەو کەسە تەکفیر بکرێت و بەکافر لە قەڵەم بدرێت و، بە هەموو شێوەیەك هەوڵبدرێت کەسایەتی ئەو کەسە تیرۆر بکرێت.

ئەم دیوەی سیاسەتی حزبە ئیسلامییەکان کە خەڵکی لە دیوی دەرەوە کەمتر دەیبینێت و ئێمە کە لەو حزبانە کارمان کردووە لەدیوی ناوەوە باشتر دەیبینین، زۆر جاران لە ڕووی فیکری و بیرکردنەوە، ئیحراجیەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی لەبیرکردنەوەی ئەو خەڵکانەدا دروست دەکات کە بیردەکەنەوە و بیرکردنەوەیان ئەوە قبوڵ ناکات سەرجەم کۆمەڵگە تەکفیر بکرێت و هەوڵەکان بۆ ئەوە بن کەلتوور ناسنامەی نەتەوەیمان بشێوێنن، بۆیە وەك د.سۆران سێوکانیش ئاماژەی پێکرد، ئێمە کە لەناو یەکگرتووی ئیسلامی بووین هیچ کێشەیەکی پلە و پۆستمان نەبووە، هەموو پلەکانمان تا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بڕیبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێمەی والێکرد ئەو حزبە بەجێ بهێڵین بیرکردنەوە بوو لە نەتەوەو نیشتمان لە دەرەوەی هزری ئیسلامی سیاسی ، لێرەدا ڕووداوێکی ژیانی خۆم بە نموونە باس دەکەم: من کاتێك لە بەریتانیا بووم بۆ وەرگرتنی دکتۆرا، بەشێکی نامەی دکتۆراکەم لەسەر» ناسنامە و کەلتوور» بوو، کاتێك توێژینەوەم دەکرد لەسەر یەکپۆشی جیهان بەهۆی جیهانگەراییەوە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەو گروپ و حزبە ئیسلامیانەی کە من کاریان لەگەڵ دەکەم، ئەوانیش خەریکی یەکپۆشییەکی ئیخوانین بۆ سڕینەوەی ناسنامە و کەلتووری هەموو نەتەوەکانن.

سڕینەوەی ناسنامە و کەلتور غەدرێکە پەروەردگاریش قبوڵی ناکات لەبەر ئەوە پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموێت « يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ» ، ئەمەش مانای ئەوەیە پەروەردگار ئێمەی بە گەل و هۆز دروستکردووە بۆ ئەوەی یەکتری بناسین و یەکتری قبوڵ بکەین، بەڵام هزری ئیخوان موسلمین ڕەتیدەکاتەوە و دەیسڕێتەوە.

لە مێژوویی فتوحاتی ئیسلامیشدا وەك د.نازناز ئاماژەی پێکرد، کە چۆن ئیسلامێکی جوان و بێگەرد لە نیەتی پاکی باوەشگرتنەوەی کورد بۆ ئەم ئایینە ڕەنگی داوەتەوە، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت لەو سەردەمەشدا کە هاتوون بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە ببنە ئیسلام و خواپەرستی بکەن، جۆرێکی تایبەتی خواپەرستی و ئیسلامەتییان بەسەردا فەرز نەکردوون، هەربۆیە ئەم ئیسلامەتییەی تێکەڵاوی کەلتور و ناسنامەی ئێمە بووە وەك نەتەوە بەردەوام هەردوو بیری نەتەوەیی و کوردایەتی لەتەك ئەرکە ئایینەکاندا زۆر جوان پێکەوە گرێداوە، پێکەوە هاوشانی یەکتری دەروونی یەکتری تەواو دەکەن، لەم مێژووەدا دەکرێت سەیری زانایەکی ئایینی وەك قازی محەمەد یان شێخ سەعید بکەین کە چۆن بیری نەتەوە و کوردایەتی و ئایینیان پێکەوە گرێداوەتەوە و، بەڵام کە سەیری هزری ئیخوان موسلمین دەکەین، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە نەتەوە و ئایین لێك جیابکاتەوە و ناسنامە و بوونی نەتەوەیمان بسڕێتەوە.

**دروستبوونی گروپ یان حزبێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئایینی، مانای ئەوەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی پەروەردگار و قورئان و فەرموودەکان دەبێتە موڵکی ئەو حزبە ، ئیدی ئەو حزبە ناڵێت من بە نوێنەرایەتی خوا سیاسەت دەکەم، بەڵکو لە بری خودا حوکم دەدەن و سیاسەت دەکەن**

**کاتێک توێژینەوەم دەکرد لەسەر یەکپۆشی جیهان بەهۆی جیهانگەراییەوە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەو گروپ و حزبە ئیسلامیانەی کە من کاریان لەگەڵ دەکەم، ئەوانیش خەریکی یەکپۆشییەکی ئیخوانین بۆ سڕینەوەی ناسنامە و کەلتووری هەموو نەتەوەکانن.**

**ئەو خوێندنەوە جیاوازەی وەک خوێندنەوەی ئیخوان موسلمین ڕەتدەکەمەوە کە نەک هەر تایبەتمەندی نەتەوە و ناسنامە و کەلتووری نەتەوەییمان لەبەر چاو ناگرێت، بەڵکو هەوڵیش دەدات بیسڕێتەوە**



**ئیخوان موسلمین لەهەر وڵاتیكی ئەم جیهانە بەو ئاڕاستەیە ئیش دەكات كە ئەندامەكانی بەو جۆرە پەروەردە دەكات ئەو كەسانە ڕەت بكەنەوە كە لە ڕیزەكانی ئەودا نین یان دەردەچن لە ڕیزەكانی**

ڕیفۆرم و دووبارە خوێندنەوەی ئایینی ئیسلام بە شێوەیەكی سەردەمیانە ئەركی هەموو زانایانی ئیسلامی كوردستانە و زۆر گرنگە لەم سەردەمی پێشكەوتنی خێرای تەكنەلۆژیا ئەم ڕیفۆرم و خوێندنەوە تازانە دەستیان پێبكرێت، دەبێت ئەمەش بەجۆرێك بێت كە هەموو تایبەتمەندی و كەلتور و ڕەسەنایەتی لە نەتەوەی كورد لەخۆی بگرێت و لەبەر چاو بگیرێت، بەڵام ئەو خوێندنەوە جیاوازەی وەك خوێندنەوەی ئیخوان موسلمین ڕەتدەكەمەوە كە نەك هەر تایبەتمەندی نەتەوە و ناسنامە و كەلتووری نەتەوەییمان لەبەر چاو ناگرێت، بەڵكو هەوڵیش دەدات بیسڕێتەوە، ئەوە نەقبوڵ دەكرێت نە دەبێت ڕێگەش بدرێت لە كوردستاندا ڕەگ دابكوتێت. لەمەش زیاتر یان پێت بڵێت، تۆ لەم چوارچێوەیەدا ئەم هزرەت قبوڵە باشە ئەوا تۆ ئیسلامیت، بەڵام لەو چوارچێوەیە چوویتە دەرەوەی تۆ قەبوڵ نیت وەک موسڵمان، یان هیدایەتت لێ وەردەگیرێتەوە، بۆیە ئەم تێڕوانینە كە زۆر بە نەرمی ئیخوان موسلیمین» و گروپە ئیسلامییەكان» لە كوردستان كاری لەسەر دەكات، زۆر لەو گروپ و تاقمە ئیسلامییانە ترسناكترە كە بە چەك شەڕیان لە كوردستان پێفرۆشتووین، ئەو گروپ و تاقمانەی پەیان بۆ چەك برد، توانرا قەوارەیان بچووك بكرێتەوە و مەترسییەكانیان بڕەوێنرێتەوە، بەڵام ئەوانەی بە نەرمی و هێمنی بەجۆرێك ڕیشەی خۆی بڵاودەكاتەوە، لەپڕیكدا دەبینین، وەك ئێستاش دەیبینین حەشامەتێكت لە سۆشیال میدیای لێدەردەپەڕێت كە بێجگە لە زمانی جنێودان هیچ شتێكی تر نازانێت، كاتێك دەتەوێت كۆمێنتێكی نیشتمانی و نەتەوەیی بڵاو بكەینەوە، بەهەزاران كەس تەكفیرت دەكەن و جنێوی ناشیرینی بازاڕیت پێدەدەن.

ئیخوان موسلمین لەهەر وڵاتیكی ئەم جیهانە بەو ئاڕاستەیە ئیش دەكات كە ئەندامەكانی بەو جۆرە پەروەردە دەكات ئەو كەسانە ڕەت بكەنەوە كە لە ڕیزەكانی ئەودا نین یان دەردەچن لە ڕیزەكانی، بۆ نموونە« كەناڵی بی



بی سی بەریتانی بەنامەیەکی بەدواداچوونی هەبوو لەسەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کە گروپێکی ئیخوان موسلمین لە بەریتانیا بۆ پەروەردەکردنی منداڵان کردبوویانەوە، ئەم کەناڵە پێش ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەم دامەزراوەیە بکات، داوای کردبوو پرۆگرامی ئەو دامەزراوەی بدەنێ، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکات بزانێت بە چ پرۆگرام و وانەیەک ئەم منداڵانە پەروەردە دەکرێن، دوای ئەوەی پرۆگرامەکەی دیراسەت کردبوو دەستی بە بەدواداچوونەکەی کردبوو و چووبووە ناو ئەو دامەزراوەیە لەوێ پرسیاری لە مامۆستایانی ئەو دامەزراوەیە کردبوو پێی گووتبوون «ئێوە ئەم منداڵانە بۆ کام وڵات پەروەردە دەکەن، بۆ ئەم کۆمەڵگەی ئێمە لێی دەژین؟، پێی گوتبوون من پرۆگرامەکەی ئێوەم خوێندەوە و دیراسەتمکرد، هەمووی باسی «دار الکف و دار الاسلام»ە، پرۆگرامەکەت دەخوێنمەوە ئەم منداڵەی لێرە پەروەردە دەکرێت منی قبوڵ نییە، وەك بەریتانییەك دەسەڵاتی بەریتانیا ڕەتدەکاتەوە و بەکافری دەزانێت، سبەی ئەم منداڵانە خوێندن تەواو دەکەن دەبنە مامۆستا و پارێزەر و کارمەندی ئەم دەوڵەتە، ئایا ئەمانە دەتوانن خۆیان بگونجێنن و لەگەڵ ئێمە بژین، یان تۆ دڕندەیەك بۆ کۆمەڵگە پەروەردە دەکەیت.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە ئایینە، ئایینی ئێمە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، باوەڕمان بەم ئایینە هەیە و فەرزەکانی سەرشانمان جێ بەجێ دەکەین، ئێمە پێویستمان بە ئایینێکە کە کەلتور و ناسنامە و بوونی خۆمانی وەك نەتەوە تێدا ببینەوە، ئەو ئایینەی ڕێگەی هێدایەتمان پیشاندەدات بەو ئاستەی کە دەبینین زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان ئامادەیە لەپێناوی پاراستنی خاکی کوردستان خۆی شەهید بێت و، لە هەمانکاتدا لە حوجرەی مزگەوتەکەشیدا خەریکی خوێندنەوەی قورئانێکی پیرۆزەو بە تام و بۆی کوردبوون و کوردایەتی بۆ ئێمەی تەفسیر دەکات.

**پێویستمان بە ئایینێکە کە کەلتور و ناسنامە و بوونی خۆمانی وەک نەتەوە تێدا ببینەوە، ئەو ئایینەی ڕێگەی هێدایەتمان پیشاندەدات بەو ئاستەی کە دەبینین زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان ئامادەیە لەپێناوی پاراستنی خاکی کوردستان خۆی شەهید بێت**





**عەبدولڕەزاق عەلی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# یەکێک لە سیما جوانەکانی کوردستان پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتە و ئایینەکانە

عەبدولڕەزاق عەلی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەڕێوەبەری گشتیی ئیزگەی دەنگی کوردستانە و ، یەکێکە لە ڕۆژنامەنووس و قەڵەمە دیارەکانی کوردستان، خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووی دەوڵەمەندە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی میدیا بە (نووسراو و بینراو و بیستراو و ئۆنلاین) یشەوە، لە هەمانکاتدا توێژەرێکی مەیدانیی زۆر و ورد و کارامەیە و، کارێکی زۆر جدی و گەورەی مەیدانیی لەسەر ژینۆسایدیکردنی خوشك و برا ئێزدییەکان و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانی دیکەش کردووە، لای ئەم ڕۆژنامەنووس و توێژەرە مەیدانییە، ئایین ئەو جا هەر ئایینێك بێت، پیرۆزە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، ئەمەشی بە بنەمای ئەو پێکەوە ژیانە جیاوازە داناوە کە ئێستا هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان شانازیی پێوە دەکات، لە ئەڵقەی ئەمجارەدا (ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر ناسنامە و کەلتوور) زۆر بە ڕاشکاوی و بەم جۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

جێگەی خۆشحاڵییە ئەمڕۆ بۆ قسەکردن لەسەر پرسێکی گرنگ کە ئەویش پرسی (ئیسلامی سیاسییە) لەگەڵ کۆمەڵێك لە زانا و ئەکادیمیست و سیاسەتمەداری نیشتمانپەروەری وڵاتی خۆمان کۆبووینەتەوە و بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیمانەوە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و جدی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە دەکەین.

پێش ئەوەی بێمە سەر قسەکردن لەسەر (ئیسلامی سیاسیی وەك حزب و گرووپ) دەخوازم باسی پیرۆزیی ئایین بکەم، ئەوجا هەر ئایینێك بێت، ئێستا لەکوردستاندا کۆمەڵێك ئایینی جیاواز هەیە و ، یەکێك لە سیما جوانەکانی کوردستانیش کە هەموومان بە تێکڕای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە شانازیی پێدەکەین ئەم پێکەوەژیانە ئاشتیانە و ئەو گیانی لێبووردەییەیە لە نێوان ئەو هەموو ئایینە جیاوازەی کوردستان دروست بووە و،

ئەوەیە لەم نیشتمانەدا، ئایین بە پیرۆزی وەك ئایینی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و تێکەڵاوی سیاسەت نەکراوە، یان ڕاشکاوانەتر بڵێم، ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی حزبی بەکارنەهێنراون، بۆیە ئێمە لە کوردستاندا کێشەی ئایینیمان نییە و ، ئێمە وەك موسڵمان ئایینی ئیسلام بە پیرۆز دەزانین ، بەڵام کاتێك ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ مەبەستی سیاسیی بەکار دەهێنرێت و هەوڵێك دەبینین دەیانەوێت بە سیاسەت پیرۆزیی ئەم ئایینە لەکەدار بکەن، ئەوا لێرەوە قسەی ئێمە دەست پێدەکات و، دەبێت باس لەو حزبە سیاسییانە بکەین کە بە مەبەست و بۆ ئامانجی تایبەتی خۆیان ئەم ئایینە پیرۆزە دەکەنە ئایدیۆلۆجیایەك و بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان بەکاری دەهێنن.

لە باسی حزبەکانی ئیسلامی سیاسیدا خاڵی هەرە جەوهەری ئەوەیە کە ئەم حزبانە حزبگەلێکی ئایدیۆلۆجیی سنووربەزێنن، ئایدیۆلۆجییەکەیان دەیانکاتە حزبگەلی ئوممەی و ئینتەرناسیوناڵ، واتە سنوورەکانی نیشتیمان و نەتەوە ناناسن و ئەولەوییەتیان ئایدیۆلۆجیاکەیانە نەک نیشتیمان و نەتەوە، ئەڵبەت ئەمە هەر بە تەنیا سرووشتی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو سرووشتی سەرلەبەری ئیسلامی سیاسییە لە دنیادا، جا بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە وردکەینەوە و بێنینەوە سەر ئەرزی واقیع و باسی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بکەین لە کوردستان، لە هەڵوێستەکانیان لەبارەی پرسە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکانەوە وردبینەوە، هەمان حاڵەت بە ڕوونی دیارە، مەبەستم سەرخستنی ئیلتیزامە ئایدیۆلۆجییەکانیانە بەسەر ئیلتیزامە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا، نزیکترین ئەو نموونانەش؛ هەڵوێستی حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانە سەبارەت بە پەلامار و شەڕ و هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش و جینۆسایدکردنی بەشێک لە نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان. با لە کار و بەشداریی فیعلی موقاوەمەتی پێشمەرگانە گەڕێین، ئیسلامی سیاسی کوردستان لەم لایەنەوە هەر هیچ، با کەسێک لە کوردستاندا هەڵوێستێک، بەیاننامەیەکی ڕوون و ئاشکرای حزبێکی ئیسلامیمان بیر بخاتەوە کە بە ڕوونی و بێ پێچوپەنا ئیدانەی داعش بکات و بە تیرۆریست ناویان بێنێت، ئاخر داعش مەبەستی سەری هەموو کوردستان و داهاتووی ئەم گەل و نیشتیمانە بوو، یەک هەڵوێستی فەرمیی ئەو حزبانەمان پیشان بدەن کە ئیدانەی ڕفاندن و سەبیکردنی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی بکات، کە ڕۆڵەی ئەم نەتەوە و نیشتیمانەن، کوا بەشداریی تەنانەت مەعنەویی ئەو حزبە ئیسلامییانەی کوردستان لە ئیدانەکردنی هەموو ئەو تەقینەوە و پەلامارە تیرۆریستییانەی ڕووبەڕووی کوردستان و خەڵکەکەی بوونەتەوە لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا، بگرە حزبیان تێدایە خۆی مومارەسەی ئیرهابی کردووە، هەر لە تەقینەوە و ساڵۆن و دووکان و بازاڕتەقاندنەوە و کوشتن و ئیغتیالاتدا.

نموونەیەکی دیکە، ئەم حزبە ئیسلامییانەی کوردستان نەیانشاردووەتەوە کە هەوڵی گرتنەدەستی دەسەڵات دەدەن، ئەڵبەت ئەمەیان مافێکی یاسایی و دیموکراسییانەی خۆیانە، بەڵام تا ئەمڕۆ، هەڵوێستی ئەم حزب و هێزانە لە دوو پرسی جەوهەرییدا دیار نییە (ئازادی، پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان).

ئێمە نازانین ئەگەر ئەم حزبانە ببنە دەسەڵات و کاربەدەست، هەڵوێستیان بەرانبەر ماف و ئازادییە گشتیی و تاکەکەسییەکان چۆنە، هەڵوێستیان بەرانبەر پێکهاتە ئایینییەکانیش دیسان دیار نییە، ڕاستتان دەوێت؛ لەم قۆناغەدا کە هێشتا ئیسلامییەکانی کوردستان لە قۆناغی موعارەزە یان پێیەک لێرە و پێیەک لەوێدان، هێشتا دەسەڵات و قەڵەمڕەویان لاوازە، لە هەردوو پرسەکەدا هەڵوێستەکانیان جێگای نەک هەڵوەستەیە، بگرە مەترسین، نموونەش تا بڵێین زۆرن.

بەهەرحاڵ قسە زۆر و بوار کەم، بە گشتی پرسی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا موناقەشەی زۆرتر و فراوانتر و بەردەوامتر هەڵدەگرێت.

**ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی حزبی بەکارنەهێنراون، بۆیە ئێمە لە کوردستاندا کێشەی ئایینیمان نییە**

**ئەم حزبانە حزبگەلێکی ئایدیۆلۆجیی سنووربەزێنن، ئایدیۆلۆجییەکەیان دەیانکاتە حزبگەلی ئوممەی و ئینتەرناسیوناڵ، واتە سنوورەکانی نیشتیمان و نەتەوە ناناسن و ئەولەوییەتیان ئایدیۆلۆجیاکەیانە نەک نیشتیمان و نەتەوە**

**با کەسێک لە کوردستاندا هەڵوێستێک، بەیاننامەیەکی ڕوون و ئاشکرای حزبێکی ئیسلامیمان بیر بخاتەوە کە بە ڕوونی و بێ پێچوپەنا ئیدانەی داعش بکات و بە تیرۆریست ناویان بێنێت**






**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**


# ئەم چەمکەی (ئیسلامی سیاسی) داهێنراوە و مەبەست لێی ئەوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەبەست و ئەجیندایەکی سیاسیی تایبەت بەکار بهێنرێت

**شڤان حەمدی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووس و توێژەرە مەیدانییانەی کە کاری زۆر جدی لەسەر هزری میانڕەوی و نەتەوەپەروەرانەی زانایانی ئیسلامی کوردستان کردووە و هەوڵی داوە بەردەوام ئیسلام لە ڕوانگەی بیری نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هەر لەو پایە و شکۆ بەرزدا بمێنێتەوە کە ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان برەویان پێداوە، هەروەها کاری زۆر جدیی لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کردووە و یەکێك بووە لە ئامادەکەرانی هەر دوو کتێبی (دیدی ئیسلام بۆ هزری توندڕەوی و ، پێکەوەژیان لە کوردستان..دید و تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان) لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ئیسلامی سیاسیی و بەد گومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە) لەم ئەزموونە مەیدانییە کەڵەکەبووەی خۆییەوە بیربۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

کە دێنە سەر باسی چەمکی ئیسلامی سیاسی، وەك بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیەش ئاماژەیان پێکرد، ئیسلام هەر ئیسلامە و ئەم چەمکەی (ئیسلامی سیاسی) داهێنراوە و مەبەست لێی ئەوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ مەبەست و ئەجیندایەکی سیاسیی تایبەت بەکاربهێنرێت و، مەبەست لێی ئەوەیە بە ناوی ئایینەوە پرسی کەلتوور و ناسنامە و بوونمان وەك نەتەوە لە ڕیشەوە هەڵبتەکێنن.

لەم چوارچێوەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەییمان، هەروەها دەستپێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بیریی نەتەوەیمان و دەسپێکی بەرەڤانیی نەتەوەیی و نیشتمانی لەو ڕابەرانەی وەك (ئەحمەدی خانی، مەلای جەزیری، نالی، مەولەوی، شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولسەلام بارزانیی یەکەم و دووەم، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ ئەحمەدی بارزان، پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا بارزانی) هەموو ئەم ڕابەر و زانایانەی بیری نەتەوەییمان لە تەکیە و حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستاندا پەروەردە بوون، لەمەش زیاتر بیری نەتەوەییمان بەرهەمی

بیرکردنەوەی (خانی و جەزیری و مەولەوی و نالی و ...هتد) لە ناو حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستاندا لەدایکبووە و هەموو تاکێکی کوردیش شانازیی پێوە دەکات.

نەتەوەی کورد کە زیاتر لە ٩٠٪ موسڵمانە، پابەندی ئایین بووە لە ناو کەلتوور و داب و ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی خۆیدا، هەموو کات لەو ڕوانگەیەوە مامەڵەی لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا کردووە کە ئیسلام نیشتمان پەروەریی فەرز کردووە و ئەوەی نیشتمانی خۆی خۆش نەوێت و ئامادە نەبێت قوربانیی لە پێناودا بدا ، ئەوە بە باوەڕداری ڕاستەقینە لە قەڵەم نەدراوە و ئەو فەرموودە بەرزەی پێغەمبەر(د.خ) لەسەری جێبەجێ کراوە کە دەڵێت: «خۆشەویستیی نیشتمان لە باوەڕەوەیە – حب الوطن من الایمان)، هەروەها تێگەیشتنی نەتەوەی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئسیلام بەو جۆرە بووە کە ئەگەر ئێمە نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆمان نەبێت، ناتوانین ئایینەکەشمان بپارێزین و برەوی پێبدەین، ئەمەش وەك ڕەفتارە دڕندەکانی ڕژێمە یەك بەدوای یەکەکانی عێراقدا بینیمان زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند و شار و شارۆچکەی کوردستانیان کرد بە سووتماك، لە مزگەوتی هەر گوندێکیشدا بە دەیان کتێبی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) سووتاندیان و لە هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفالیشدا بە دەیان هەزار هاووڵاتی کوردستانیان بە زیندوویی زیندە بەچاڵ کرد، کە هەتا ئێستاش ئیسك و پرووسکی زۆرینەیان نەدۆزراونەتەوە.

ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، کێشەی ئێمە لە کوردستان کێشەی ئایین نییە، یان ڕاشکاوانەتر موسڵمانانی کوردستان بێجگە لە کێشەی سەربەخۆیی و ئازادی کێشەیەکی دیکەیان نییە، هەربۆیە کاتێك ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی هاوردەی کوردستان دەکرێت و لە ڕوانگەی ئەم ئایدۆلۆژیەتە زاڵمەوە کۆمەڵگەی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی لادەر لە ئایین و کافر لە قەڵەم بدە، هەوڵ دەدەن وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێکرد، دووبارە ئیسلام بە کۆمەڵگەی کوردستان بناسێننەوە، ئایا ئەمە هەمان بیرکردنەوەی بەعسییەکانی عێراق نییە کە بەسوورەتی ئەنفال نەتەوەیەکیان جینۆساید کرد، ئایا ناونانی هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال، تەکفیر و بەکافر تەماشا کردنی نەتەوەی کورد نییە؟ ئایا ئەمە هەمان بیرکردنەوەی تیرۆریستانی داعش نییە کە وەك کافر مامەڵەیان لەگەڵ پێشمەرگە دەکرد و سەریان دەبڕین؟، بێگومان گەلی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترە کە حزبە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئەجێندای دەرەکیی بەسەردا فەرز بکەن و لە ڕێڕەوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە دووریان بخەنەوە.

حزبە ئیسلامییەکان کە بانگەشەی ئەوە بۆ خۆیان دەکەن گوایە نوێنەرایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن و ئەوان ئەو پردەن ئێمە دەگەیەننە لای پەروەردگار، ئەوا وەك لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوان ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی سواڵی دەنگ بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان و پاشانیش چەند پلە و پۆستێك لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکاندا بەدەست بهێنن، بەڵام ئاکامی هەموو هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئەو ڕاستییانەی دەرخستووە کە خەڵکی کوردستان متمانەی خۆی ناداتە ئەو حزبە ئیسلامیيانە، ئەم هەڵوێستەی گەلی کوردستانیش دوو ڕاستیی زۆر ڕاشکاوانەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە ئەو درووشمەی حزبە ئیسلامییەکان بەرزیان کردووەتەوە بریتین لە (بانگخوازی و چاکسازی) لە هەردووکیاندا شکستیان هێناوە، ئەمەش بەو مانایەی لە پرۆسەی بانگخوازیدا شکستیان هێناوە، چونکە خەڵکی کوردستان باوەڕی بە بانگەوازەکەیان نییە، لە پرۆسەی چاکسازییشدا دیسان هەر شکستیان هێنا چونکە چ لە ناو پەرلەمان و چ لەناو حکومەتیش پلەو پۆستی وەزیریان هەبووە، بەڵام لە هەردووکیاندا نەمابنینی پرۆژەیەکی چاکسازییان هەبێت و خزمەتی ئەم نیشتمانە بکات، بەپێچەوانەوە ئەوانیش بەشێك بوون لە پەتای گەندەڵی و گەندەڵییان بۆ حزبەکانی خۆیان کردووە.

گرنگە هاووڵاتیانی کوردستان زۆر باشتر لەسەر چەمکی ئیسلامی سیاسی و ئامانجە بەدەکانیان قووڵتر بیربکەنەوە، بۆ ئەوەی زۆر بە باشی لەو ڕاستییە تێبگەن کە ئەم حزبە ئیسلامیيانە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان کردووەتە ئایدیۆلۆژیەتێك کە ئامانجی کەلتوور و ناسنامە و کوردبوونمان لە ڕیشەوە هەڵبتەکەنێت.

**تێگەیشتنی نەتەوەی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئسیلام بەو جۆرە بووە کە ئەگەر ئێمە نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆمان نەبێت، ناتوانین ئایینەکەشمان بپارێزین و برەوی پێبدەین**

**گەلی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترە کە حزبە ئیسلامییەکان دەیانەوێت ئەجێندای دەرەکیی بەسەردا فەرز بکەن و لە ڕێڕەوە نەتەوەیی و نیشتمانییەکە دووریان بخەنەوە**

**ئیسلامییەکان ململانێ دەکەن بۆ ئەوەی سواڵی دەنگ بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان و پاشانیش چەند پلە و پۆستێك لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکاندا بەدەست بهێنن**

## د.جەلال ئەحمەد

کۆمەڵناس و ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# هەر لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەوە ململانێیەکی زۆر توند هەبووە لە نێوان پرەنسیپە ئایینییەکان و بەرژەوەندییەکاندا



**د.جەلال ئەحمەد مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر و ئەندامی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری کۆمەڵناسی و ، تۆێژەرێکی ئەکادیمی و مەیدانییە و کاری زۆر ورد لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕاپرسی و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری ئەنجام دەدات و پاشان ئاکام و ڕاسپاردەی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، لە گفتوگۆ ئەم جارەدا (ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە) لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە باسی لە ئاریشەکانی ئیسلامی سیاسی کرد وەك گرووپ و حزبی سیاسیی و، بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

دەمەوێ لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بۆ ئایین بێمە سەر باسەکەو لەوەوە دەست پێبکەم، کە ئەم زانستە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە ئایین، بەڵام بە حوکمی ئەوەی باسی سەرەکیی بازنەی ئەم جارەمان تایبەت نییە بە ئایین و هۆکار و سەرچاوەی دروستبوونی، بۆیە پێویست ناکات بچینە سەر باسی یەکلاکردنەوە ئەوەی، کە ئاخۆ ئایین چییە و لە دەستکردی مرۆڤە یا لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوە؟ هەرچەندە ڕەنگە خستنەڕووی ئەو پێناسە گشتییەی کە دەڵێت ئایین پەیوەندییەکی سۆزداری و ڕۆحییە لە نێوان مرۆڤ و هێزێکی سەرووی سرووشتدا، پێناسەیەکی تا ڕاددەیەک بەسوود بێت بۆ ڕاستەڕێکردنەوەی ڕێچکە و وەزیفە سەرەکییەکەی، جا ئەگەر بەواتا و تێگەیشتن ئەمە وەزیفە سەرەکییەکەی ئایین بێت و هێندە تێکەڵ بە لەقاڵبدانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان نەبێت و کۆنترۆڵی هەڵسوڕاندنی کایەکانی ژیان بە گشتی و سیاسەت بەتایبەتی نەکات، هێندە نابێتە مایەی دروستبوونی توندئاژۆیی و دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو جەمسەردا، هەرچەندە کە دەبێ ئەوەش بڵێم، مەرج نییە هەموو ئایینەکان بچنە ژێرباری ئەم پێناسە گشتییەوە، بەتایبەت ئایینی ئیسلام، بۆ ئەم بۆچوونەشم کەڵک لەو بۆچوونەی دکتۆر عەلی وەردی وەردەگرم کە لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلام) دا باسی کردووە بە ئیلهام وەرگرتن لە بۆچوونێکی (شترۆتمان) نووسەری بەرگی چوارەمی کتێبی (شیعە - ئینسکلۆپیدیای ئیسلام)، کە ئایینی

ئیسلامی بە دیاردەیەکی سیاسی- ئایینی داناوە و پێیوایە جیاواز لە ئایینی مەسیحی ئایینی ئیسلام هەوڵی بەرجەستەکردنی سیستمێکی کامڵ بۆ ژیان دەدات، بێ ئەوەی هاوشێوەی ئایینی کریستیان هەوڵی جێگیرکردنی ئەو پرەنسیپە بدات کە دەڵێت ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەر، ئەوەشی هی خودایە بیدە بە خودا، هەربۆیەش هەر لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەوە ململانێیەکی زۆر توونددهەبووە لە نێوان پرەنسیپە ئایینییەکان و بەرژەوەندییەکاندا، بەواتایەکیتر ململانێ لە نێوان ئایدیالیزم و ڕیالیزمدا، کە کۆمەڵناسان بە گرفتی کڵێسا ناوی دەبەن... ئەم گرفتە زۆر بە زەقی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) لە ئیسلامیشدا لەسەر داهاتووی ڕێبەریکردن بەدیار کەوت، ئەمە عەلی وەردی ناوی لێ دەنێت ململانێی نێوان ئادیالیزم و ڕیالیزم، کە بە لێکدانەوەی ئەو ئەم ململانێیە کێشەکانی پەیوەست بەو ململانێیانەی گەورەتر کرد و ڕەهەندێکی سیاسیی زاڵی پێ بەخشین. ئایدیالیستەکان ئەو کەسانە بوون کە داکۆکییان لە پابەندبوون بە بنەما و بەهاکانی ئیسلام دەکردەوە لە بەرامبەر ئەوانەی مەیلی واقیعی و بەرژەوەندیی دونیایی کۆمەڵگای مسولمانیان بەلاوە گرنگ بوو، لە ئێستاشدا ئەم دوو ڕەوتە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەردەوامییان هەیە لە ژێر ناوی فەندەمێنالیست و ئیسلامگەرا ئایدیۆلۆژیستەکان... ئەم ململانێیەی نێوان ئایدیالیزم و ڕیالیزم وەک کێشەی سەرەکی و باوی ئیسلام زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی خەلافەتدا مۆرکێکی تەواو سیاسیی بەبەر ئیسلام و دەسەڵاتی خەلافەتدا کرد و، بە چەند شێوەی جیاواز تا سەدەی بیستەم درێژەی کێشا، دواجار لە چوارچێوەی حیزبی سیاسیدا گیرسایەوە و ئێستاش بەردەوامیی هەیە.

با بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکە و لێرەدا بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوونەکانی کۆمەڵناسێکی هاوچەرخ بەناوی (ئامارتیا سن) دەتوانم بڵێم، کە ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت حیزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان بە گرتنەبەری نەهجێکی ڕیالیزمییانەی گۆشکراو بە ئەجێندایەکی دەرەکی ڕاسیزمەوە، هەوڵی جدییانداوە تاوەکو ناسنامەی ئایینی پێش ناسنامەی ئیتنی و نەتەوەیی بخەن، لەم بارەیەوە لە کاڵکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی تاکی کورد لە ڕێی بەعەرەبیکردنی زمان و جلوبەرگ (هاوردەکردنی حیجاب و نیقاب و مانتۆ و عەبا و.... تاد) و زەهنییەتی نەتەوەیی و سایکۆلۆژیای هاوبەش و هاوردەکردنی خوو ونەریتی عەرەبی و گومان خستنەسەر پیرۆزی و سیمبولە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز و ئەی ڕەقیب و...تاد، درێخییان نەکردووە. بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرەکانیان موسڵمان بوون دەخەنە پێش کوردبوونەوە هەرچەندە ئاگاداریشن، کە خوای گەورە خۆی دەفەرموێ ئێوەم بە گەل و هۆز و تیرەی جیا جیا خەڵق کردووە، تا ئاشنای یەکتری ببن، ئەم قسەیەم بۆ ئەوە نییە کە بڵێم پێویستیمان بە ناسنامەی ئایینی (ئیسلام) نییە، زۆرینەی ڕەهامان موسڵمانین و گرفتێکی ئەوتۆمان لەگەڵیدا نییە، بەڵکو ڕاستکردنەوەی حەقیقەتێکە کە پێشینانمان بەرلەوەی بە ئیسلام ئاشنا ببن، خاوەن زمان و جلوبەرگ و خوو و نەریت و شێوازەژیانێکی کوردانە بوون، کە ناسنامەی نەتەوەییمانن و سەدان ساڵە تا پەیدابوونی ئەو هێزانە بە یەکەوە هێناومانن بێ ئەوەی هیچیان لەسەر حیسابی ئەویتر بچێتە پێش یا بگەڕێتەوە دواوە، ناکرێ گۆڕینی ناسنامەی ئایینیمان لەسەر حیسابی ناسنامەی نەتەوەییمان بێت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. هەوڵدان بۆ سڕینەوە یان کاڵکردنەوەی ناسنامەیەک و وەستانەوە دژ بە فرەناسنامەیی بەتایبەت ناسنامەی نەتەوەیی، وەک ئامارتیا دەڵێت ئەگەری سەرهەڵدانی توندوتیژیی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام دەپرسم لەپای چی چاوەڕوانی داهاتوویەکی پڕ لە توندوتیژی و توندئاژۆیی بین لە کاتێکدا لە هەرێمدا نە خەڵک و نە حکومەت شەڕیان دژ بە ئایین ڕاگەیاندنەوە؟ نە نیازی پەراوێزخستنی ئایینیشیان هەیە و بانگەشەشیان بۆ سیستەمێکی بەدیلی ئیسلام کردووە تا پێویست بکات هێزگەلێک خۆیان بە قەڵغانی ئیسلام بزانن؛ ئایینی ئیسلام نەمردووە تا ئیسامییەکان بیبووژێننەوە، باشترین ڕێگەچارە و پێشگرتن بەو ئەگەرە نەخوازراوە، وازهێنانی حیزبەکانە لە کردنە ئامرازی ئیسلام بۆ ئامانج و بەرژوەندی سیاسی... با لێگەڕێین ئایین لەسەر ڕاهێنانی خەڵک لەسەر نییەتی چاکەکاری و بێوەیی و مرۆڤدۆستی و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و دوورکەوتنەوە لە خراپە و فەرمانکردن بە چاکە بەردەوام بێت بەفۆڕم و ناوەڕۆکە ڕەسەنەکەی خۆی، با هەلسووڕاندنی کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆی کاروبارە گشتییەکانیش بۆ دەزگا و دامەزراوە مەدەنییە فەرمی و حکومی و دەوڵەتییەکان لێگەڕێین تاوەکو موڵکی هەموو ئیتنیک و ئایین و ئاینزاکان و تەنانەت ئەوانەش بن کە بێباوەڕییان هەڵبژاردووە.

**ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت حیزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان بە گرتنەبەری نەهجێکی ڕیالیزمییانەی گۆشکراو بە ئەجێندایەکی دەرەکی ڕاسیزمەوە، هەوڵی جدییانداوە تاوەکو ناسنامەی ئایینی پێش ناسنامەی ئیتنی و نەتەوەیی بخەن**

**لەپای چی چاوەڕوانی داهاتوویەکی پڕ لە توندوتیژی و توندئاژۆیی بین لە کاتێکدا لە هەرێمدا نە خەڵک و نە حکومەت شەڕیان دژ بە ئایین ڕاگەیاندنەوە؟**

**ئایینی ئیسلام نەمردووە تا ئیسامییەکان بیبووژێننەوە، باشترین ڕێگەچارە و پێشگرتن بەو ئەگەرە نەخوازراوە، وازهێنانی حیزبەکانە لە کردنە ئامرازی ئیسلام بۆ ئامانج و بەرژوەندی سیاسی**





**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# بەکارهێنانی ئایین بۆ سیاسەتی حزبی ئەقڵ بەند دەکات و بیرکردنەوە دەخەسێنێت

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکە بووە لە بواری توێژینەوەی سیاسی لەسەر پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (ئیسلامی سیاسی و بەدگومانی لەسەر کەلتوور و ناسنامە) بەم شێوەیە مەترسییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی و پێشنیار و چارەسەرەکانی خستە ڕوو.**

پرۆفیسۆر (مەئمون فەندی) ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی جۆرج تاون، بە چەند هەفتەیەك پێش ڕووخاندنی حکومەتەکەی ئیخوان موسلمین بە سەرۆکایەتیی محەمەد مورسی لە میسر، لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنیدا وتارێکی بڵاو کردبووەوە بە ناو نیشانی (نەزۆکیی فیکر و سۆفت وێری ئیخوان) لەم وتارەدا فەندی باسی حکومڕانیی تەنیا یەك ساڵی ئیخوان موسلمین لە میسرمان بۆ دەکات و دەڵێت: «شتێك لە سزادانی فیکری دەزانین، بەڵام خەساندنی فیکر مانای چییە؟ خەساندنی فیکر بە کورتی ئەوەیە تۆ بیردەکەیتەوە، لەوانەشە خۆشیشی لێ ببینیت بەڵام بەبێ ئەوەی هیچی لێ بەرهەم بێت، لە ئاکامی ئەم بیرکردنەوەیە کۆمەڵێك بۆچوونمان لا گەڵاڵە دەبێت، بەڵام بۆچوونێکن سوودیان نییە و ناتوانن هیچ شتێك بونیاد بنێن، ئەوەی ئێستا لە سایەی میسر ڕوو دەدات، ئەوەیە کە سەردەمی سزادان و دوورخستنەوەی فیکری ئیخوان بەسەر چووە، ئێستا لە سەردەمی حکومڕانیی ئیخوان قۆناخی خەساندنی فیکرە».

پرۆژەکەی ئیخوان موسلمین بە لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی کەلتووری ڕەسەنی میسری دەستی پێکرد بۆ کەلتووری ئیخوان موسلمین، هەوڵیان دا ئەقڵی ڕۆشنبیریی میسر لە ناو وەزارەتی ڕۆشنبیریدا بگۆڕن بۆ ئەقڵییەتی ئیخوانی، هەوڵیان دا پرۆگرامی خوێندن هەمووی بگۆڕن و پڕی بکەن لە کتێبەکانی (سەید قوتب و حەسەن بەننا و زەینەب غەزالیی سەرۆکی ئافرەتان لەناو ڕێکخراوی ئیخوان موسلمیندا).

ئەم حاڵەتە کارەستبارەی حکومڕانیی ئیخوان

موسلمین لە ماوەی یەك ساڵدا لە میسر دروستی کرد، ئەوەی بۆ هەموو جیهان سەلماند کە هزری ئیخوان موسلمین لە ماوەی زیاتر لە ٨٠ ساڵی پێش گەیشتنیان بۆ دەسەڵات چ ژەهر و مەترسییەکی گەورەی حەشارداوە، پێی گوتین: هزری ئیخوان موسلمین کە دایکی هەموو ئەو حزب و تاقم و گرووپانەیە کە بەخۆیان دەڵێن حزبی ئیسلامی لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕشتووە و بناخەی کۆمەڵگە چۆن لە ڕیشەوە هەڵدەتەکێنێت.

پێش ئەم وتارەی مەئمون فەندی، ئەدۆنیس شاعیر و بیرمەندی گەورەی سووری لە تویژینەوەیەکدا بەناونیشانی (ئەقڵی بەندکراو) کە گۆڤاری (ئەلمواقیف) ی لوبنانی بڵاوی کردەوە ، باس لەوە دەکات کە چۆن ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسیی (ئەقڵ لە چوارچێوەی دیوارەکانی مێژووی تاریکپەرستی و سەرکوتکردندا بەند دەکات و ئەم بەندیخانەیە فەزایەك دروست دەکات کە فیکر و بیرکردنەوە نەزۆك دەکات)، ئەم بەندکردنەی ئەقڵ لەو قسەی ئەو بەڕێزەدا دەقاودەق دەچەسپێت کە پێی گوتین: «سەرکردەیەکی باڵای یەکگرتووی ئیسلامی پێی گوتووم پرسی نەتەوە و دیموکراسی تەنیا بەڕێکردنی کاتە، نەك مەبدەئێك بێت و بڕوامان پێی هەبێت»، ئەوجا ئەگەر ئەم قسەیەی ئەم سەرکردە باڵایەی یەکگرتوو وەك قوتابییەکی قوتابخانەی ئیخوان و موسلمین، گشتاندنی بۆ بکەین بۆ هەموو حزب و گرووپ و تاقمە ئیسلامییەکان کە هەموویان لە هزری ئیخوان موسلمینەوە لە دایك بوون، ئەوا هیچ سەرکردەیەکی ئیسلامی سیاسیی بڕوای بە (پرسی نەتەوە و دیموکراسی و دەوڵەتی نیشتمانی و مەدەنی) نییە و، سەرکردە باڵاکەی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەیەکی حزبیی داخراودا دان بەوەدا دەنێت کە بڕوای (بە پرسی نەتەوە و دیموکراسی نییە)، بەڵام سەرکردەیەکی دیکەی باڵای بزووتنەوەی ئیسلامیی پێشوو و کۆمەڵی دادگەری ئێستا هەر کتێبێکی نووسیوە لەسەر ئەوەی (پەرلەمان و پیادەکرنی پرۆسەی دیموکراتی کفرە و حەرامە).

مەترسیی ڕاستەقینەی ئایدیۆلۆژیەتی (ئیسلامی سیاسی) یان گۆڕینی (ئیسلام بۆ ئایدیۆلۆژیەت) لەوەدایە کە محەمەد ئەرەگۆن لە کتێبی (لە مەنهاتنەوە بۆ بەغدا) پێمان دەڵێت و ئاماژە بەوە دەکات « کاتێك ئیسلام دەکرێت بە ئایدیۆلۆژیا لە لایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە (ئوسامە بن لادن) ی تێدا لەدایك دەبێت کە هەموو جیهان تەکفیر دەکات و نەخشە بۆ سڕینەوەی هەموو شارستانییەتی مرۆڤایەتی دادەڕێژێت و ، کاتێکیش لیبرالیزم دەکرێت بە ئایدۆلۆژیا لە ناو کۆشکی سپی تێدا (جۆرج دەبلیو بوش) ی تێدا لەدایك دەبێت کە بە هەموو جیهان دەڵێت (ئەوەی لەگەڵ من نەبێت بە دوژمن لەقەڵەم دەدرێت).

لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی ئەم مەترسییە جدییانە لە ئایدیۆلۆژیا بەگشتی و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی لەسەر پرسی نەتەوەیی و کەلتوور و ناسنامە و بوونمان بە تایبەت، ئەوا دەبێت ئەم پرسە زۆر بە جدی وەربگرین و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر نا کاتێك بە خۆمان دەزانن بناخەی کۆمەڵگەکەمان لە گرێژەنە دەرچووە و کەلتوور و ناسنامە و ئینتیمای نیشتمان وەك ئاردی ناو دڕکی لێ هاتووە، ئەم پرسەش بەوە هەنگاوی یەکەمی بۆ هەڵدەگیرێت کە بگەڕێینەوە بۆ ناو هزری نەتەوەیی و دووبارە گەڕانەوە بۆ ناو تێگەیشتنی قورئان و فەرموودەکان لە ناو فیکر و بیرکردنەوەی زانا گەورەکانی خۆمان، ئەو زانایانەی وەك (خانی و مەولەوی و جەزیری و قانیع و نالی) لە ناو حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان بیری نەتەوەیی کوردییان هێنایە بوون.



**هزری ئیخوان موسلمین کە دایکی هەموو ئەو حزب و تاقم و گرووپانەیە کە بەخۆیان دەڵێن حزبی ئیسلامی لە هەناوی کۆمەڵگەدا ڕشتووە و بناخەی کۆمەڵگە چۆن لە ڕیشەوە هەڵدەتەکێنێت**

**دەبێت پرسی ئیسلامی سیاسی زۆر بە جدی وەربگرین و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، ئەگەر نا کاتێک بە خۆمان دەزانن بناخەی کۆمەڵگەکەمان لە گرێژەنە دەرچووە و کەلتوور و ناسنامە و ئینتیمای نیشتمان وەک ئاردی ناو درکی لێ هاتووە**

# پاڵنەرەکانی توندوتیژیی سیاسی و کردەوە تیرۆریستییەکان

دیاردەی توندوتیژی خەسڵەت و سیما خودی و بابەتییەکانی لەو ڕووداو و پەرەسەندانە وەردەگرێت کە لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەگوزەرێت، ئەمەش لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا دەردەکەوێت، چونکە شێوەکانی توندوتیژی و پاڵنەرەکانی جیاوازن و ئەستەمە هەموویان لە یەك شێوازدا کۆبکرێنەوە، چەمکی توندوتیژی دەگۆڕێت و، جیاوازە بەپێی ئەو جیاوازییەی کە لەنێو کۆمەڵگەکاندا دەردەکەون، بگرە لە بەهاو نەریت و بیروباوەڕی ئایینی یان سیاسی یاخود کۆمەڵایەتیشدا دەبینرێن، بۆ نموونە دەستدرێژی بۆ سەر مانگاکان لە کۆمەڵگەی هیندۆس بە دەستدرێژی و تاوانێك لە قەڵەم دەدرێت و ئەو گوناهە لای ئەوان هەرگیز ناسڕێتەوە، بەڵام هەمان ئەو دیاردەیە لای کۆمەڵگەکانی دیکە ئاساییە.

هەرچەندە زۆربەی نووسراو و توێژینەوەکان زاراوەی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەك دوو زاراوەی هاوواتا بەکاردەهێنن، بەڵام جیاوازییان هەیە لە دەربڕین و ناوەڕۆك و شێواز و پاڵنەر و هۆکارەکان، توندوتیژیی سیاسی لەگەڵ لەدایکبوونی دەوڵەت سەری هەڵداوە، ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەیە لە ڕووی نێودەوڵەتی و نێوخۆییەوە، هەرچی توندوتیژیی کۆمەڵایەتییە لەوە کۆنترو گشتگیرترە، هەموو شێوەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە لەخۆ دەگرێت، کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری و خێزانی، تەنانەت توندوتیژیی سیاسییش دەگرێتەوە.

تیۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نەگەیشتوونەتە چەمکێکی یەکگرتووی دیاردەی توندوتیژی، ج. فرۆید کە زانایەکی دەروونناسییە ئاماژە بەوە دەکات کە توندوتیژی بریتییە لەو هێزەی کە ڕاستەوخۆ هێرش دەکاتە سەر کەسایەتیی خەڵکانی دیکە و سەروماڵیان بە مەبەستی دەستبەسەر داگرتن یان بەهۆی لەناوبردن و ملکەچ پێکردن و شکست پێهێنان، هەرچی بیرمەند (ج. لاڤۆ) یە پێی وایە کە توندوتیژی بریتییە لە هەموو شێوەیەکی گوشار و کۆنترۆڵکردن و قۆستنەوە، بە مەرجێك بگاتە ئاستی هەڕەشەی جەستەیی بۆ تاك و کۆمەڵ. بەڵام کۆمەڵناس (H.Greham) وای دەبینێت کە توندوتیژی ڕەفتارێکە مەیلی بۆ ئەوەیە کە ئازاری جەستەیی بە کەسەکان بگەیەنێت یان زیانی ماددی بەدواوە بێت، بەچاوپۆشین لەوەی کە بزانرێت ئەو ڕەفتارە تاکەکەسییە یان بەکۆمەڵە.

ئەوەی پەیوەستە بە شێوازەکانی توندوتیژیی سیاسییەوە، دەبینین کە ڕا و بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی توێژەران دەربارەی ئەمانە جیاوازن، گرنگترین پۆلێنەکانی توندوتیژی ئەمانەن:

أ: توندوتیژیی بەپاساو(ڕەوا) و بێ پاساو(ناڕەوا):

فەیلەسووفی ئەمریکی Gert پێی وایە کە توندوتیژیی بەپاساو بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای ڕەوایەتی لە لایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵام توندوتیژیی سیاسیی بێ پاساو بریتییە لە بەکارهێنانی هێزێکی لە ڕادەبەدەر لەسەر بنەماگەلێکی ناڕەوا لەلایەن کۆمەڵێکی یاخیبوو لە سیستەمی سیاسی.

ب: توندوتیژیی ڕاستەوخۆ و توندوتیژیی ناڕاستەوخۆ:

مەبەست لە توندوتیژی ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی هێزە بە ئاشکراو زیاد لە سنووری خۆی، وەك ئەوەی لە جەنگەکان یان لە سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی یاخیبوون و یاخیبوونی چەکداری بەرچاو دەکەوێت، بەڵام توندوتیژیی ناڕاستەوخۆ بریتییە لە بەکارهێنانی تیرۆری فیکری و دەروونی و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کەسەکان.

ج- توندوتیژیی تاکەکەسی و توندوتیژیی بەکۆمەڵ:

توندوتیژیی تاکەکەسی ئەوەیە کە تاك بە خۆی و بۆ مەرامی تایبەتی پیادەی دەکات، بەڵام توندوتیژیی بەکۆمەڵ بریتییە لەو توندوتیژییەی کە کۆمەڵێك



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

مرۆڤ پیادەی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان و دوور لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

ئەوەی پەیوەستە بەو فاکتەرانەی هانی ئەنجامدانی توندوتیژیی سیاسی دەدەن، ئەوەیە یان پەیوەندییان هەیە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی یاخیبوون و توندوتیژی یان بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی، ئەو بزووتنەوانە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی، یان بۆ سەرهەڵدانی مەیلی فراوانخوازی و دوژمنکارییانەی هەندێ دەوڵەت دەگەڕێتەوە، کە ئاوات بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و حوکمڕانی دەخوازن لەناو دەوڵەتی دیکە. زێدەبوونی ژمارەی دانیشتووان فاکتەرێکی دیکەی توندوتیژی بێت لەناو گەلاندا، وەك خراپیی گوزەران و ژیان و نەبوونی خزمەتگوزاری و بڵاوبوونەوەی بێکاری و جیاوازیی زۆری چینایەتی لە داهات و سامان و ئاستی ژیان و بێبەشبوونی زۆرینەی خەڵك لە مافەکانیان، سەرەنجام دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی حاڵەتی یاخیبوون و درێژە دەکێشێت بۆ یاخیبوونی چەکداری، دواجار توندوتیژی وتوندوتیژیی بەرانبەر دێتە ئاراوە، زۆر جار دەگاتە دۆخی پێکدادان و شەڕی ناوخۆ لەنێوان پێکهاتەکانی یەك کۆمەڵگەدا، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت بەتایبەتی لە ڕووی هەرەسهێنانی ئابووریی نیشتمانی و تێکدانی سەقامگیری و ئاسایش، تەنانەت هەڵگرتنی چەك و بەکارهێنانی دەبێتە دیاردەیەکی دزێوی نێو کۆمەڵگە، ئەم دیاردەیەش سەردەکێشێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، ڕەنگە کاریگەریی بکاتە سەر سیستەمی حوکمڕانیی وڵات.

ئەوەی پەیوەستە بە تیرۆرەوە، کە چۆن بتوانین لە توندوتیژیی سیاسی جودای بکەینەوە، ئەوەیە کە تیرۆر لەبەر ئەوەی شێوەیەکە لە شێوەکانی توندوتیژیی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەو جیاوازە، ئامانجی تیرۆر بانگەشەیە بۆ کێشەیەك لە ڕێی ڕاکێشانی ڕای گشتی تاکو بەرگری لێ بکات، بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانەی ئەنجامدەرانی توندوتیژیی سیاسی کاری بۆ دەکەن، هەروەها کردەوەی تیرۆریستی جەخت دەکاتەوە لەسەر کاریگەری بۆ عەقڵ و هەستی جەماوەر، پشت بە بەکارهێنانی هۆکاری هەمەجۆر دەبەستێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، لەوانەش هۆیەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها کردەوەی تیرۆر نێوخۆیی و نێودەوڵەتییە، بەڵام چوارچێوەی توندوتیژیی سیاسی زیاتر نێوخۆییە.

توندوتیژیی سیاسی ڕاستەوخۆیە پشت بە کات نابەستێت، وەك کردەوەی تیرۆریستی کە ئەوانەی جێبەجێی دەکەن سوورن لەسەر تێپەڕاندنی سنوور، بۆ ئەوەی هەستی ژمارەیەکی زۆری تاك یان کۆمەڵێك کەس بورووژێنن کە ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەیانکاتە ئامانج، ئەویش لە ڕێی نامە یان ئاگادارکردنەوە، بەوەی کە ئەم کردەوە تیرۆریستییە دەگاتە ئەوانیش، واتا هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستی بریتییە لە پەیامێك کە ئاراستەی هەمووان دەکرێت، بۆیە زۆربەی کردەوە تیرۆریستییەکان لەو شوێنانە ئەنجام دەدرێن کە قەرەباڵغن و خەڵکی سڤیلی زۆریان تێدایە.

بزووتنەوە تیرۆریستییەکان لە سایەی سیستەمی سیاسی تاکڕەو وداخراودا سەرهەڵدەدەن و فراوان دەبن، شەرعییەت لە هۆزێك، لە تیرەیەك یاخود لە بنەماڵەیەك وەردەگرن، شەرعییەتی سیاسی شکست دێنێت مادام لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دیموکراسی دانەمەزرابێت، چونکە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای بیروباوەڕی داخراو کە چەند کەسێکی دیاریکراو حوکمڕانیی بکەن، هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی ئەو ژمارە حوکمڕانە پەنا ببەنە بەر توندوتیژیی سیاسی دژی نەیارانیان، دواجار هاتنەکایەی تیرۆری دەوڵەت و توندوتیژیی بەرانبەر، لە کۆتاییدا ئەو دەسەڵاتگیرییە سیاسییە هەرەس دەهێنێت و کۆمەڵگەش لەبەریەك هەڵدەوەشێت، ئینجا وڵات دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی خوێناوی و هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردن و گەندەڵی بەسەریدا زاڵ دەبێت و چارەنووسی ئەو دەوڵەتە دەگۆڕێت بۆ وڵاتی نادەوڵەتی.

# کاریگەرییە مەترسیدارەکانی زۆربوونی دانیشتوان لەسەر دەرامەتە ژینگەیی و سرووشتییەکان

لە جیهانێکدا کە ژمارەی دانیشتوانی لە ئێستادا زیاتر لە ٨ ملیار کەس دەبێت، هەموو شتێك شیاوی ڕوودانە، بەتایبەت کە گەشەی دانیشتوان یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو هۆیانەی کە گرفت و ئاریشە بۆ ژینگە و کەشوهەوا دروست دەکات، ئەمەش ئەوەمان لێ دەخوازێت کە بە هەوڵی هەموو زانا و کەسانی پسپۆڕ پەیوەندیی زانستی نێوان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گرفتە ژینگەییەکان بدۆزرێتەوە بە مەبەستی دیارکردنی چارەسەری ڕاستەقینە.

بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا لە زۆرێك لە وڵاتاندا فشارێکی زۆر لەسەر دەرامەتە ژینگەییەکان هاتووەتە ئاراوە بەهۆی کاریگەرییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەسەر ژینگە، کە لە زۆر ڕووەوە زیانی بە پێکهێنەرەکانی ژینگە گەیاندووە وەك:

یەکەم: پیسبوونی خاك:

لە نموونەی لەناوچوونی زیاتری دەرامەتەکان و دارستانەکان و فرەجۆریی بایۆلۆژیی و زیادبوونی گازە گەرمکارەکانی وەك دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و میسان، گرنگە ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە مرۆڤەکان بەپێی ڕێژەی جیاواز کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەکاربردنی دەرامەتەکان بەجێ دەهێڵن، بە جۆرێك کاریگەرییە نەرێنییەکە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا زیاترە هەتا وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، بۆ نموونە: دانیشتوانی ئەمریکا نزیکەی ٥٪ی دانیشتوانی جیهانن، بەڵام بەهۆی زۆری و گەورەیی کارگە و بەرهەمە پیشەسازییەکانیان و کوالێتی بەرزی ژیانیانەوە نزیکەی ٢٥٪ی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن دەخەنە بەرگە هەواوە.


لە کاریگەرییەکانی دیکەی دانیشتوان لەسەر خاك، تەرخانکردنی زۆرێك لە زەوییە کشتوکاڵییەکانە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون و ڕێگەوبانی قیرتاوکراو و چیمەنتۆرێژ کراو و کەمکردنەوەی ڕووبەری سەوزایی و داخورانی خاك و کەمبونەوەی ژمارەی گیانەوەرە کێوییەکان.

دووەم: پیسبوونی هەوا:

کوالێتی هەوا کەم دەبێتەوە بەهۆی دووکەڵی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە و ژمارەی زۆری دانیشتوانەوە، بەتایبەت بەهۆی چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچکردن بۆ نێو شارەکان و چڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لەسەر ڕووبەرێکی کەم.

پیسبوونی ئاو:

چالاکییەکانی مرۆڤ و زۆربوونی بڕی ئاوی ئاوەڕۆکان بەهۆی ماڵان و پرۆژە جیاوازەکانەوە و ڕۆکردنی ئاوی ئاوەڕۆ بە بێ هەبوونی یەکەی چارەسەر و بە بێ ڕیسایکلینی ئاوەڕۆکان، بەهۆی دانیشتوان و زۆربوونی ژمارەیان و پاشماوەکانیانەوە ئاو و سەرچاوەکانی ئاو پیس دەبن.



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

تێکچوونی هاوسەنگیی ئاسایشی جیهانیی خۆراك:

بەهۆی فەرامۆشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پەنابردنی وڵاتانی هەژار بۆ قەرزکردن، بەمەش بایەخدان بەژینگە و گەشەپێدان دەکەوێتە دواوە.

کۆچکردن بەرەو شارەکان:

کۆچکردنی دانیشتوانی گوند و لادێکان بەرەو ناوەندی شارەکان و، بەبیابانبوونی زەوییەکان، فراوانکردنی سنووری شارەکان لەسەر حیسابی رووبەری سەوزایی و پارك و باخچەکان.

کێشەی سیاسی و سەربازی:

وەك ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێت کە کێشەی نێوان هەندێك لە وڵاتان لەسەر ئاو و دەرامەتە سرووشتییەکانە، کە خەریکە لە هەندێك شوێندا لەململانێی سیاسییەوە بگاتە ئاستی پێکدادانی سەربازیی.

کێشەی تەندروستی:

کەمبوونەوەی دەرامەتە ژینگەیی و سەرچاوە سرووشتییەکان کاریگەریی دەبێت لەسەر تێکدانی فرەجۆریی زیندەوەران و پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و هەوا و خاك و، دواتریش پەیدابوونی نەخۆشیی و دەرکەوتنی ڤایرۆس و تێکدانی رەوشی تەندروستیی وڵاتانی جیهان.

کێشەی ئابووری:

زۆربوونی دانیشتووان چ بەهۆی بێبەرنامەیی لە رێکخستنی وەچە خستنەوەوە بێت یان بەهۆی ئاوارەبوون و پەنابەرێتییەوە، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کێشەی ئابووری و بڵاوبوونەوەی بێکاری و هەژاری، مرۆڤی هەژاریش بەزەحمەت دەتوانێت لە خەمی پاراستنی ژینگەدا بێت، لەبەر خەمی نان و پەناگەی خۆی.

گۆڕانی کەشوهەوا:

لە رێگەی ئەو چالاکییە مرۆییانەی کەدەبنە هۆی زیاتر دەرهاویشتەی دووانە ئۆکسیدی کاربۆن و گازی میسان لە رێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سووتەمەنی و هۆکارەکانی گواستنەوەوە، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان هۆکارێکە بۆ زیاتر دەرخستنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەی زۆربوونی دانیشتواندا ئەم چەند هەنگاوەی لای خوارەوە پێویستن، وەك:

یەکەم: لەبواری پەروەردە : باشترکردنی پرۆسە و پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن.

دووەم: لە بواری راگەیاندن: بەرنامەی هۆشیاری بە مەبەستی رێکخستنەوەی خێزان.

سێیەم: لە بواری تەندروستییەوە: زیادکردنی هۆشیاریی منداڵبوون و نەوە خستنەوە.

چوارەم: لە رووی ژینگەییەوە: روونکردنەوەی کاریگەرییە مەترسیدارەکانی زۆربوونی دانیشتوان لەسەر سەرچاوە و دەرامەتە ژینگەیی و سرووشتییەکان.



# لاوان
# لە نێوان خەمساردی و خۆپێگەیاندندا

**گەنج و لاوی کوردستان خەون و خولیای خۆپێگەیاندنیان زۆرە و لەگەڵ هەموو بارودۆخێکی نەخوازراوی نەتەوەیی و سیاسی و ئابووریی وڵات، تا ئاستێکی باش خۆیان گونجاندووە، بەڵام لە ئێستادا ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵگە، زۆرینەیان بێکارن و دانەمەزراون و دەخوازن حکومەت ئاوڕی جدییان لێ بداتەوە و بەکاریان بخات. ئایا حکومەت و وەبەرهێنەران دەتوانن چی بۆ گەنجی بێکار بکەن؟ هۆکار چییە گەنجانی کوردستان لە خۆپێگەیاندن خەمساردن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

«لە قۆناغی ئێستادا حکومەت و وەبەرهێنەران پێویستە بایەخێکی زۆر بە وزەی گەنجان بدەن، چونکە گەنجان داینەموی هەر وڵاتێکن و ئەگەر گرنگییان پێ نەدرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسییەکی گەورە لە هەموو ڕوویێکەوە. دەرفەت ڕەخساندن بۆ گەنج و کۆکردنەوەی وزە جیاوازەکانیان، وڵات بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەبات، بە پێچەوانەوەش وڵات پیر دەکات و بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە».


ئەوە ڕای ڕاژان عەبدولڕەحمان بوو. ئەو خاتوونە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دامەزراندنی گەنجان لە کەرتی گشتی ئەگەر لە قۆناغێکدا دەرفەتی بۆ زۆرێك لە گەنجان ڕەخساندبێت، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە پێویستە لە کەرتی تایبەت دەرفەتی زیاتر بۆ گەنجان بڕەخسێت و حکومەتیش دەتوانێت لە ڕێگەی وەبەرهێنەرەکانەوە هاوکار و پاڵپشتیان بێت».

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مەسروور بارزانی، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێزی ڕاگەیاند**

هاوکات دەڵێت: «لە پێناو چارەسەری کێشەی گەنجان هۆکارگەلێك هەن، کە دەبێت بە هەند وەربگیرێن، چونکە گەنجان کۆڵەگەیەکی گرنگی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکن. لێرە چەند هۆکارێکی گرنگ دەخەینەڕوو لەم ڕوانگەوە: یەکێك لە هۆکارە گرنگانە ئەوەیە کە پێویستە بایەخێکی زۆر بە زانکۆکان بدرێت لە بواری زانستی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو قوتابیان ببن بە خاوەن بەهرە و کاری خۆیان لە داهاتوودا، هەروەها بایەخ بە بواری کشتوکاڵی و گەشتیاری بدەن، چونکە وڵاتەکەمان لە ڕووی گەشتیاری وڵاتێکی

**هەرکاتێک گەنجان هیوایان بە ئایندە نەما و بێ هیوا بوون لە داهاتوودا، ئەوا هەم وەک بە تەمەندار دەبن، هەم خۆیان و هەم کۆی کۆمەڵگە تووشی نەخۆشیی بێ هیوایی و داڕمان دەکەن**





**ڕاژان عەبدولڕەحمان:**

**پێویستە بایەخێکی زۆر بە زانکۆکان بدرێت لە بواری زانستی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو قوتابییان ببن بە خاوەن بەهرە و کاری خۆیان لە داهاتوودا**



**دهۆک بەڕۆژی:**

**بێکاری و بێهیوایی و بێپارەیی و نیگەرانی، بووەتە مایەی ئەوەی بەشێک لە گەنجان ئینتیمایان بۆ نیشتمان و هەندێک جار بۆ کۆمەڵگەش نەبێت**

جوان و خاوەن شوێنی گەشتیاریی ئەوتۆیە کە دەتوانرێت بە هۆی گرنگیدانەوە بەم بوارە هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری گەنجان بڕەخسێت، لە هەمان کاتیشدا دروستکردنی ژێرخانێکی کشتوکاڵی ئەمەش وادەکات، هەم کۆمەڵگە و هەم خودی گەنجانمان ببن بە خاوەن کاری خۆیان و سوود بە خۆیان و بە وڵاتەکەشیان بگەینن». گوتیشی: «کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسروور بارزانی، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە بونیادنانی کوردستانێکی بەهێزی ڕاگەیاند، ستراتیژیەت و وەبەرهێنان و هەمەچەشنکردنی ئابووری و کێشەی گەنجان لە ئەولەوییەتی کارەکانیدا بووە، هەر بۆیە گەنجان و دەستەڵاتی سیاسی تەواوکاری یەکترن، هەم گەنجان خۆیان دەبێت دەستپێشخەر بن، هەمیش دەستەڵات دەبێت پاڵپشتیان بێت بۆ داهێنان و پێشکەوتن؛ چارەسەری ڕیشەییش ئەوەیە کە پێویستە گەنج هان بدرێت و ڕابهێندرێت و دەرفەتی کاری بۆ بڕەخسێندرێت، هەروەها بە سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروستدا گوزەر بکات و کاتەکانی خۆی بە شێوەیەکی باش ڕێك بخات، نەك بەردەوام خەریکی ئەو شتانە بێت کە زیان بە خۆی و کۆمەڵگە دەگەیێنن».

دهۆك بەڕۆژی، قوتابیی زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «زۆرترین ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە گەنجەکانن، لە نیوەی دانیشتووان زیاترن، ئەو گەنجانە تێکەڵاوی چەندین نەوەن: نەوەی هەزارە«Y» کە نەوەیەکی بەتەمەن گەورەن و لە قۆناغی گواستراوەی دیجیتاڵین، کە هەست بە نیگەرانی دەکەن و ئەمانێکی داراییان نییە و هەلی کاریان بۆ نەڕەخساوە، نەوەی «Z» کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان هەتا سەرەتای هەزارەی دووەم ڕووناکییان بینی، ئەمانە هەر لەگەل لەداکیبوونیانەوە لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا ژیان، نەوەی ئەلفا لە ٢٠١٠ تا ٢٠٢٥ ئەمانە دەچنە ناو تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵیی سەرسووڕهێنەر کە بەرەکەی زیرەکیی دەستکردەو دەبینن کە دەچێتە ناو ورد و درشتی ژیان، نەوەی «تەنکە بەفر- رقائق الثلج» کە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك لەدایك بوون، کە تووشی لەرزەی سۆز دەبنەوە و کەمتر قبووڵی ئەوەی دی دەکەن و هەندە ناتوانن بەرەوڕووی ناخۆشیی زەمەن ببنەوە، نەوەی کۆڕۆنا «C» کە لە کاتی گەورەترین پەتا لە مێژووی مرۆڤایەتی لەدایك بوون. هەر نەوەیەك لەمانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە بۆ دروستکردنی کەسایەتیی هەر نەوەیەك، هەروەها سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندن و پازدانی دیجیتاڵی و شۆڕشی مەعریفی و پەیوەندی و زانیاری و ئابووری و زیرەکیی دەستکرد، باڵادەستە بەسەر ئەو نەوانە، ئەمە جگە لەوەی کە کەلتوورێکی هاتوو، بە ئامرازی «نەرمە هێز» کاریگەریی لەسەر نەوەکان و ونبوونی شوناس هەیە، کەلێنێکی گەورەش لەنێوان ئەو نەوەیە و نەوەکانی پێش خۆیان هەیە، واتە جۆرێك لە ململانێ لە نێوانیاندا هەیە، بە ڕاددەیەك نەوەکانی پێش خۆیان و ڕابردوو ناناسن و هەست بە جۆرە نامۆبوونێك دەکەن، بێکاری و بێهیوایی و بێپارەیی و نیگەرانی، بووەتە مایەی ئەوەی بەشێك لە گەنجان ئینتیمایان بۆ نیشتمان و هەندێك جار بۆ کۆمەڵگەش نەبێت».

دهۆك بەڕۆژی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئێمە دەبێت هەموو شتێك لەسەر گەنجانی خۆمان بزانین»، هاوکات دەپرسێت: «ئێمە چۆن بزانین کە گەنجانی ئێمە چۆن بیر دەکەنەوە؟ ئەرکی کێیە کە بزانێت هیوا و خۆزگەکانیان چین؟ ئەو کۆسپ و نشوستییانەی کە هەستی پێ دەکەن چییە؟ ئایا بیر و هزرەکانیان لەسەر ئابووری و هەلی کار دەزانین؟ ئایا ئەو بەها کۆمەڵاتییانەی کە باوەڕیان پێیان هەیە» دەزانین، یان بیروباوەڕە سیاسییەکانیان؟ بێگومان وەڵامەکەی لە هەموو ئەو بوارانەدا نازانین. لەوانەیە لەلای هەندێکمان هەندێك بیروبۆچوون لەسەر بیری گەنجان سەبارەت ژمارەیەك کێشە هەبن، بەڵام بێگومان شتێکی وا نییە کە بتوانێت وەڵامێکی تەواو لەسەر ئەوەمان پێ بدات، کە لەناو عەقڵی گەنجان چ دەگوزەرێت».

ئەو قوتابییەی زانکۆ سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گەنج پێویستی بەوەیە کە دەسەڵات بەخۆیەوە بگرێت، ئەوان کاریان دەوێت و دەیانەوێت ماڵ و منداڵ پێکەوە بنێن. بەداخەوە کەوتووینەتە دۆخێك لە خەراپترین سەردەمی پەروەردەداین، کە لەگەنجێك دەپرسی چی دەخوێنیتەوە؟ پێت پێ دەکەنێت. لێیان دەپرسی: مانای چییە ئێوەی گەنج لە نیوە شەوەوە تا بەیانی لە کافتریا و نێرگەلە کێشانن؟ بێ وەڵام دەبن. ئەوان ئەو هەموو ساڵەی فێربوون و خوێندن و ئەو پارەی لێ سەرف کراوە و هیلاکی و ئازاری دایك و باوك، نرخ و جەدوایەکی ئەوتۆی بۆیان نییە». گوتیشی: «ناتوانرێت بوترێت لە هەر شوێنێك گەنج هەبوو، ئەم شوێنە گەنجدارە (ساماندارە)، چونکە نموونە زۆرە، بەتایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی و جیهانی سێیەم کە لە هەندێ شوێن هەتا لە کوردستان، ڕێژەی گەنج وەك مرۆڤ (٦٠٪) زیاتری دانیشتووان پێك دەهێنێت، بەڵام دەبینرێت لە زۆربەی ئەم شوێنانە هەژاری زۆرە، بەڵام لە

زۆر شوێنی دی وەکو ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژئاوا کە ڕێژەی گەنج تیایدا زۆر نزمترە، لە ڕێژەی بەتەمەنەکان، دەبینرێت لەچاو بەشەکانی دیکەی دونیا گەنجدارن (ساماندارن) و دەوڵەمەندن. بە ڕای بەندە هەر کاتێك ئاڵوگۆڕ نەك هەر لە نێوان گەنج و گەنج، بەڵکو مرۆڤەکان بە گشتی ئاڵوگۆڕێکی گونجاو وە دادپەروەرانە هەبوویێت و هەبێ لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتن ئەوا تەندروستانە گەنج وەك مرۆڤ دەتوانێ بەردەوام گەنج(سامان) دروست بکات و گەنجیش (سامان) دەتوانرێت بەکار بێت بۆ پێگەیاندنی گەنج بۆ خزمەتی ژیان و هیوا و ئارەزووەکانی گەنج و ئەمجار هەموو کۆمەڵگە.. دەبێت بۆ ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕەی نێوان(گەنج و گەنج) تەندروست بێت، لەلایەن چەند دەزگای نیشتمانی و نەتەوەییەوە بە وردی و دڵسۆزانە ئیدارە بکرێن، هەتا لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئەوەی جیهانێکی جوانتر و خۆشتر بۆ گەنجانی و مرۆڤەکانی دونیا دروست بکرێت، پێویست دەکات، چەندەها دەزگای جیهانی بۆ چالاککردنی توانای گەنجان و دادپەروەرانە مامەڵەکردن لەگەڵ توانای گەنجان هەبن. جگە لە تایبەتمەندیی هێزو توانا لای گەنج تێڕوانینی گەنج بۆ داهاتوو و هیواداربوون بە داهاتوو، واتە هەر کەس لە خەم و بیری ئایندەدا بوو، کاری بۆ کرد، لە لایەنی دەروونی و ڕۆحییەوە بە گەنج(لاو) ئەژمار دەکرێت، هەتا ئەگەر بە تەمەن و جەستەش قۆناغی گەنجی (لاوی ) تێپەڕاندبێت. هەرکاتێك گەنجان هیوایان بە ئایندە نەما و بێ هیوا بوون لە داهاتودا، ئەوا هەم وەك تەمەندار دەبن، هەم خۆیان و هەم کۆی کۆمەڵگە تووشی نەخۆشیی بێ هیوایی و داڕمان دەکەن».

ئەحمەد شەمزین، ڕاگەیاندنکارە و ئەویش وەك هەزاران گەنج ڕای وایە «وەبەرهێنان لە هەر وڵاتێکدا هەنگاوی یەکەمی بەرەوپێشچوونە و بڕینی نیوەی ڕێگای ئابووری و سەرمایەی سەربەخۆییە، بەڵام لە کاتی چاودێریکردنی حکومەت و سەرپەرشتیکردنیان لە ڕێگەی لێژنە جۆراوجۆرەکان، بە شێوەیەکی پابەندانە بە ڕەخساندنی (توانای گەنج و وەرگرتنی بیرۆکەی گەنج)، چونکە بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێك لەسەر دەستی گەنجان دێتە کایەوە، بۆیە هەنگاوی یەکەمی حکومەت و وەبەرهێن، دەبێت فەراهەمکردنی کەشوهەوای لەبار بێت بۆ گەنج بۆ هەستکردن بە بوونیان و دۆزینەوەی ئەو هێزە شاراوە و توانا نەبینراوەی کە هەیانە. گوتیشی: «من پێم وایە هەموو کەسێك خاوەن بیرۆکە و هێز و بەهرەیە، بەڵام پرسیارەکە کەی دەردەکەوێت و هەست بەبوون و وجوودی خۆی دەکات، ئەمەش بە پێشکەشکردنی هەلی کار لە ڕێگەی وەبەرهێنەرکان و بە پاڵپشتیی حکومەت دێتە کایەوە».


ئەو میدیاکارە ئەوەشی دووپات کردەوە کە «گەنج لە وڵاتی ئێمەدا خەمساردن لە خۆپێگەیاندن بە هۆی نەبوونی بواری باش و پێڕانەسپاردنی کاری گەورە و بەرپرسیارەتی و بە چاولێکەری لە وڵاتانی ئەورووپی، کە ئەمانە هۆکاری لەناوچوونی سەرکەوتن و ناشتنی خەونەکانیانن. بەداخەوە بەشێکی زۆری گەنجان دەیانەوێت بەبێ ماندووبوون بگەن بە خەون و ئاواتی خوازیاریان، کە ئەوەش مەحاڵە».

لاجان ماهیر، مامۆستا و ڕاهێنەری وەرزشییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «حکومەت دروستکەری ڕۆژگارە گەشەکانی گەنجانی گەلەکەمانە، ئەمەش سەلمێنەری ڕاستی و دروستیی ئەو حکومەتەیە کە بەسەر ئەو هەموو کۆسپ و دژایەتیکردنەدا سەرکەوت. هەنگاوەکان جێگای هیوان تەنیا لەپێناو گەنج و داهاتوو و پاشەڕۆژیکی گەش بۆ گەنجان، ئەوەش باوەڕی ئێمەی گەنجانی زیاتر کرد، بە چاوی خۆمان بینیمان کابینەی نۆیەم بووەتە جێگای شانازیی هەمووان. هەر بۆیە داواکارم هەنگاوەکان بەردەوام بن بە ئاراستەی بەهێزکردنی توانای گەنجان لە بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان بە بە هەموو سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پشتبەستن بە توانای گەنج لە ڕووی پیشەسازیی ناوخۆیی، بناغەی دەوڵەتدارییش پشتبەستنە بە توانا و لێهاتوویی گەنج بۆ بووژاندنەوەی وڵات لە خاکێکی بە پیت و بەرەکەتی وەکو کوردستان». گوتیشی: «هەمووومان دەزانین هەر چوار دەورمان نەیارانی کورد و ئێمەن و هیچ کات نایانەوێت، پێشکەوتنی ئێمە ببینن. هەر ئەوانیشن هەوڵ دەدەن، گەنجی ئێمە لە کۆمەڵگە پەراوێز بخەن. بە دروستکردنی گرژی چونکە لە یەکڕیزیی ئێمە دەترسن. هەمیشە خەڵك لە دژی حوکمڕان و بەرپرسەکانی حکومەتی خۆیان هان دەدەن. گەنجان بەشێکیان سەرلێشیواو بوون، دوای دەرچوونیان لە زانکۆ و بێ ئەمەل بوونیان لە چاوەڕوانیی دامەزراندن، بەشێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە کاری زۆر باشیان کردووە و بوونەتە خاوەن داهات، زۆریش جێگەی خۆشحاڵییە ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتی ماڵ و کچان خاوەن بڕوانامەش بە کاری دەستی و دروستکردنی خواردەمەنی و دروومان و چەندین کاری دیکە، جگە لەوەی بوون بە خاوەن کاری خۆیان دەرفەتی کاریشیان بۆ چەندین کەسی دیکە ڕەخساندووە».



ئەحمەد شەمزین:

**بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێک لەسەر دەستی گەنجان دێتە کایەوە، بۆیە هەنگاوی یەکەمی حکومەت و وەبەرهێن، دەبێت فەراهەمکردنی کەشوهەوای لەبار بێت بۆ گەنج**



لاجان ماهیر:

**هەمووومان دەزانین هەر چوار دەورمان نەیارانی کورد و ئێمەن و هیچ کات نایانەوێت، پێشکەوتنی ئێمە ببینن. هەر ئەوانیشن هەوڵ دەدەن، گەنجی ئێمە لە کۆمەڵگە پەراوێز بخەن**



### شۆخ نەسرین فەتاح:

# ڕۆژێک منداڵەکەم بۆ پەشمەک گریا، پارەم پێ نەبوو، بۆی بکڕم، بۆیە بڕیارم دا کار بکەم

**شۆخ نەسرین فەتاح، خانمێکی کارامە و بەتوانای شاری سلێمانییە و لەسەر شەقامەکانی شار نانەکانی خۆی لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە دەفرۆشێت، وەك خۆی باسی دەکات، بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانی چەندین کاری سەربەرزانەی ئەنجام داوە. لەم گفتوگۆیەشی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتیی خۆی و ئاریشەکانی ڕابردووی دەکات.**

گوڵان: كۆمەڵایەتی

شۆخ نەسرین فەتاح، ساڵی ١٩٨٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندووە، ئەو دایکی چوار منداڵە(دوو کچ و دوو کوڕ) و هەر چواریان قوتابین، وەك خۆی باسی کرد، بەڕێوەبردنی ماڵ و دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی لە ئەستۆی خۆیدایە، سەبارەت بە کارکردنیشی دەڵێت: «ماوەی هەشت ساڵە کاری نانکردن دەکەم، پێشتریش ماوەی نۆ ساڵ کاری خەیاتی و چنینم کردووە، بەڵام ئەم نانکردنەم لە سەرەتادا وەك کرێکارێك لە کارگەکاندا کارم دەکرد، دواتر لە ماڵەکەی خۆمدا هۆدەیەکی بچووکم هەبوو، هەر خۆم بە سەقفی دار بۆ نانکردنی ماڵی خۆم دروستم کردبوو، ئیتر لەوێوە دەستم بە ئیشەکەم کرد. بۆ فرۆشتنی نانەکەم دەچمە سەر جادە و شەقام، وەك ئەو کاسبکارانەی کە ڕۆژانە میوە و شووتی و سەوزە دەفرۆشن، یان کاڵەکیان پێیە لە جادەکان وەستاون. منیش لە شەقامی زەرگەتە و ڕەعایە دەوەستم، بەڵام تا ئەم کارەم بووە کار و تۆزێ باش بوو، ناچار کاری دیکەشم دەکرد، یەکێك لە کارەکانم پاککردنەوەی ماڵان بوو، هەروەها هاوەڵی نەخۆشانی دەروونی لە سەنتەری دەروونیی سلێمانی بووم، لەگەڵ ئەوەشدا گوێز شکاندن، جار جارەش دەبوومەوە کرێکاری کارگە، چونکە پێشتر ئۆتۆمبێلەکەم بچووك بوو، بەڵام زۆر زۆر سپاس بۆ خوای گەورە لە ئێستادا ئۆتۆمبێلەکەم گۆڕیوە، کاری نانەکەم دەکەم و هاوکات لە چێشتخانەیەك لە بەشی ئامادەکردنی نانی بەیانیان هەفتەی سێ ڕۆژ شێفم، بەڵام مشتەری ماڵپاکردنەوەکانم هەر کارەکەمیان بەدڵە و تێلم بۆ دەکەنەوە، منیش ئەو ماڵانەی کە زۆر لەگەڵم باش بوون، دەچم ماڵیان بۆ خاوێن دەکەمەوە، لە ئێستادا بە بەردەوامی ئەو سێ کارە دەکەم».

ئەو خاتوونە ئەوەشی خستە ڕوو کە کارەکانی بە هاوکاریی منداڵەکانی دەکات و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «دووکچ و دوو کوڕم هەیە، نانم لەگەڵ دەکەن و نانیشم بۆ دەبرژێنن، زۆر جاریش کوڕەکانم نیوە نانم بۆ دەکەن، وێڕای ئەوەی هەر چواریان قوتابین و لە خوێندن بەردەوامن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەو هەموو هێزەت چۆن پەیدا کردووە و چی پاڵی پێوەناوی هێندە هەوڵ بدەیت؟ گوتی: «سەرەتا لە بەر خاتری منداڵەکانم و بە هۆی بێکەسیمەوە هێز و وزەی کارکردنم خستەگەڕ و لە کارکردن بەردەوام بووم. ئێستا زۆر ئاسوودەم، چونکە منەتی کەسم لەسەر نییە، هیلاکەتی زۆری تیایە، باس ناکرێت و ناشبیندرێت، بەڵام تا زیاتر هیلاك بم، خۆم بە حەساوە دەزانم، ئەگەر یەك دوو ڕۆژ نەچمە سەر جادە بۆ کارەکەم، وادەزانم شتێکم لێ ون بووە و بیری ماندووبوونەکەم دەکەم، چونکە ئەوانەی منیان بێکەس کرد، ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چاوپێکەوتنەکانم دەبینن، زۆر خەجاڵەتن، یان زۆر بە لاوازی و پەشیمانی دێنە خەوم، بەڵام من بۆ لەمەودوا هەست بە بوونیان ناکەمەوە، خوێنی خۆم دەکەم بە ئاوی ژیان بۆ منداڵەکانم، هەموو ئامانجم ئەوەیە منداڵەکانم خوێندنیان بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن، تاوەکو لە ژیانیان وەك من چەوساوە نەبن، خۆم بە بوونی ئەوانەوە دەبینم».

سەبارەت بەوەش کە چ کەسێ بۆ کارکردن هانی داوە و پشتیوانی کردووە، گوتی: «هیچ کەسێك هاوکارم نەبووە لەکارکردن، من خۆم هێز و قوەت و توانای خۆم بووم، ڕووبەڕووی زۆر شەڕ و فەرتەنەش بوومەوە لەسەر کارکردن، بەڵام بە سەر کێشەکاندا زاڵ بووم. ڕۆژێك منداڵەکەم بۆ پەشمەك گریا، پارەم پێ نەبوو، بۆی بکڕم، بۆیە بڕیارم دا کاری زیاتر بکەم. لە کارگەی نانکردن هێلەکێ نان سی نان بوو دەم کردە نان بە ١٥٠٠٠ دینار، ٣٠٠نانی تیریم بە ١٢ کاتژمێر دەکرد، بۆ سەر کارەکەشم بەپێ دەچووم، نە پاس نە تاکسیم نەدەگرت، بۆ ئەوەی پارەکەم بۆ بمێنێتەوە. ئێستا شوکر بۆ خوا بۆ خۆم کاردەکەم و ئۆتۆمبێلەکەشم کردە کیای دوو تەنی، لە شەقامەکان زۆربەی زۆری خەڵکەکە ئافرەت و پیاوەکانیش دەستم بۆ هەڵدەبڕن و ستایشی کارەکەم دەکەن، ئەوە زۆر زۆر خۆشحاڵم دەکات».

سەبارەت بە بەرنامەشی بۆ داهاتووی خۆی گوتی: «سەرەتا مۆڵەتی شوفێری تایبەتم دەرکرد بە گێڕ عادی، ئێستا کردوومەتە عوومومی، لە داهاتووشدا ئەگەر نەمتوانی ئەم کاری نانکردنە بکەم، تەکسی دەگێڕم، یان نووسینگەی فێرکردنی شوفێری دادەنێم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە پەیام و ئامۆژگاریت بۆ ئافرەتان چییە؟ گوتی: «ئامۆژگاریم بۆ ئافرەتان ئەوەیە هەتا دەتوانن لە ڕێگەی هەر کار و پیشەیەکی سەربەرزانەوە بێت، بێنە ناو کۆمەڵگە و کار بکەن، تامی هەزار دینارییەکی بەرهەمی کاری خۆیان زۆر خۆشترە لە یەك ملیۆنی کەسێکی دیکە، ڕۆژێك بوو من دووسەد و پەنجاییەکی تەبعم بۆ منداڵەکەم پێ نەبوو، ئێستا لە خوا بە زیاد بێت هەموو ژیانی خۆم و منداڵەکانم گۆڕیوە».

**ماوەی هەشت ساڵە ئەم کاری نانکردنە دەکەم، پێشتریش ماوەی نۆ ساڵ کاری خەیاتی و چنینم کردووە**

**بۆ فرۆشتنی نانەکەم دەچمە سەر جادە و شەقام، وەک ئەو کاسبکارانەی کە ڕۆژانە میوە و شووتی و سەوزە دەفرۆشن، یان کاڵەکیان پێیە لە جادەکان وەستاون**

**تا ئەم کارەم بووە کار و تۆزێ باش بوو، ناچار کاری دیکەشم دەکرد، یەکێک لە کارەکانم پاککردنەوەی ماڵان بوو، هەروەها هاوەڵی نەخۆشانی دەروونی لە سەنتەری دەروونیی سلێمانی بووم**



# موزیک و تەجمیل



فەرهەنگ غەفور

لە دونیای ئەمڕۆدا کە گۆڕانکاری بەسەر تەواوی کایەکانی ژیاندا هاتووە، هەر تەنیا ئامراز و داهێنراوەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکوو ئەمە گەیشتووەتە سەر گۆڕانکاری لە بایۆلۆجی و ئەدگار و ئاکار و هەڵسوکەوت و سۆز و هەستەوەریی مرۆڤەکانیش، ئێستا پرۆسەیەکی خێرا و بەربڵاو بۆ جوانکارییەکان نەك هەر لە ڕوخسار و ئەندامانی دەرەوەی لەشی مرۆڤدا بەڕێوە دەچێت و، خەریکە زۆر کەسیش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕوخسار و لەشیاندا دەکەن ناناسرێنەوە، بەڵام بابەتەکە هەر بەوەندە نەوەستاوە، وا جوانکاری و دەستکاری گەیشتە ئاوازەکانی موزیك و گەیشتە ژێیەکانی دەنگی کەسەکانیش، بەتایبەت ئەمە لە ناو هونەرمەندان و دەنگبێژاندا کارەساتە و هیچ بەهرە و سەلیقەیەکی خۆڕسك بۆ کەسەکە ناهێڵێتەوە. کار گەیشتووەتە کۆپیکردنی دەنگی مرۆڤ بۆ ئەو دەنگەی خۆی دەیەوێ، تەنانەت زۆر لە هونەرمەندانی بەتوانا و موعتەبەر پەنا بۆ

گۆڕانکاری لە دەنگیاندا دەبەن، جا ئەمە چ سەلیقە و هونەر و بەهرە و توانایەك بۆ کەسی هونەرمەند دەهێڵێتەوە، کاتێك هیچ شتێکی بە ڕەسەن ماکەکەی هی خۆی نەبێ و هەموو هاوردەکراو و لێکدراو و کۆپیکراوی ناو بەرنامەی دەزگاکانی تەکنەلۆژیا بێت؟ وا بڕوا ناسازترین دەنگ، کە تا دوێنێ ئەنکەرلئەسوات بووە، بە یەك دوو نەشتەرگەریی تەجمیلی (Auto_ Tune) خۆی وەپێش دەنگە نایابەکان دەدا، کار وابڕوا کۆپیی دەنگەکانی نەمرانی وەك (زیرەك و ئەسغەری و مەردان و ماملێ و کاوێس و.. هتد) نێزیك لەخۆی دروست دەکرێت، ئەمە کارەساتێکە لە زەمەنی تەکنەلۆژیا و نانۆ و ڕۆبۆتەکاندا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وا بڕوا هیچ بەها و سەنگێك بۆ هونەر و دەنگ و ئاواز نامێنێتەوە.

ژیانی پێشان ئەگەرچی وەك ئەوەی لە باب و باپیرانمانەوە گوێبیستی بووین، زۆر هەژارانە و بە سکێك تێر و بە سێیان برسی بوون، بەڵام ژیانێکی تا بڵێی خۆش و بەهادار بووە، چونکە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان، کەسابەت و پیشەوەرییەکان، جەنگاوەری و عیشق و قوربانیدان، گۆرانی و حیکایەت و کولتوور و دابونەریت و سرووتە ئایینییەکان هەموویان ڕەسەنزادە و پاك و خۆکردە و مرۆکردانە بوون، گۆرانی و لاوك و حەیران و مەقامەکان، بە دەنگی بەسۆز و خۆشئاواز لە هەست و نەستی خەڵکدا جێگەیان گرتووە، بەپێچەوانەی ئەمڕۆ، کە ئامرازەکان و ڕۆبۆتەکان و ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا و تەکنەلۆجیا نەك هەر دەستکاریی هەستەوەرەکانی مرۆڤ دەکەن، بەڵکوو دەستکاریی جیناتی مرۆڤەکانیش دەکەن و خەریکە بە زیرەکیی دەستکرد مرۆڤ لەو بەرگەی دەهێنێتە دەر، کە پێی ناسراو بووە و دەیکات بە ئامرازێك لە ئامرازەکان، ئەمەش نەك هەر بە گۆڕانکاری لە ئەندامەکانی و لە ڕوخساری، بەڵکوو بە دەستکاری لە هەستەوەر و دەنگ و ڕەنگ و حەز و خولیا و ئاوات و داهێنانەکانیدا.

ئێستا لە شاشەکان، لە کەناڵەکان، لە سۆشیال میدیا، گۆرانبێژ و دەنگبێژ و هونەرمەندی وا بەرهەم بڵاو دەکەنەوە، کە بە ئاشکرا پێیانەوە دیارە، کە دەنگەکەیان قەڵپ و کۆپیکراوە، کە موزیکەکەیان وەرگیراو و هاوردەکراو و کۆپیکراوە، ئایا ئەمە بوو بە هونەر؟ جا مەگەر وا بێ، با بە نەشتەرگەری و جوانکاریی ئەلیکترۆنی گۆڕانگاری لە تۆڕەدەماری گوێ و بیستنی مرۆڤەکانیشدا بکرێت، بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو هەموو گۆرانی و موزیك و هونەرە، گوێیەکان هەڵاوێرد لە نێوان دەنگ و موزیکە ناسازەکاندا بکەن و ئۆتۆماتیکی بیانخەنە سەر باری ساز، ئەوکاتە زەڕەزەڕ بە قاسپە، حەپەحەپ بە چریکە، هۆڕنە و هاڕە بە هۆرە و سیاچەمانە بگۆڕێت و چ باکمان بە گۆرانیبێژ و موزیك و هونەرمەندان نەبێ.

ئەم سەردەمەی ئێستا سەردەمێکی زۆر ئاڵۆزە و چرکە بە چرکە بەرەو ئاڵۆزتر دەڕوا، تەماشای ژینگە و سرووشت و کەشوهەوا بکە، تەواو شێواو و گۆڕاون، تەماشای ئاژەڵەکان بکە، سیستمی ژیان و ژینگەیان تێك دراوە و سەرگەردانن، ماسی و دەریاییەکان هەروا، مرۆڤ لە هەموویان پەرێشانتر و خانەخەراپترە و هەر خۆیشی دەستی لە تێکدانی سیستمی ژیانیدا هەیە، یان باشتر بڵێین سەرمایەداری و بازرگانی و ململانێ لەسەر مانەوەی هەندێك لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە ژیانیان لە خۆیان و لە دەوروبەریان کردووە بە قوزەلقورت و، هاکا نەك هەر ژیار و هونەر و داب و ئەخلاقەکەیان، خۆیشیان سەریان تیا چوو.

لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەگەر بێتو هەزمی ئەو دەستکاری و جوانکارییە بکەین، ئەوا گەشەی دەنگ و زانستی دەنگ و هەستە جوانەکان هیچ بەهایەکیان نامێنێت، خۆ ئەگەر گەنج و ئەکادیمیستەکانی بواری موزیك سوود لە تەکنەلۆجیا وەربگرن وەك پاڵپشتییەك لە پێشکەوتنی ئەورۆی موزیکی کوردی بەشێوەیەکی ئەرێنی و دوور لە دەستتێوەردانی تەکنیکی ئەلیکترۆنی، ئەوا ئەم ڕەوشە لە خزمەت بزاڤی کارەکەدا دەبێ، گەڕانەوە بۆ سەر ڕەسەنایەتی و کرۆکی مرۆڤایەتی، ڕەنگە تاکە دەرفەت بێ بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو پەرێشانییەی تێی کەوتووە و بەرەو فەنابوونی دەبات، بەرەو ژیانێکی تا ڕادەیەك باشتر لەوەی ئێستای ببات.



ئاشنا عومەر:

# کاتێک موزیکم هەڵبژارد تووشی کێشە و گرفتی زۆر بوومەوە

هونەرمەند ئاشنا عومەر ناوی تەواوی ( ئاشنا عومەر حەمە عزیز)ە سالآنێکە خۆی خستووەتە ناو دەریای هونەری گۆرانی و موزیك، هەر لەسەرەتای ژیانی هونەرییەوە، هەوڵی ئەوەی داوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی خۆی فێری هونەری موزیك بکات، دوای تەواوکردنی پەیمانگەو کۆلێژی هونەر توانی بڕوانامەی ماستەریش هەر لەبواری موزیك بەدەست بهێنێت. بۆ زیاتری ئاشنابوون بەم خاتوونە هونەرمەندە بە چەند پرسیارێك بەسەرمان کردەوە.

■ هەڤپەیڤین– کامەران حاجی ئەلیاس

***سەرەتا پێمان باشە باس لە ئاشنا بوونت بە هونەری موزیک بکەیت؟**

- کاتێ قوتابی بووم لە قۆناغی بنەڕەتی و ناوەندی، و ئارەزووم بۆ هونەری موزیک هەبوو، بۆیە بە مەبەستی پەرەپێدانی ئەو حەز و ئارەزووە، چوومە بەشی موزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەسەرکەوتوویی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانم تەواو کرد، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ مامۆستای سروود و گۆرانی بووم، دواتر کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر بەشی موزیکم تەواو کرد لە ساڵی ٢٠١٤، ماوەی چەند ساڵێك وەك موعیدە لە بەشی موزیکی کولێژی هونەر کارم کرد، تا ساڵی ٢٠٢١ چوومە خوێندنی باڵا و ماستەرنامەم لە زانستەکانی موزیك بە دەست هێنا.

لەو نێوەندەدا ماوەی چەند ساڵێك، ئەندامی (ئۆکێسترای کوردستان) بووم، ئەندامی گروپی (مریەم خان) بووم کە گروپێکی خانمانە بوو سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەشداریی تەواوی چالاکییەکانی ئەم گرووپانەم کردووە وەك دەنگ وەك ژەنیار لە ماوەی ئەم ساڵانەدا.

*** کاتێ فێربوونی موزیکت هەڵبژارد تووشی هیچ کێشەوگرفت نەبوویتەوە ؟**

- بەڵێ کاتێك موزیکم هەڵبژارد تووشی کێشە و گرفتی زۆر بوومەوە، چونکە ئەو کاتە کۆمەڵگە قبوڵی نەبوو ئافرەتێك لەسەر شەقام بە ئامێرەوە ڕێ بکات، یان بە پاس بتوانێت بگاتە شوێنی خوێندن، نەبوونی و خراپیی لایەنی ئابووری بۆ ئێمە سەرەدەمی گرفت و کێشە بوو.

*** تاچەند خێزانەکەت هاوکارت بوون بۆ ئەوەی لە کاروانی موزیك بەردەوام بیت؟**

- خێزانەکەم هەموو هاوکار بوون، چونکە باوەڕیان بە هونەر هەبوو، پێیان وایە کە ئافرەت دەتوانێت گۆڕانکاری بکات و کۆمەڵگە بەرەوپێش ببات.

***موزیکی کوردی لە ئێستادا لە ئاستێکدا دەبینیت؟**

- موزیکی و گۆرانیی کوردی لە ئێستادا تێکەڵییەکی پێوە دیارە، گەنجی باش و خوڵقێنەر هەیە کە ڕێز لە هونەرەکەی دەگرێت، بە داخەوە هەندێك کەسیش بە ناو هونەرمەندیش چەپ و ڕاست بە بێ گوێدانە هیچ، کەوتوونەتە ناو هونەرو بێ هەستی و بێ ئیحساس فەراغەکانیان بە هونەر پردەکەنەوە و ناویان لە خۆیان ناوە گۆرانیبێژ، ئەوەش جێگەی داخە کە هیچ فلتەریك نیە و بە ئاسانی دەتوانێت ببێت بە گۆرانیبێژ.

***ڕەخنەگری موزیك لە نێون موزیکی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەخنەی بنیاتنەر نییە، تەنیا ڕەخنەی ڕووخێنەر هەیە و بە بێ هیچ پێوەرێکی زانستی قسە لەسەر هەموو بابەتێك دەکرێت.

*** ئەو سیفەتانە چین کە پێویستە لە هەموو موزسیانێکدا هەبێت؟**

- ڕۆشنبیریی گشتی و خوێندنەوەی تایبەت و بە ئەکادیمیبوون دەبێت لە موزیسیاندا هەبێت، ڕوو گەش و ئەدای قسەکردن و گفتوگۆکردن دەبێت لە ئاستی ئەو ژنیارەدابێت، بۆ ئەوەی جگە لە ژەنین ڕاوێژی تیۆریشی پێ بکرێت.

***ئاستی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانکانی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام کەموکوورییش هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئێستا هونەر بە گشتی گۆرانی و موزیك بە تایبەتی لە ڕووی پراکتیکیەوە بێ بایەخ بووە، چونکە دەرچووان هیچ ڕێگەیەکیان نییە بۆ بژێوی ژیان.

*** ئاستی گۆرانیبێژان و موزسیانانی کچانی کورد لە چ ئاستێکدایە؟**

- دەستگیرۆیی ئافرەتانی بەهرەمەند لەم بوارەدا لاوازە، تاکوتەرا لەسەر ئاستی ژەنین و دەنگ، ئافرەت دروست دەبێت، کە دروستش دەبێت بە دەگمەن دەمێننەوە لە ناو پرۆسەکەدا، ئەگەر سەرنج بدەن لێرە و لەوێ بە پەنجەی دەست هەم موزیسیان هەم گۆرانیبێژ دەبینرێت، هۆکاریش بۆ ئەمە زۆرە، یەکێك لەوانە بە ڕێژەیەکی کەم خێزانەکان ڕێگە بە کچەکانیان دەدەن کە بچنە ناوەندەکانی خوێندنی هونەر، پێیان وایە لە کۆتایدا ڕەنج بە خەسار دەبن، ئافرەتانمان پێویستیان بە دەستگیرۆیی و پاڵپشتی هەیە بۆ مانەوەیان لە هونەر.

***لەم ماوەیەدا بڕوانامەی ماستەرت لە بواری موزیك بەدەست هێنا، دەکرێت باس لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەت بکەیت؟**

- بەڵێ، بڕوانامەی ماستەرم بە دەست هێنا لە زانستەکانی موزیك، ناونیشانی ماستەرنامەکەم (ڕەهەندەکانی گۆڕانی چێژی ئیستاتیکی لە گۆرانی هاوچەرخی کوردیدا)بوو، ناونیشانێکی نوێ و کارێکی دەگمەن بوو، ئەزموونێکی نوێ بوو زۆر شت فێر بووم، گەیشتمە ئەنجامێکی باش لە توێژینەوەکەم، ناوەڕۆکی باسەکەم زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا، جوانیناسی، گۆرانیی هاوچەرخ و هاوچەرخی کوردییە، شیکاریمان بۆ نموونەی ئەو گۆرانیانە کردووە کە بۆ باسەکەم هەڵمبژاردووە، بە داتا لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە گەشتینە ئەو ئەنجامەی کە دەمانویست.

*** سوپاس کە دەرفەتتان بە ئێمە بەخشی.**

-منیش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە.

**موزیکی و گۆرانیی کوردی لە ئێستادا تێکەڵەیەکی پێوە دیارە**

**ئافرەتانمان پێویستیان بە دەستگیرۆیی و پاڵپشتی هەیە بۆ مانەوەیان لە هونەر**



دییە تەحسین :
یاریزانی کاراتێی یانەی سلێمانی

# دەبێ قوربانی بدەین بۆ ئەو شتانەی کە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین

**یاریی کاراتێ یەکێکە لەو یارییانەی کە بە یاریی تاکەکان دادەنرێت، بەردەوامیش یاریزانە کوردەکانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوەی عێراقیش مەدالیای جۆراوجۆریان بەدەست هێناوە، توانای کچی کوردستانیان پیشان داوە بە ڕکابەرەکانیان، یانەی سلێمانی یەکێکە لەم یانانەی کە بەردەوام گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی یارییە تاکەکان دەدەن لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی پاڵەوانێتیەکان بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و کێبڕکێکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی سلێمانی (دییە تەحسین)ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ـە و پێشتریش یاریی بۆ انەی ئەفرۆدێت کردووە، ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتێی یانەی سلێمانی، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی ■**



***چۆن بوو دونیای وەرزشیت هەڵبژارد؟**

- من لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە چوومەتە ناو جیهانی وەرزشەوە، لە منداڵییەوە ئاواتم ئەوە بووە کە ببم بە یاریزانێکی لێهاتوو لە بوارەکەی خۆمدا، بۆیە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە چوومەتە ناو وەرزش، وەرزش لە ڕووی جەستەییەوە و هەم لە ڕووی مێشکەوە بەهێزمان دەکات، وامان لێ دەکات کەسێکی جیاواز بین لە ناو کۆمەڵگەدا.

*** لە نێو ئەم هەموو یارییە وەرزشییە چۆن بوو کاراتێت هەڵبژارد؟**

-حەز و ئارەزوویەکی خۆم بوو، وە من بەهرەی خۆم لە وەرزشی کاراتی بینییەوە.

***هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-هەموو کارێك بەشی خۆی قورسە، هیچ شتێك بێ ماندوو بوون بەدەست نایەت، بۆیە دەبێ قوربانی بدەین بۆ ئەو شتانەی کە دەمانەوێت بەدەستی بهێنین.

***ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- دەتوانین بڵێین لەم یەك دوو ساڵەی ڕابردوو ئاستی وەرزش باشتر بووە و پەرەی پێ دەدرێت، بەڵام هێشتا کەمە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

-بوونی کارگێڕییەکی باش و هاندانی ڕۆڵی وەرزشی و دروستکردنی پاڵوانێتی و پاڵاوتنی یاریزانە باشەکان و خەڵات کردنیان.

***هۆکاری چییە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێیی کچانیان پشتگوێ خستووە؟**

-ڕێژەی کچ لەم یارییەدا کەمە، بە زۆری ئاستی کوڕان باشترە و زیاتر ئەوان ئەم یارییە دەکەن، بۆیە زیاتر پەرە بە کوڕان دەدرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم لە ئێستادا کچانیش وەکو کوڕان ڕکابەریی یەکتر دەکەن و خۆیان دەسەلمێنن.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێکی کوردستان؟**



-بەرنامەم بۆ داهاتوو ئەوەیە کە ئاستی خۆم زۆر لە ئاستی ئێستام باشتر بکەم و بتوانم هەنگاوی گەورەتر بهاوێم.

***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشی؟**

-سەرکەوتن بۆ هەمووان کەسێك هەستێکی خۆشە، بەڵام بۆ ئەو کەسە خۆشتر دەبێت یان تایبەتتر دەبێت کاتێك بە هەوڵ و ماندوو بوون و ڕەنجی خۆی و بوونی ڕاهێنەرێکی دڵسۆز ئەو سەرکەوتنە بەدەست دەهێنێت، هەستێکی زۆر جیاواز دەبێت، هەموو کەسێك ئەو هەستەی نابێت.

***کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

-هیچ کەسێك بە ڕکابەری خۆم نازانم.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك لەم یارییە؟**

-هیوا و ئاواتی من ئەوەیە کە لە داهاتوودا وەکو کچە یاریزانێکی کورد لە پاڵەوانێتی جیهان بەشدار بم بە ئاستێکی زۆر باش.

***بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

-کچان بە هەڵە لەم یارییە تێگەیشتوون، ئەگەر ئێمە بێین لە سەر ئەم وەرزشە بخوێنینەوە ئەوا دەزانین کە یارییەکی چەند بە سوودە، یارییەکی چەند گرنگە بۆ ئێمەی کچ بە تایبەت، یارییەکە فێرمان دەکان چۆن بەرگری لە خۆمان بکەین لە کاتی پێویستدا و، فێرمان دەکات کە باوەڕ و متمانەمان بەخۆمان هەبێت، قسەیەکی داهێنەری کاراتێ (گیچین فوناکوشی) هەیە دەڵێت(کاراتێ بە نەرمونیانی دەست پێ دەکات و بە نەرمونیانی کۆتایی دێت)

***هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- من بە حوکمی ئەوەی یاریزانێکی کۆنم و دەمێکە یاری دەکەم نەخێر نەبووە و ئەگەر گرێبەستم بۆ بێت قبوڵی ناکەم، چونکە من لەم یانەیە گەورە بووم و دەرکەوتووم بووم بەو یاریزانەی ئێستا.

***خانەوادەکەت تا چەند پاڵپشتن بۆ وەرزش کردن؟**

-. بێگومان بۆ کچێك کە ئەم یارییە جیاوازە بکات، بە پاڵپشتی خێزانەکەی نەبێ ناگاتە ئەم ئاستە، سوپاس بۆ خوا هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**


- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە خزمەتی وەرزشی ناوەخۆ دەکات، سوپاس بۆ ڕاهێنەرەکانم بەهۆی ئەوانەوە کە من ئێستا لەو ئاستەم



# ئیڤان خالید
# لە ئاسیا دەدرەوشێتەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە ئیڤان خالید لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی توانی ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکەی پێشکەش بکات، هەر بەم هۆکارەش ژمارەیەك لە یانەکانی بەشداربوو لە خولە گەورەکەی عێراقی داوای گرێبەستیان لێ کردووە بۆ یاریکردن، بەڵام یانەی کارەبا و ڕاهێنەرەکەی دەستبەرداری ئەم یاریزانە کوردە نەبوون، لەم بارەشەوە (ئیڤان خالید) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ توانیمان ئاستێکی بەرز لە خولی نایابی عێراقی پێشکەش بکەین، هەر بۆیە چەند یانەیەك داوای گرێبەستیان لێم کرد، یانەکانیش بریتی بوون لە (نەجەف، مینا، نەفتی بەسرە، ئەمانەی بەغداد، نەفتی ناوەڕاست)، بەڵام دواجار گفتوگۆکانم لەگەڵ یانەی کارەبا بە ئامانج گەیشت و لەسەر داوای ڕاهێنەری یانەکە (کاپتن لوئەی سەلاح) گرێبەستەکەم لەگەڵ کارەبا تازە کردەوە»، گوتیشی: «من حەز دەکەم ئەزموونێکی دیکە تاقی بکەمەوە ئەویش یاریکردنم بوو لە پاڵەوانێتی یانەکانی ئاسیا، کە ئەمساڵ یانەی کارەبا بەشدارە و یەکەم یاریشمان لە ٩/١٩دەبێت بەرامبەر یانەی کوێت-ی کوێتی لە شاری بەسرە، ڕاهێنەری یانەکەشمان سوور بوو لە سەر ئەوەی کە نابێت بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاری بکەم و دەبێ لەگەڵیان بەردەوام بم، وەکو یاریزانێکی کوردیش دەمەوێ بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لەگەڵ یانەی کارەبا بۆ ئەوەی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم، هیچ گرفتێکم نییە لە یانەی کارەبا و ئەوپەڕی توانای خۆم دەخەمە گەڕ بۆ سەرکەوتنی یانەکە».

# ژیار گۆڤەند دهۆکی بە پارە نە گۆڕییەوە



هەر چەندە ئەم وەرزە ژیار گۆڤەند یەکێك لە یاریزانە لاوەکانی یانەی دهۆك بوو لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، هەر بەم هۆیەشەوە بووە جێگای چاوتێبڕینی زۆربەی یانەکانی عێراقی و کوردستان، بۆ ئەوەی گرێبەستی باشی پێشکەش بکەن بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانیان، بەڵام ژیار لە پێناو ناو یانەی دهۆك هەموو ئەو پارانەی ڕەت کردەوە و گرێبەستی لەگەڵ یانەی دهۆك واژوو کرد، لە بارەی مانەوەشی لە یانەی دهۆك (ژیار گۆڤەند) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ وەرزی تازەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی گرێبەستم لە هەرسێ یانەکەی کوردستان (هەولێر و نەورۆز و زاخۆ) پێشکەش کرابوو، جگە لە یانەکانی زەوراء و تەلەبە و جەوییە و کارەبا و چەند یانەیەکی تریش بۆ ئەوەی بتوانم یارییان بۆ بکەم»، لەبارەی بڕی پارەکانیش ژیار گوتی: «یانە هەبووە ١٥٠ملیۆن دیناری بۆ یەك وەرز پێشکەش کردووم، بەڵام من لەبەر خۆشەویستیی یانەی دهۆك و جەماوەرەکەی بە نیوەی ئەو پارەی کە یانەکانی دیکە گرێبەستیان پێشکەش کردووم، لەگەڵ یانەی دهۆك گرێبەستم تازە کردووەتەوە، دەمەوێ ئەمساڵ خزمەتی زیاتری یانەی دهۆك بکەم لە خولی عێراقی و بتوانم یارمەتی باشی یانەکە بدەم و ئەنجامی شایستە لەگەڵ یانەکەی خۆم تۆمار بکەم، یانەی دهۆك یانەیەکی گەورەیە و منیش وەکو یاریزانێك دەمەوێ زۆرترین خزمەت پێشکەش بەم یانەیە بکەم، بەهیوای ئەوەشم ئاستێکی بەرز لەم وەرزەدا پێشکەش بکەم».

# دلێر حاتەم
# لە بەغداد گرێبەستی پێشکەش کراوە



لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەکان کەوتوونەتە خۆیان بۆ کۆکردنەوەی یاریزانان و گواستنەوەیان بۆ ڕیزی تیپەکانیان، دلێر حاتەم گۆڵپارێزی پێشووی یانەی سیروانی نوێ دوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی پێشوو، لە ئێستادا چەند یانەیەك هەوڵی بەدەستهێنانی تواناکانی دەدەن، لەم بارەشەوە دلێر حاتەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ یانەی هەندرێن بەڵێنم داوە کەوا گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم بۆ ئەوەی ئەم وەرزە لە ڕیزی یانەی هەندرێن یاری بکەم، بەڵام هێشتا نەبووەتە فەرمی، گرێبەستیشم لە یانەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ هاتووە بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکەم، جگە لە کوردستان لە شاری بەغدادیش گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام بەهۆی دەوامی خۆم ناتوانم پەیوەندییان پێوە بکەم، پار ساڵیش گرێبەستم هەبوو لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ زۆر بە زەحمەت توانیم گرێبەستەکەم تەواو بکەم، چونکە بۆمن زەحمەت بوو، هەوڵ دەدەم ئایندەی خۆم دیاری بکەم لەگەڵ یەکێك لە یانەکان، بۆ ئەوەی بتوانم درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆم بدەم و خزمەتی ئەو یانەیە بکەم کە گرێبەستی لەگەڵ مۆر دەکەم».

# هۆكاری دووبارەبوونەوەی خەونەكان

بەگشتی خەونەكان دووبارە نابنەوە، بەڵام لە حاڵەتی زیاد بینینی خەوندا لەوانەیە كە هەمان خەون یان بە سیناریۆیەكی نزیك چەند جارێك دووبارە بێتەوە، بۆنموونە شەوانە بینینی ٣-٥ خەون كە ٢٠-٣٠ خولەك دەخایەنن، یان دووبارەبوونەوەی خەون چەند جارێك لە ماوەی یەك مانگ یان چەند ساڵ جارێك. دووبارەبوونەوەی خەونەكان Recurring dreams هۆكارە بۆ نیگەرانی و سترێس، كە حاڵەتەكە زیاتر لە منداڵاندا بەدی دەكرێت، بەڵام لەوانەشە لە پێگەیشتوواندا ڕوو بدات. بە ڕای زانا و پسپۆڕان، وا پێدەچێت كە زیاد بینینی خەون و خەونە دووبارەبووەكان زیاتر پەیوەندییان بە ئەزموونی زۆر قووڵی ژیانەوە هەبێت، یان تەنیا پرسە لۆژیكییەكانی پەیوەست بە كەسێتییەوە كە گەرەنتی دووبارەبوونەوەیان هەیە لە ژیانی بەئاگادا، چونكە بەشێكن لە تۆ نەك ڕووداوێك كە تەنیا بۆ یەك جار ڕوو بدات. هۆكار و وروژێنەرەكانی دووبارە بوونەوە و زیاد بینینی خەون: سترێسی پاش ڕووداو PTSD و پەستی هۆكاری سەرەكین بۆ دووبارە بوونەوەی خەون كە گەلێك جار خەونەكان دەبنە كابوس Nightmare و تووشبوو لە خەو بیدار دەكەنەوە، هەروەها سترێسی درێژخایەن، پەستی كە چارەسەر نەبووبێت، خەمۆكی، بوونی هەر گرفت و كێشەیەك كە هێشتا چارەسەر نەكرابێت، ژاوەژاو، هەناسەتەنگی لەكاتی خەودا Sleep apnea، كە هۆكارە بۆ بینینی خەونی وەكو خنكان و نەمانی هەناسە یان كەوتنە ژێر ئاو.





# بۆچی زیاد خواردنی ماسیی تونە زیانبەخشە؟

نزیکەی هەموو جۆرەکانی ماسی ڕێژەیەك جیوەیان تێدایە، بەڵام ماسیی تونە Tuna بەتایبەتی تونەی قەبارە گەورە ڕێژەیەکی بەرزی جیوە لەخۆدەگرێت، هەروەها بە گوێرەی ماسیی گەورەی وەکو شارك، سوۆردفیش، لەگەڵ کینك مەکەرێل. تونە و ئەو جۆرانەی ماسی ڕێژەیەکی بەرچاو لە جیوە لەخۆدەگرن بە شێوەی ئاوێتەی میتیل میرکوری $CH_3Hg$ کە ماددەیەکی ژەهراوییە بۆ لەش. لەکاتی خواردنی بڕی زیادی ماسیی تونە یان ماسیی گەورەی جۆرەکانی دیکە، بۆنموونە هەفتانە سێ جار یان زیاتر، ئەوا ڕێژەیەکی نەخوازراوی جیوە کە کانزایەکی قورسە دەگاتە لەش و کاریگەریی نەرێنی زۆر دەکاتە سەر کۆئەندامی دەمار و ئەندامەکانی دیکەی لەش. جیوە لە سرووشت و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کە بە خەڵووز کاردەکەن دەگاتە دەریا و ئۆقیانووسەکان. بڕی زیادی جیوە لە لەشدا هۆکارە بۆ لاوازبوونی توانا و فرمانەکانی شانەکانی مێشك، پەستی، خەمۆکی، نەخۆشیی دڵ، هەروەها گرفت لە پەرەسەندن و گەشەی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا، بۆنموونە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پەرەسەندنی کۆئەندامی دەمار و کۆئەندامی زاوزێی کۆرپە، بۆیە خواردنی بڕی زیادی تونە زیاتر مەترسیدارە بۆ ئافرەتی دووگیان و منداڵ.



# زیانە تەندروستییەکانی زیاد بیرکردنەوە

لە جیهانی خێرا و پەرەسەندووی ئەمڕۆدا، لە جیهانی سەرقاڵی و پڕ لەسترێسی سەردەمدا، شتێکی نامۆ نییە کە مێشکت لەگەڵ حاڵەتێکی بێ سنووری بیرکردنەوەدا پێشبڕکێ بکات. نەبوونی توانا بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتەی بیرکردنەوە هۆکارە بۆ نارەحەتیی دەروونی و دڵتەنگی و گرفتی جەستەیی، بۆیە بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی دەروونی زۆر پێویستە کە خۆمان فێر بکەین کە چۆن مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکەین، بۆ خۆپاراستن لە کەوتنە ناو بازنەی داخراوی زیاد بیرکردنەوەدا. زیاد بیرکردنەوە Overthinking گەلێك هۆکاری هاندەری لەپاڵە، وەکو: سرووشتی کەسێتی، بۆماوە، لەگەڵ شتە ورووژێنەرەکانی سترێس. تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی هۆکارە هاندەرەکان، ڕێگایەکی کاریگەر و یارمەتیدەرە بۆ ڕێگرتن لە زیادبیرکردنەوە. زیانە تەندروستییەکانی زیاد بیرکردنەوە: زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە پەستی و خەمۆکی لە ئەنجامی پەیداکردنی گومان و ترس و گەورەکردنی شتە بچووکەکاندا، شەکەتیی دەروونی، گرفتەکانی خەو، دروستبوونی گرفت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، گرفت لە ئەنجامدانی دروستی کار و پیشەدا، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، گرفتی جیاواز لە کۆئەندامی هەرسدا، لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، سەرئێشە، هێڵنج، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەروەها گۆڕان لە ئارەزووی خواردن.

# گرنگیی ڕیشاڵ لە خۆراکی ڕۆژانەدا



ڕیشاڵ Fiber بە شێوەیەکی سەرەکی لە خۆراکە ڕووەکییەکاندا هەیە، گرنگیی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، جۆری ڕیشاڵی تواوە Soluble fiber یان جۆری ڕیشاڵی نەتواوە Insoluble fiber. بە ڕێنمایی پسپۆڕانی خۆراك، پێویستی ڕۆژانەی ڕیشاڵ بریتییە لە ٢١-٢٥ گرام بۆ ئافرەت و ٣٠-٣٨ گرام بۆ پیاو. بایەخی تەندروستیی ڕیشاڵ لە خۆراکدا: خۆپاراستن لە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، کەمکردنەوەی ئەگەری جەڵتەی مێشك، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخش لە ڕیخۆڵەدا، خۆپاراستن لە قەبزی، خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆڵۆن و ڕێکە و شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا. خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە هەر دوو جۆری ڕیشاڵ: نیسك، پەتاتە، پاقلەمەنییەکان، میوەی وشککراوە، برۆکۆلی، قەرنابیت، کەلەرم، گێزەر، چەوەندەر، سلق، باینجان، دانەوێڵەی تەواو، جۆ، شوفان، ئاڤۆکادۆ، گەنمەشامی، هەرمێ، سێو، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، لەگەڵ کاکڵەکان بەتایبەتی باوی.

# نیشانەکانی وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەی ئافرەت

وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەی ئافرەت Menopause کردارێکی بایۆلۆژیی سرووشتییە، بە گشتی لە تەمەنی نێوان ٤٥-٥٥ساڵیدا دەست پێدەکات، سەرەتا بە نارێکبوون و کەمبوونەوەی ژمارەی سووڕەکانی مانگانە دەست پێدەکات پاشان بە یەکجاری دەوەستێت، هەروەها پاش تێپەڕبوونی ١٢ مانگ لە نەبینی هیچ سووڕێکی مانگانە، ئینجا قۆناغەکە بە تەواوی جێگیر دەبێت و نیشانەکان دەردەکەون. نیشانەکان تا ڕادەیەك لە ئافرەتێکیەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازییان هەیە، بۆیە ئاست و توندیی نیشانەکانیش جیاواز دەبن. نیشانەکان: تەزووی گەرمی -Hot flushes کە باوترین نیشانەیە و بریتییە لە هەستکردنی کتوپڕ بە گەرما لە دەموچاو و مل و سینگدا، کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سووربوونەوەی پێست و ئارەقەدا، هەستکردن بە ماندووبوون، ئارەقەی شەوانە، گۆڕان لە پێستدا بە شێوەی خورشت و وشکبوون و لۆچبوون لەگەڵ دەرکەوتنی زیپکە، تەنکبوونی قژ، ناسکبوونی نینۆکەکان، گۆڕانی مەزاج، هەستکردن بە نارەحەتی، خەوزڕان، سترێس، خەمۆکی، سەرسووڕان، کەمبوونەوەی تەرکیز و زووبیرچوونەوە، پەستی و نۆرەی ترس وتۆقین، سەرئێشە و نۆرەی شەقەسەر، زیادبوونی کێشی لەش، وشکبوونی دەم کە ئەگەری کلۆربوونی ددانەکان زیاد دەکات، گۆڕان لە هەستی بۆن و چێژکردندا، دڵەکوتێ، لاوازبوونی میزڵدان و زیادبوونی هەوکردنەکانی میزەڕۆ، ئازاری ماسوولکە و جومگە، وشکبوونی چاو، گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس وەکو هێڵنج و دڵەکزێ یان کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا.






# بەرکەوتن بە تیشکی خۆر هاندەرە بۆ ئەکزیما

بە شێوەیەکی ئاسایی پێست گەلێك جۆری میکرۆب لە بەکتریا و ڤایرۆس و کەڕوو هەڵدەگرێت Skin micribiome، کە زۆر گرنگە بۆ هێشتنەوە و پاراستنی هاوسەنگیی پێست Ho-meostasis. پسپۆڕانی پێست ڕوونیان کردووەتەوە کە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر میکرۆبە سوودبەخشەکانی پێست و ئەگەری تووشبوون بە ئەکزیما Ec-zema زیاد دەکات، بەتایبەتی کەمبوونەوەی ئاستی بەکتریا لە جۆری پرۆتیۆبەکتریا Pro-teobacteria کە زیاتر پەیوەستە بە ئەگەری سەرهەڵدانی ئەکزیما و چەند گرفتێکی دیکەی پێست. میکانیزمەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرکەوتنی زۆری پێست بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی تیشکی خۆر، هۆکارە بۆ تێکدانی DNA ناو ناوکی خانەکانی پێست و پەیداکردنی هەوکردنی درێژخایەن، کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە ئەکزیما و نەخۆشیی سەدەف Psoriasis. پسپۆڕانی پێست جەخت دەکەنەوە کە خۆشبەختانە ئەم کاریگەرییەی تیشکی خۆر لەسەر پێست بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام دەبێت، ئەکزیماکە بە دوورکەوتنەوە و خۆپاراستن لە تیشکی خۆر بە گشتی لە ماوەی ٢٨ ڕۆژدا لەخۆیەوە چاك دەبێتەوە.

# قۆناغی سێیەمی نەخۆشیی گورچیلە چییە؟

قۆناغی سێیەمی نەخۆشیی گورچیلە Stage 3 kidney disease واتە تێکچوونی مامناوەندی فرمانی گورچیلەکان کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت ئەوا پەرەدەسەنێت بۆ قۆناغی ٤ و ٥ کە کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت و، بۆ چارەسەرکردن پێویست بە ئامێری گورچیلەی دەستکرد Dialysis یان نەشتەرگەریی گواستنەوەی گورچیلە دەکات، نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە ٥ قۆناغی هەیە بە گوێرەی ئاستی تێکچوون و لەدەستدانی فرمانی گورچیلە. لە قۆناغی سێیەمدا، تێکچوون و کەمبوونەوەی فرمانی گورچیلەکان لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و تووشبوو دەتوانێت بە پابەندبوون بە چارەسەرکردن و بەدواداچوونی تەندروستی ژیانێکی ئاسایی بەسەر بەرێت، بەگشتی نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە بێ نیشانەیە تا دەگاتە قۆناغی سێیەم ئینجا نیشانەکان دەردەکەون، چونکە بارگرانی دەکەوێتە سەر گورچیلەکان بۆ ڕاپەراندنی فرمانیان لە ڕزگارکردنی لەش لە شلە و ماددە نەخوازراوەکان، لە ڕێگەی میزدا. نیشانەکان: کەمخوێنی، هەستکردن بە ماندووبوون، ئازاری ماسوولکەکان، هێڵنج و ڕشانەوە، گرفت لە نووستندا، ئازاری جومگە و ئێسکەکان، کەمبوونەوە یان زیادبوونی میز، ئاوسانی گۆزینگەکان، هەروەها ئاوسانی بەری چاوەکان. نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن باوترین هۆکارن بۆ قۆناغی سێیەمی نەخۆشیی گورچیلە، هۆکارە هاندەرەکانی دیکەی تووشبوون: جگەرەکێشان، هەوکردنی درێژخایەنی گورچیلە، بڕی زیادی خوێ لە خۆراکدا، هەروەها کەم خەوی و کەمیی مەشقی وەرزشی.





# تەلەڤزیۆنی بێ وایەر بۆ هەموو شوێنێک

تەلەڤزیۆن لە سەردەمی پێشکەوتنی دیجیتالیدا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەرداهات، تەلەڤزیۆن ئەو ئامێرە گەورە و زەبەلاحە نییە، شوێنێکی زۆر لە ماڵەوە بگرێت، بەڵکو لەم سەردەمەدا تەلەڤزیۆن قەوارەی گەورەترە و کێشی کەمتر و تواناکانی گەلێکن.

تەلەڤزیۆنی جۆری LG StanbyME کە بەرهەمی کۆمپانیای LGیە، تواناکانی گەلێکین و بۆ هەموو شوێنێك تەنانەت بۆ حەمام و چێشتخانەش دەبێت. چونکە بە تەڕبوون کێشەی بۆنایەتە پێش. قەوارەکەی ٢٧ ئینجە و لەسەر پایەکی بەرز داندراوە و لە تەبلێتێکی مەزن دەچێت، بە هەردوو باری ستوونی و ئاسۆییدا سوودی لێوەدەرگیرێت. دەکرێت وەك کاتژمێرێکی زیرەك لە ماڵەوە بێت یان وەك ئەلبۆمێکی هۆشمەند. بە مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. بەهۆی ئەوەی کامێرایەکی بەهێزی لەسەر داندراوە دەکرێت وەك ئاوێنەش سەیر بکرێت.






## موسیقا لێدان

ئەگەر ڕۆژێك کەسێکتان دی بەبێ ئەوەی هیچ ئامێرێکی مۆسیقای لەبەردەم بێت و پەنجەکانی وەك ئەوەی بە ئامێرێکی مۆسیقادا بێنی و خەریکی مۆسیقا لێدان بێت، پێتان سەیر نەبێت و کەسەکەش تێکنەچووە!

ئامێری music fingers ئامرازێکی نوێیە، تەنیا لە دوو ئەنگوستیلە پێکهاتووە و کە لە هەردوو پەنجەی دۆشاومژە دەکرێت و پاشان ئەو ئەنگوستیلانە لە ڕێگای بلوتوسەوە لە گەڵ مۆبایل

## پایسک

لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا، زۆر ناخایەنێ هەموو شتێك پشتیوانی لە ژیریی دەستکرد دەکا، تەنانەت پایسکیلیش. پایسکل هەتا ئەو ساڵانەی دوایی تەنیا ئامێرێك بوو کە بە پێدان دەڕۆیشت و دوو تایەی هەبوو. لەم سەردەمەدا بە وزە کار دەکات و زیرەکیشە.

کۆمپانیای ACER کە زیاتر کۆمپیوتەر و ئامێرە دیجیتالییەکان بەرهەم دێنێ، لەم ماوەیەدا پایسکلی جۆری Ebii بەرهەم هێناوە. پایسکیلێکی زیرەك کە بە فەرمانی بەکارهێنەرەکەی دەڕوات و یارمەتیدەری بەکارهێنەرەکەیەتی بۆ دۆزینەوەی ئاراستە و شوێنەکان.

مۆتۆڕێکی لەسەرە کە بە هۆی زیرەکی دەستکردەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. پایسیکلەکە دەچێتەوە دەپاڵیەك و بچووك دەبێتەوە. کێشەکەی تەنیا ١٦ کیلۆیە. بەکارهێنەر مەترسیی ئەوەی نییە کە تایەکانی پەنجەر بن، تایەکان بای تێناکرێ و یەکپارچەیە. بە دانانی پرۆگرامێکی تایبەت بە پایسکلەکە لەسەر مۆبایل، پاسکیلەکە پێدەکرێ و دەکوژێتەوەو قفڵ دەدرێ، هەروەها سیستەمی

# یەکەم هیدفۆنی زیرەکی دەستکرد




چاتی زیرەك یا ChatGPT گۆڕانێکی نوێیە لە جیهانی نوێدا، ڕەنگە یەکەم هەنگاوی دەستپێکی ئەم جیهانە نوێیە بێت کە گۆڕانکاری لە هەموو شتێکدا پێکدێنێ.
لەم ماوەیەکدا یەکەم هیدفۆنی زیرەکی ActiveBuds AB02 کە لەگەڵ چات جی پی تی پەیوەند دەدرێت، بەرهەمهات. هیدفۆنێك شاشەیەکی ١,٨ ئینجی هەیە و دەکرێت، پرسیارە دەنگییەکان بۆ زیرەکی دەستکرد بگوازێتەوە و ئەویش بە شێوەی دەق وەڵامت دەداتەوە. ئەم هیدفۆنە هەتا ئێستا لە ٤٠ زمانی زیندووی جیهان تێدەگات و دەنگی بەکارهێنەر بەو چل زمانە بۆ دەق دەگۆڕێت. لە داهاتوودا ئەم هیدفۆنە دەنگییە وەك وەرگێڕ و یارمەتیدەرێك بۆ زۆربەی ئەرکەکانی ڕۆژانە سوودی لێوەردەگیردرێت.



## ـــــــێ هیچ ئامێرێک

پەیوەند دەدرێت، هەروەها بەهۆی ئاپێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و دەکرێت ئامێرەکان بگۆڕیت. دوای ئەوە بە پەنجەکانت جا بە سەر مێز یا ڕایەخدا بێت بجووڵێنە و لەسەر مۆبایلەکە دەنگی ئەو ئاوازەی لێدەدەی دەبیسترێ. ئەوەی تۆزێك لە مۆسیقا شارەزا بێت دەتوانیت ئەو ئامێرە سیحرییە بەکار بێنێت. کێشی هەردوو ئەنگوستیلەکە ١٢ گرامە و بە باترییەکی کاتژمێر کار دەکات و هەتا چەند ڕۆژێکیش کارکردن باترییەکەی تەواو نابێت.



## ـــــــلی ژیر

GPS هەیە و لە ڕێگا ڕۆیشتندا ڕێنوێنیت دەکات. جگە لە وزە دەکرێت پێدانیش لێبدەی. ئەوکاتەی کە وزەی تەواوی هەبوو دەکرێت هەتا ١١٠ کیلۆمەتر بڕۆی. لە ماوەی دوو کاتژمێر و نیودا بەتەواوی شەحن دەبێتەوە. هەستەوەرێکی تایبەتی تێدایە کە هەرکاتێك تەنێکی جوڵاو وەك ئۆتۆمبیل یا هەر گیانلەبەر بەرەو ڕووت هات ئاگادارت بکاتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی تێدایە ئەگەر یەکێك نیازی هەبێت پایسکلەکە بدزێت دەستبەجێ کورتەپەیامێك بۆ خاوەنەکەی دەنێرێت و شوێنی پایکسلەکە لەسەر مۆبایل نیشان دەدات و خاوەنەکەی دەتوانێت لە ڕێگای دوورەوە دایبخات.

# راوتەرێکی خێرا بۆ گشت سیمکارتێک




راوتەر ئەو ئامێرەیە کە ئینتەرنێت وەردەگرێ و بڵاوی دەکاتەوە، بۆ نموونە ڕاوتەرەکانی جۆری فاست لینك و گۆران نێت و تیشك نێت و....تاد.

کۆمپانیای Netgear نوێترین ڕاوتەری خستەڕوو کە بە جۆری M6 Pro ناسراوە. خێراترین و جۆری ڕاوتەرە و سیستەمی G5 و Wi-fi6ی لەسەرە. ڕاوتەرەکە گشت سیمکارتێك دەخوێنێتەوە و بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت. خاڵی گرنگی ڕاوتەرەکە ئەوەیە، کۆمپانیایەك کە ئینتەرنێتێکی لاوازیشی هەیە، وا دەکات خێرایی ئینتەرنێتەکە زیاتر بێت، هەروەها لەو شوێنانەی کە تۆڕ (شبکە) زۆر لاوازە، تۆڕەکە زۆر بەهێز دەکات. خێراییەکەی ٨ گیگابایت لە چرکەیەکدایە و دەکاتە ٢٠ گیگابایتیش. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئامێرەکە ئەوەیە لە بواری ئەمنییەوە زۆر بەهێزە و هاککەرەکان ناتوانن هاکی بکەن. هەرکاتێك شەحنی تەواو بێت هەتا ٤٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. شاشەیەکی لەمسی هەیە و لەسەر شاشەکە ڕێکخستنی ڕاوتەرەکە دەبینرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت، فۆتۆشۆپی زیرەك کە لە زۆر پەیجەکانی فەیسبوك و ئینستادا ڕێکلامی بۆ دەکرێ، ئایا ئەمە ڕاستە و کۆمپانیای ئەدۆب بڵاوی کردۆتەوە؟

خوێنەری بەڕێز، کۆمپانیای ئەدۆب تەنیا ڤێرژنی Beta واتە ڤێرژنێك بۆ تاقیکردنەوە و تێستی بڵاوکردۆتەوە، هێشتا خودی کۆمپانیای ڤێرژنی ئەسڵی بڵاو نەکردۆتەوە و بڕیار وایە لە کۆتایی ئەمساڵدا بڵاوی بکاتەوە. نەخێر ئەم پەیجانەی کە ئاماژە بەوە دەدەن ئێمە دوا ڤێرژنی فۆتۆشۆپی زیرەکمان لەلایە، هیچی ڕاست نین. ئەوە لە دەیان تایبەتمەندی فۆتۆشۆپی زیرەك تەنیا یەك تایبەتمەندی generative fill تێدایە کە ئەویش بەتەواوی نییە، فۆتۆشۆپی زیرەك بەتەواوی جیهانی گرافیکی دەگۆڕێ و بەرەو ئاسانتری دەبات.



# ڕۆبۆتێک بۆ ئەو هاوسەرانەی منداڵیان نییە

پرسیارێك کە لە زەینی زۆربەی ئێمە دا هەیە، ئەوەیە ئایا ڕۆبۆتەکان شوێنی مرۆڤەکان دەگرنەوە، جگە لە هاوکاریی جەستەیی دەتوانن هاوڕێ و هاودەمێکی باشیش بن بۆ مرۆڤ؟!


بەڵێ لە داهاتوودا ڕۆبۆتەکان پێچەوانەی ئەوەی کە باسی دەکرێن جێگای مەترسین، دەکرێ هاوڕێ و هاودەمێکی باشیش بن بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە ڕۆبۆتی Alpha Mini کە ڕۆبۆتێکی بچووکە و مرۆڤ شێوەیە، زیاتر لە منداڵێك دەچێت. زۆر گوێڕایەڵە و بە قسەی بەکارهێنەرەکەی دەکات، ئەو هاوسەرانەی کە منداڵیان نییە حەز دەکەن ڕۆبۆتی ناوبراو بێننە ماڵەوە و وەك ئەندامێکی ماڵەوە سەیری بکەن. ڕۆبۆتەکە ڕوخسارەکان دەناسێتەوە، تەنانەت بە دەنگیش دەیانناسێ. چوارده سێرڤۆی هەیە، دەڕوات و سەما دەکات، وەرزش دەکات و ئەگەر بکەوێش خۆی ڕاست دەکاتەوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ شتی نوێ فێر دەبێت و زیاتر لەگەڵ ماڵەوە ڕادێت. دەتوانێت ئامێرەکانی ماڵەوە هەڵبکات و بکوژێنێتەوە و دەرگاش بکاتەوە.

# سندوقی پۆستەی هۆشمەند




لەم وڵاتە و زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا، سندووقی پۆستە نییە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا سندووقی پۆستە یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکان. بۆ نموونە کاتێك پۆستەکەت بۆ دێت، پۆستەچی پێویست ناکات لە دەرگای ماڵەوە بدات کە جار هەیە کەس لەماڵەوە نابێت، بەڵکو لە سندووقی پۆستەی داوێت و بەکارهێنەر ڕۆژانە سەیری سندووقی پۆستە دەکات.

لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا، سندووقی پۆستەی زیرەکیش بەرهەمهاتووە، سندووقی پۆستەی SmartDrop کە لە پۆڵا دروستکراوەو بەکارهێنەر دەتوانێت لە زەوی ببەستێتەوە، کێشی زیاتر لە ٢٠ کیلۆیە، بە پەنجەمۆر دەکرێتەوە، هەروەها کۆدیشی بۆ دادەنرێت، کامێرایەکی فوول ئیچ دی لە پێشەوە هەیە و هەرکەسێك لێی نزیك بێتەوە وێنەی دەگرێت. هەرکاتێك بەستەیەکی نوێ لە سندووقەکە داویشترێت پەیامێك بۆ خاوەنەکەی دەنێرێت و تەنانەت خودی بەستەکەشی نیشان دەدات.





## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد تایبەت بە کێشانی وێنە

زیرەکیی دەستکرد لە بەشی وێنە و ڤیدیۆدا بەڕاستی پشکی شێری بەرکەوتووە، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە هەموو بوارێکدا پێکهێناوە بەتایبەتی لەو دوو بوارەی ئاماژەمان پێدان. بە دەیان ماڵپەڕی زیرەکیی دەستکرد تایبەت بە وێنە هەن، یەکێك لەو ماڵپەڕانە، ماڵپەڕی nightcafe. studio.یە. لە سەرەتادا هەژماری خۆت دەکەیەوە، پاشان وەك زۆربەی ئەو ماڵپەڕانەی زیرەکیی دەستکرد پەیامی خۆت تایبەت بە کێشانەوەی وێنە لە بۆکسێك کە بۆ ئەم مەبەستە دانراوە دەنووسی، دوای ئەوە لە ماوەی سی چرکەدا ئەو وێنەیەی داوات کردووە دەیکێشێتەوە. هەرچەندە ماڵپەڕی ئاماژە بۆکراو وەك ماڵپەڕی میدجۆرنی و لیوناردۆ سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئاستێکی باشیشی هەیە.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی کلیک ڕاست

کلیکی ڕاستی ماوس لە ویندۆزدا گرنگی زۆری هەیە، بەشێك لە فەرمانەکان لە بەشی کلیك ڕاستدان، لە هەر پرۆگرامێکدا بەپێی کارو ئەرکی پرۆگرامەکە فەرمانەکانی کلیك ڕاستی ماوسیش دەگۆڕدرێن. ئەو فەرمانانەی لە کلیك ڕاست دان ناکرێ دەستکاری بکرێن و شتی زیادیان بۆ دابندرێ. بەڵام پرۆگرامی FileMenu Tools ڕێك بەو مەبەستە داندراوە. بەو پرۆگرامە دەکرێت فەرمان و ئەرکی نوێ بۆ کلیك ڕاست دابندرێ، هەروەها دەکرێت ئەو فەرمانانەی کە ویندۆزیش بۆ کلیك ڕاست دایناون دەستکاری بکرێن و لابرێن و زیاد بکرێن. بەگشتی بەکارهێنەر دەتوانی بە ویستی خۆی کلیك ڕاست دابنێت. دانانی و لابردنی فەرمانەکانی کلیك ڕاست بە ویستی بەکارهێنەر کارئاسانییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەرەکەی دەکات. نە تەنیا ئەرك و فەرمان دەکرێت فایل و فۆلدەری تایبەتیش بۆ کلیك ڕاست دابندرێ، بۆ نموونە حەز دەکەی فۆڵدرێکی تایبەتیت بەبێ ئەوەی بچیە شوێنی فۆلدەرەکە هەر بە کلیك ڕاست بیکەیەوە. یان پرۆگرامێك لە بەشی کلیك ڕاستدا زیاد بکەی.



## پێڵاوی بەرز و فلات لە ڕۆژی زەماوەند و ئاهەنگدا





پێڵاوەکانی ڕۆژی زەماوەند گرنگن بۆ دەرخستنی جوانیی جەستە و شێوەی جلوبەرگ، بەهۆی ئەوەی پێڵاوەکان هەندێ جار دەردەکەون یان دەکەونە ژێر کراسی بووك، بەڵام بەرزی و نزمی جوانی بەژن و باڵات نیشان دەدەن، کە چ جۆرە جل و ئێکسسوار و پێویستی لە ڕۆژی ئاهەنگدا لەبەر بکەن، ئەمجارەیان دێنە سەر پێڵاوی بووکەخان، زیاتر لە ڕۆژی زەماوەند بووك پێڵاوی پاژنەبەرز لەپێ دەکەن، تا بەژن و باڵایان بەرز و بەرچاو بێت، ئەوانەی باڵایان درێژە، تەنیا وەك مۆدەیەك لەپێی دەکەن تا جوانتریش شێوازی تاخمە جلی بووکی لێ دەربچێت. ئەوانە چەندین نموونەی پێڵاوی پاژنە بەرزی بووکانن، ئێوەی کچانیش دەتوانین یەکێك لەو شێوازانە لە ڕۆژی زەماوەنددا لە پێی بکەن، بەڵام دەبێ دڵنیا بیت لە شێوەی نەخش و ڕەنگی پێڵاوەکەت بیت، تا بە جوانی لەگەڵ کراسی بووك شیاو بێت، ئەگەر توانیت ئەو کارە بکەیت، بێگومان هەر خۆت بووکێکی شۆخ و شەنگ دەبیت لە ڕۆژی زەماوەنددا.



## ئەو جلانەی بەژن و باڵات درێژتر و بەرزتر دەردەکەخەن



ئەوانەی حەز دەکەن بەژن و باڵایان بەرزتر دەربکەوێت، یان بەژنیان کورتە و دەیانەوێت درێژ دەربکەون، چەند ڕێنماییەك هەن کە دەتوانن سوودیان لێ وەربگریت. سەرەتا لەو هەنگاوانەوە دەست پێبکە، یەکەم جار دەتوانی لە ڕێگەی هاوڕەنگیی جلوبەرگەوە مۆدێکی نایاب دروست بکەیت، کە بەژن و باڵات جوان نمایش بکەن، مارکەی مایکل کۆرس مۆدێکی لە ڕەنگی سەوز ئامادە کردووە کە هاوڕەنگە، بەمەش شێوەت بەرز دەردەکەوێت. دووەم ڕێنمایی بریتییە لە پۆشینی جلوبەرگی هێڵدار، باشترە هێڵەکانی نێو جلەکە بە شێوەی ستوونی بێت، نەوەك ئاسۆیی، بە هۆی ئەوەی هێڵەکان کار لەسەر بەرامبەر دەکەن کە دیمەنێکی درێژ و بەرەو سەرەوە دەربکەوێت. سێیەم هەڵبژاردنی جلی جمبسوت، ئەو جلەیە کە یەك پارچەیە لە سەرەوە تا خوارەوە، باشترە لە ڕەنگەکانی بێرگندی یان شین و سوور بێت. چوارەم هەڵبژاردنی جلوبەرگی درێژە کە بەبێ نەخش و نیگار بێت، چونکە نەخشەکان شێوەت کورتر دەردەخەن، هەروەها جلی ڕەنگ ڕەش مۆدێکی باوە تاوەکو جەستەت گەورەتر و درێژتر دەربکەوێت.







# کەرەستە پێویست و گرنگەکانی ماکیاژ

گرنگترین کەرەستەکانی ماکیاژ بریتیین لە: سپیکردنی پێست : Burberry Fresh Glow Luminous Highlighting Pen، ئەم جۆرە قەڵەمە بۆ سپیکردنی زیاتری ڕەنگی ڕوخسارت بەکار دێت، کە لە هەر جۆرە ڕەنگێك بێت، چونکە لەو وەرزەدا پێویستە سەر و ڕوخسار زیاتر دەربکەوێ، لە نێوچاوان و گەردن و ڕوومەتەکا دەدرێت. لابەری چرچ و لۆچ : Clarins Super Restorative Re-modelling Seru، یەکێکە لەو کەرەستە بەهێزانەی ماددەی سیرۆمی تێدایە، کە ڕێ لە سەرهەڵدانی چرچ و لۆچی دەگرێت، هەروەها کار دەکات لەسەر زیندووکردنەوەی خانەکانی پێست، ئەوانەی بە وشکی دەردەکەون و چارەسەری ئەو شوێنانە دەکات کە ژێرەوەیان سوور هەڵدەگرێت. فڵچەی ماکیاژ : Illamasqua Mini Brush Set شێوازێکی تازەی فڵچەی ماکیاژە کە لە پێستی ڕەش دروست کراوە، نەرمونیان و بچووکە، دەتوانی لە هەر شوێنێکدا هەڵیبگریت و تەنانەت پاشماوەی ماکیاژیش ناهێڵێتەوە و بەسەرییەوە نامێنێت. زەیتی بۆن خۆشکەر : Narciso Rodriguez Musc Oil Perfume، بریتییە لە کەرەستەیەکی بەهێز و بەسوود، کە دەتوانی شووشەیەکی بچووکی ئەو جۆرە بۆن زەیتییە لەگەڵ خۆت هەڵبگریت و لە هەر شوێنێك بیت، بەکاری بهێنیت. ڕەنگی پشت چاو: Sephora Brilliant Makeup Palette لەم کاتەی ساڵدا، مۆدێکی سەرەکی لە ماکیاژدا ڕەنگی پشت چاوە، کە پێویستە ڕەنگەکانی پشت چاوت لابێت و تاخمە تازەکانی پشت چاویش هیچیان لە (١٨) ڕەنگیان کەمتر تیایدا نییە، ئەوە جگە لە کرێمی ڕوخسار و بۆیەی لێو و ڕەنگی ڕوومەتەکانیش.




## گەنجێکی هەولێر یەکـ

تایکواندۆ یەکێکە لەو یاری و مەشقە بەرگرییانەی هونەری جەنگی کۆرییە، بۆ سەردەمی دەسەڵاتی کۆجۆریۆی شانشینی سیلای کۆری دەگەڕێتەوە، لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پاڵەوان و لێهاتووی بەتوانا لەو بوارەدا هەڵکەوتوون، لە کوردستانیش گەنجێك بە ناوی (ڕەوەند بەهرەم ئەحمەد) یاریزانی یانەی ئەمانەی بەغدا و خەڵکی شاری هەولێر و دانیشتووی گوندی قۆریتانی سەر دەشتی شەمامکە، کە یاریزانی تایکواندۆیە، توانی بۆ دووەم جار و دووەم ساڵ پاڵەوانی عێراق لە یاریی تایکواندۆی پاڵەوانێتیی یانەکانی پێگەیشتووانی عێراق بەدەست بهێنێت، هەروەها ئەمساڵ یەکەم کوردە کە توانیویەتی



## جلی جنۆکە و فیلمە کارتۆنییەکان دەدورێت

(ئەنجیلا کلایتۆن)، کە تەمەنی (١٨) ساڵە لە بواری بەرگدروویدا لێهاتووە، هەر جلێکی بکەوێتە بەرچاو لە ماوەیەکی کەمدا ئامادەی دەکات، تا ئێستا چەندین نمایشی جلی کردووەتەوە، سەرەتای دەرخستنی بەهرەکەی لە تەمەنی (٣) ساڵیدا بووە، لەو تەمەن بچووکەوە دەستی داوەتە داو و دەرزی، تا کەرەستەی بچووکی چێ کردووە، ئێستا زۆربەی جلی کارتۆنییەکان دەدوورێت و بۆ نمایشەکانی ئامادەی دەکات، هەندێ دەستکاری ئەو کارانە دەکات، ئێستا ئەوانەی بە کارەکانی دەزانن، هەمیشە داوای جلی تایبەتی بۆنە و یادەکانی لێدەکەن، ئەویش بەرامبەر بڕە پارەیەك بۆیان ئامادە دەکات و کاری بەرگدووریی بۆ دەکات، دواجار کراسێکی بووکی فرۆشتووە بە (٨) هەزار دۆلار کە دەکاتە (٨٠) وەرەقە.




# ـــــــەمی تایكواندۆی عێراقە



مەدالیای زێڕ بە دەست بهێنێت، تاكە گەنجی كوردە ئەمساڵ لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بێت بۆ یاریی تایكواندۆی پێشكەوتوو، ئەم گەنجە دوو ساڵە لە كۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەكان وەرناگیرێت، وەكو خۆی دەڵێت یەكەم ساڵ بەهۆی پاڵەوانێتییەوە نەمتوانیوە فۆڕم وەربگرم، ئاواتی ئەوەیە لە كۆلێژ وەربگیرێت، لە پاڵەوانێتیی ناوخۆی كوردستانیش زیاتر لە ١٠ میدالیای زێڕی بە دەست هێناوە، لە مانگەكانی داهاتوودا وەك نوێنەری عێراق نیازی بەشداریكردنی هەیە لە پاڵەوانێتیی ئاسیا بۆ یاریی تایكواندۆ.





## ژمارەی پێوانە و داهێنان لە مەلەكردن دەگرێتەوە

ئەو ئافرەتە ناوی (ئەلیسیا زەتچینی)یە، تەمەنی (٢٦) ساڵە و دانیشتووی شاری ڕۆمایە، توانی ماوەیەكی زۆر لە نێو ئاودا بمێنێتەوە، بە گوێرەی ژمارە پێوانەیی دەكرێت مرۆڤ بۆ ماوەی (٢) خولەك لە ژێر ئاودا بێت، كەچی ئەو ئافرەتە توانی ماوەی (٣ خولەك و نیو) بمێنێتەوە، هەروەها ماوەی قوڵاییی مەلەكردنی گەیشتە (١٠٦) مەتر لەسەر ئاستی دەریادا، ئەو شوێنەی مەلەی تیادا دەكرد لە كەنارەكانی (ئەلبەهاما)ی ئەمریكایە، سەركێشی ئەو ئافرەتە لەوەدا بوو كاتێك بەشداریی پاڵەوانێتی مەلەكردنی ساڵی (٢٠١٨)ی (دیانس بلو هۆڵ) كرد، تا ئێستا كەس نەیتوانیوە ئەو ئاستە تۆمار بكات، بەمەش دەبێتە یەكەمی مەلەوانی جیهان.

# زبڵ و خاشاک بۆ فرۆشتن





وڵاتی تایوان توانی گەورەترین داهێنان بکات، ئەویش بە دروستکردنی ئامێرێك کە زبڵ و پاشماوەت لێ وەردەگرێت و لە بەرامبەردا بڕە پارەیەکت پێ دەبەخشێت، ئەو ئامێرە بە ناوی (ITRASH)ـە، کاتێك قوتێکی بەتاڵ یان هەندێ زبڵ دەخەیتە شوێنی تەرخانکراو بۆ کۆکردنەوەی، ئەویش بەپێی سکانێکی ئەلیکترۆنی بۆ کەرستە و زبڵەکان پارەت بۆ دادەنێت و پێت دەدات. ئەو هەنگاوە جگە لەوەی سەرچاوەیەکە بۆ کۆکردنەوەی کەرستە و پاشماوەکانی زبڵ و کەرستەی فڕێدراو، هەروەها ڕێگەیەکی ڕۆشنبیری و هۆشیارییە تا خەڵك کەرستە و زبڵ لە شوێنە گشتییەکاندا فڕێ نەدەن و لە شوێنێکدا کۆی بکەنەوە.



## کاریکاتێر

باس لەو منداڵانە دەکات کە لەگەڵ باوکێکی هەژار و بێ دەرامەتدا دەردەکەوێت و کەچی دڵیشی خۆشە و بە دەستەکانی گوزارشت لە دڵخۆشییەکەی دەکات.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی بیرۆکەیەکی ئاسان بۆ سەرخستنی پاسکیلەکان بەسەر پلیکانەکاندا، هەروەها ئاسانتر بۆ دابەزینیان !

## یاسا



### زەوت کردنی بەڵگەنامە

یەکەم / تەسکەرەو کارتی نیشتیمانی و گرێبەستی هاوسەرگیری و...هتد، چیت هەیە هەمووی بە لەگەڵ خۆت چونکە دواتر مێردەکەت بە ئاسانی ئەو شتانەت پێ ناداتەوە. بۆ وەرگرتنەوەشیان توشی هاتوچۆی دادگاو دائیرەکان دەبیت.

دووەم / ئاڵتون و پارە و مۆبایل و کۆمپیتەر ...هتد، چی هی خۆتە لەگەڵ خۆت بیبە چونکە دواتر ناتداتەوە، ناچار دەبیت دەعوای لەسەر تۆمار بکەیت کە بەڵگەشت نەبوو بەسوێندێك هەموو شت و پارەکانت دەبات.

سێیەم / گەر لێی دایت یان داوای کاری ناڕەوای لێ کردیت یان بوختانی پێکردیت یان هەر کارێکی خراب ئەوە پێش جێهێشتنی ماڵەوە هەوڵ بدە دەنگی تۆمار بکەیت و نامەی لای خۆت بپارێزیت و شاهیدی لەسەر بگریت.

چوارەم/ ئەگەر منداڵت ویست بیبە لەگەڵ خۆت ، چونکە دواتر تا وەری دەگریتەوە کاتێکی زۆری دەوێت. پێنجەم / ئەگەر ئاڵتونە حازریەکەت بۆ مێردت فرۆشتوە ئەوە هەوڵ بدە دوو شاهیدی لێ بگریت کە ڕاستەوخۆ لەخۆت و مێردەکەتەوە ببیستن کە ئاڵتونەکەت بۆی فرۆشتوە،ئەگەرنا دواتر ناتوانی بیسەلمێنیت کە ئاڵتونەکەت داوەتەوە بە مێردت.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

خۆت بە دوور بگرە لە بەرپرسیارییەتی نوێ، چونکە ئەم ماوەیە دەبێت باشتر بیر بکەیتەوە، ژیانی تایبەتیت ڕەنگە لە ئێستادا کەمێك ئاڵۆز بێت، ئەگەر پێویست بوو ڕاوێژ بە کەسێکی ئازیز بکە، پێداگیر مەبە لە بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە ئارەزووت لێیەتی، ڕەنگە باشتر بێت کە بەدەستیان نەهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەردەوام تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبیت، هەموانیش هەست بە توانا و کارەکانت دەکەن، بەڵام ڕەنگە کەسانێك هەوڵ بدەن لاواز بیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەوڵ بدەن زیاتر پێکەوە بن و گفتوگۆ بکەن، تا زیاتر ئاشنای یەکتری بکەن، ئەم ماوەیە پێویستە هەندێك پشوو وەربگریت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێکی باشە بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورە بنێیت بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت چالاکتر دەبێت و ئاسوودە دەبیت، لەم ڕۆژانە پێویست دەکات بڕیارێکی چارەنووسساز بدەیت، بە وریاییەوە بیر بکەرەوە و زوو بڕیار مەدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە بەردەمتدا ئەرك و کارێکی زۆر هەیە، کە پێویستە بە باشی ئامادە بیت بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکەیت و بەرەوپێش بچیت، لەگەڵ هاوڕێکانت بچۆرە دەرەوە و بەشداریی چالاکیی تەنزئامێز بکە، لە پێناو هێوربوونەوەی دەروونت، هەستەکانت مەشارەوە، بە دەربرینی هەستەکانت هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەخۆتەوە هیچ بڕیارێك مەدە، بەڵکو بە وریاییەوە هەوڵ بۆ پرۆژە و چالاکیی نوێ بدە، ئەم ماوەیە کەسێکی نوێ دەناسیت و زۆر لە یەکتری نزیك دەبنەوە، کە ڕەنگە پەیوەندییەکە بگۆڕێت بۆ سۆزداری، گوێ لە قسەی دڵت بگرە و ئەوە ئەنجام بدە کە دڵت دەیەوێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

گۆڕانکاری ڕوو دەدات و ڕووبەڕووی کێشەکان دەوەستیتەوە، ڕاستگۆیی یەکێکە لەو سیفاتانەی وا دەکات سەرنجی هاوبەشی ژیانت ڕابکێشێت، بە وریایی بیر بکەرەوە و دەربارەی گوتنی هەستەکانت ڕاستگۆبە.

بۆ زانیاریت

# چۆن مانگ بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە ؟

شێوەسووڕانەوەی مانگ بەدەوری زەویدا شێوەیە هێلکەییە، بەپێی پێگەی (ئەراجیك) زانایان بەم جۆرە شیی دەکەنەوە کە: لەئەنجامی پێکدادانی تەنێکی گەورە بە قەبارەی مەریخ کە پێش ٤,٦ ملیار ساڵ بەزەویدا کێشاوە، لەدوای ماوەیەکی کورت لە لەدایکبوونی ڕۆژ مانگ درووست بووە، وەئەم سیستەمەی خۆری خۆمان بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی هەورێکی زۆر و لەئەنجامی پێکدادانی بەهێز لەبەردە بەهەڵم بووەکان و وەرگرتنی شوێنێك لەزەویدا بۆخۆی، پاشان هەورەکان سارد بوونەتەوە وەچڕبوونەتەوە تاوای لێهاتووە بوو بە چەند تەنێکی بازنەیی ڕەقی بچووك، کە بە دەوری زەویدا دەسووڕانەوە، دوای ئەوە ئەم تەنانە کۆبوونەوە و پاشان مانگی لێ دروست بووە، مانگ تەنێکی جێگیرە لە سوڕانەوەدا لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا دەسووڕێتەوە، کە سووڕانەوەکەی خۆی تەواو دەکات بەدەوری زەویدا و بینینی مانگ دروست دەبێت. هەر بەپێی ئەو بەشانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت، مرۆڤ توانی ڕۆژژمێری کۆچی دروست بکات کەپێك هاتووە لە ١٢ مانگ، هۆی بینینی (المدوالجزر) لە ئەنجامی ڕاکێشانی مانگ و خولانەوەی بە دەوری زەویدا بووە بە






## پەند و وتە

سوزان کۆڵنز نووسەری ئەمریکی و دەرهێنەری تەلەفیزیۆنی، لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کۆنێکت لە ئەمریکا لەدایکبووە و نووسەری زنجیرە فیلمەکانی (the hunger games)ـە، دەربارەی خۆشی و ناخۆشی دەڵێت: هەندێ جار پێویستە ناخۆشی و ئازار بچێژین، تاوەکو تام لە خۆشی وەربگرین، هەروەها تووشی ژاوەژاویش ببین تا قەدری بێدەنگی بزانین، جار جاریش کەسانێك لێمانەوە دووربن تاوەکو ستایشی هەبوونیان بکەین.

## فیلم

### سەر لەنوێ دەستنیشانکردنەوەی خۆشەویستی
### Squared Love All Over Again




فیلمێکی کۆمێدی و ڕۆمانسییە، باس لە ڕۆژنامەنووسێك دەکات لەگەڵ مامۆستایەکی زانای زەویناسی، پەیوەندییەکی نوێ دادەنێن بۆ ئەوەی سەرپەرشتی پرۆژەیەکی ئاو بکەن، پاشان ڕێگەیەك دەدۆزنەوە تاوەکو ژیان بەیەکەوە ببەنە سەر، فیلمەکە لە مانگی ٢ی ئەمساڵ تەواو بووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی فیلیپ زایلەبێر، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٥١) خولەکە، لە نووسینی ماسیج لیسیکی، لە نواندنی (ئەدریانا چلیبێکا، مۆنیکا کرزۆکواسکا، میکۆلاج ڕۆزنێرسکی، کریستۆڤ سیزیکزۆت، تۆماس کارۆلاك)ـە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵ بدە بەپێی تواناکانی خۆت جۆری کارەکانت هەڵبژێریت، چونکە ئەرکی قورس دەبێتەهۆی ئەوەی سەرکەوتوو نەبیت، کارەکان لە توانای تۆدا نەبێت، ئەم ماوەیە لە تواناتدا هەیە هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەیت کە ڕووبەڕووت دەبنەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ زۆر چالاکتر کاردەکەیت بەراورد بە پێشتر، لە پێناو بەرەوپێشبردنی تواناکانت، ڕەنگە تا ئێستا کەسێکی گونجاوت بۆ ژیانت هەڵنەبژاردبێت، بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ پەیوەندیی سۆزداری، مەرج نییە ئەو بڕیارانەی دەیدەیت ڕاست بن، بۆیە ڕاوێژ بە کەسانی متمانە پێکراو بکە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەلێکی باش هەیە بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجەکانت، بەڵام گرنگە کێشەکانی سۆزدارییت چارەسەر بکەیت و بیر لە داهاتوو بکەیتەوە، ئەو وزە زۆرەی هەتە، هەوڵ بدە لە پێناو کاری باشدا بەکاری بهێنیت تا ئەنجامی باشترت دەستگیر ببێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


گرنگە کاتەکانی کارکردن و ئەرکەکانت ڕێك بخەیتەوە و پرۆژەی نوێ بنیاد بنێن، هەرگیز شەرم مەکە لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ هاوبەشی ژیانت، چونکە ئەو ڕێزت دەگرێت و پێگەی تۆی بەلاوە گرنگە، ئاساییە هەندێك نهێنیی تایبەت بە خۆتت هەبێت، بەڵام ئەگەر پێویست بو لەگەڵ کەسێکی متمانە پێکراو گفتوگۆ بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەنگاوی گەورە دەنێیت بەرەو ئامانجەکانت، بە مەرجێك چارەسەری کێشەکان بکەیت، یارمەتیدانی هاوڕێکانت دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە پەیدا بکەیت، بەڵام دەبێت وریابیت لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکارتنەهێنن، ڕێگامەدە کێشەکان ژیانی تایبەتیت ئاڵۆز بکەن.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەم ماوەیە گرنگە بایەخ بە لایەنی ماددیت بدەیت، چونکە بارودۆخەکە بە پێی خواست و پلانەکانی خۆت بەڕێوە ناچێت، خوێندنەوە سوودی هەیە، بۆ ئەوەی بزانیت چۆن ژیانی سۆزداریت هەڵدەبژێریت، هەر هەنگاوێك کە دەینێیت، کاریگەریی لەسەر چواردەورەکەت دەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
September 4, 2023 Issue,No.1379


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626